دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە: ٤٤٧

یەکشەمە ٣٠ی ڕەزبەری ١٣٨٥

٢٢ی ئوکتۆبری ٢٠٠٦

١٥٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

## جێژنتان پیرۆز

ژمارەی ئەمجارەی "کوردستان"، لەگەڵ تەواوبوونی مانگی ڕەمەزان دا دەگاتە دەستی خوێنەرانو دەست لەنێو دەستی جێژنی ڕەمەزان دا لێیان میوان دەبێ.

بەبۆنەی هاتنی جەژنی ڕەمەزانەوە، لە قووڵایی دڵمانەوە پیرۆزبایی لە موسوڵمانانی کوردستانو ئێران دەکەینو جێژنێکی پڕ لە خۆشییان بۆ بەئاوات دەخوازین.

دەستەی نووسەرانو کارگێڕانی "کوردستان"

# بەشداری لە هەڵبژاردنی شووراکان، یارمەتی بە ڕێژیم لە فریودانی بیروڕای گشتی دایە

"مەجلیسی خیبرەگان"و، چوارەمین "شانۆی هەڵبژاردن" ٢
هەواڵەکانی کوردستان ٣
ئێران بەرەو کوێ دەچێ؟ ٤
ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا سەبارەت بە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێراندا ٥
بابەتێك لەسەر شوراکانی شارو دێ ٨
قەیرانی ژێرخانی ئابووریی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ٩
دێموکراسیو مافی نەتەوایەتی لە ئێراندا ١٠
جینایەتی دڕندانە لە ژێر ناوی پاراستنی "نامووس"دا ١٠
ئامانجو بنەماکانی سەرهەڵدانی فیمینیزم ١١

## کارکردن لەسەر ڕەشنووسی بڕیارنامەی تەحریمکردنی ئێران دەستی پێکرد



دیپلۆماتەکان لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا خەریکی کارکردن لەسەر ڕەشنووسی بڕیارنامەیەکن کە خوازیاری تەحریمکردنی ئێران بەهۆی هەڵنەپەساردنی بەرنامە ناوکییەکانیەوەیە.

هەر ئێستا بەرپرسانی بریتانیایی، فەڕانسەییو ئاڵمانی خەریکی کارکردن لەسەر ئەم بڕیارنامەیەن. ئەم ڕەشنووسە حەوتووی داهاتوو دەدرێتە شووڕای ئەمنییەت.

بەڵام عەلی لاریجانی، دەبیری شووڕای بەرزی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران، وەك کاردانەوە بەرامبەر بەو هەواڵە وێڕای جەختکردن لەسەر ئەوەی کە دەرکردنی هەر جۆرە بڕیارنامەیەك لە دژی ئێران بە زیانی وتووێژەکانە، وتی: "ئەگەر ئورووپاییەکان ملکەچی ئامریکا بن، بارودۆخ بە شێوەیەك ڕیشە دەتەنێ کە ئێران کەمترین زیانو ڕۆژئاوا فرەترین زیان دەبینێ". ناوبراو ئەو هەڕەشەیەی دووپات کردەوە کە ئەگەر تەحریم بخرێتە سەر ئێران، ئەگەری ئەوە هەیە ڕێژیم پشکێنەرانی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی دەرکا. لاریجانی هەروەها وتی دیاریکردنی تەحریمەکان "قەیرانی ناوچە توندتر" دەکا.

سەرچاوە: bbcpersian.com

### دووهەم کۆنگرەی حیزبە سەوزەکانی وڵاتانی ئورووپایی

## پشتیوانیی لە خەباتی گەلی کورد و هێزە دێموکراتیکەکانی ئێران کرد

لە ژێر دروشمی "داهاتوویەکی سەوز بۆ ئورووپا"دا، ڕۆژانی ١١، ١٣، ١٥ی ئوکتوبری ٢٠٠٦ی زایینی دا، حیزبە سەوزەکانی وڵاتانی ئورووپایی، دووهەم کۆنگرەی خۆیان لە شاری ژنێڤی وڵاتی سویس پێك هێنا، لەم کۆنگرەیەدا بێجگە لە ٣١ پارتی سەوز لە ٣١ وڵاتی ئورووپایی، نوێنەرانی چەندین پارتی سەوزی دی لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی دنیاوە بەشدار بوون.

ئەم کۆنگرەیە لە پێوەندی لە گەڵ بارودۆخی مافی مرۆڤ و سەرکوت و کوشتاری کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، بەیاننامەیەکی پەسند کرد. ڕاپۆرتی ئەم کۆنگرەیە و وەرگێڕاوی دەقی بەیاننامەکە هەر لەم ژمارەیەی "کوردستان"دا هەیە.

### ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی

## لەپێوەندی لەگەڵ بەناو هەڵبژاردنەکانی شووراکانی شارو دێو مەجلیسی خیبرەگاندا

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!**

بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی کە تا ئێستا بڵاو بوونەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەر دایە تا لە نیوەی دووهەمی مانگی سەرماوەزی ئەمساڵدا شانۆی هەڵبژاردنەکانی شووراکانی شارو دێ لە سەرانسەری ئێران دووپات بکاتەوەو جارێکی دیکەو بەتایبەت لە هەلومەرجی ئێستای نێوخۆییو دەرەوەیی‌دا بە ڕواڵەت دیاردەیەکی دێموکراتیکی وەك هەڵبژاردن بەڕێوەبەرێو هاوکات نوێنەرانی مەجلیسی خیبرەگان دەستنیشان بکا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەلومەرجێکدا کە لە نێوخۆی وڵاتدا بەهۆی نەداری، بێکاریو پێشێلکرانی مافو ئازادییەکانی خەڵك لەگەڵ نارەزایەتیی بەرچاو بەرەوڕوویەو لە دەرەوەش بەهۆی دەخالەتو دەستێوەردانی لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان، پشتیوانی‌کردنی لە تاقمە تیرۆریستو گرووپە توندڕەوەکانو هەوڵدان بۆ دەستوێڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی لە ژێر فشاری بیروڕای گشتیو وڵاتانی خاوەن نفووز دایە، دەیەوێ شانۆیەکی دیکە لە ژێر ناوی هەڵبژاردنەکانی شوراکانی شارو دێ‌دا وەڕێ بخاو بە هەرجۆرێك بۆی دەست بدا خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان ڕەکێش بکاو وا بنوێنێ کە سەرەڕای ئەم وەزعە کە تێی‌کەوتوە ئێستاش خەڵك پاڵپشتو پشتیوانی ڕێژیمنو بە بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا لە لایەك وەفاداریی خۆیان بۆ ئەم ڕێژیمە دووپات دەکەنەوەو لە لایەکی دیکەشەوە لە ڕێگای ئەمجۆرە هەڵبژاردنانەوە بەشێك لە کاروباری خۆیان بەدەستەوە دەگرنو ئەم شانۆیە بخاتە بەرچاوی بیروڕای گشتیو خۆی پێوە ڕابنێ.

لە کەس شاراوە نیە کە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامیو بەپێی نێوەرۆکی کۆنەپەرستانەو دژی دێموکراتیکی ئەم ڕێژیمە هەڵبژاردنەکان لە شکڵی واقیعیو دێموکراتیکی خۆی‌دا بەڕێوە نەچوونو ئاکامی دڵخوازیان بۆ خەڵك لێ نەکەوتۆتەوە. چونکە ئەو ڕێژیمە خۆی لە سەر بناغەیەکی دێموکراتیك دانەمەزراوەو باوەڕی بە هەڵبژاردنەکان بە مانای واقیعیی خۆیان نیە. نەك هەر لە رادەی هەڵبژاردنەکانی شووراکانی شارو دێ‌دا بەڵکوو لە هەڵبژاردنەکانی شوێندانەرتریشدا ئەو ڕاستی‌یە بەتەواوی دەرکەوتوە.

پێکهاتەی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا لە سەر ئەساسی ویلایەتی فەقیهو بڕیاری تاکەکەسی دامەزراوە کە لە وەها ڕێژیمێکدا خەڵك بێجگە لە فەرمانبردنو لە خزمەت دەسەڵاتدا بوون دەرەتانێکی دیکەیان بۆ نەماوەتەوە تا بتوانن لە چوارچێوەیەکی هەرچەند تەنگو تەسکیشدا لە سەر چارەنووسی خۆیان بڕیار بدەنو گۆشەیەك لە کاروباری خۆیان بە دەستەوە بگرن.

ل ٢

### وەزیری دەرەوەی کۆریای باشوور

## بە سکرتێری نوێی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان هەڵبژێردرا



بان کی مون، وەزیری دەرەوەی کۆریای باشووری، لەلایەن شووڕای ئەمنییەتەوە وەك جێگرەوەی کوفی عەنان، سکرتێری ئێستای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان هەڵبژێردرا.

بڕیارە ماوەی سکرتێریی کوفی عەنان لە ٣١ی دێسامبری ئەمساڵدا کۆتایی پێ بێت.

چاوەڕوانی دەکرێ بان کی مون کە بە زۆرینەی دەنگەکانی ١٥ ئەندامی شووڕای ئەمنییەت هەڵبژێردراوە گرینگی زۆرتر بە بابەتگەلێکی وەك قەیرانی دارفوور، کێشەی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێرانو ریفۆرم لە پێکهاتەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا بدا.

بان کی مونی ٦٢ ساڵە توانی لە ٤ دەنگدانی نافەرمیی شووڕای ئەمنییەت دا ئەو دەنگانەی کە پێویستن بەدەست بێنێ.

شایانی باسە ناوبراو دووهەمین ئاسیایی‌یە کە دەبێتە سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

پێشتر "یوتانت"، خەڵکی وڵاتی بێرمە لە ساڵی ١٩٦١ تا ١٩٧١ سکرتێری گشتیی ئەم ڕێکخراوە بووە.

سەرچاوە: bbcpersian.com

## ئەمریکا ئێرانی بە پشتیوانی لە توندوتیژی لە عێراقدا تاوانبار کرد

ژێنراڵ جۆرج کێیسی، فەرماندەی هێزە ئەمریکایی‌یەکان لە عێراق، لە کونفرانسێکی خەبەری لە پێنتاگون (وەزارەتی دیفاعی ئەمریکا)دا لە واشنگتۆن، گوتی: گومانی تێدا نیە کە ئێران پشتیوانی لە گرووپە توندڕەوەکانی بەستراوە بە خۆی لە عێراقدا دەکا کە هێرش دەبەنە سەر هێزە ئەمریکایی‌یەکان، لەم بارەشەوە هێندێك زانیاریی وردی پێشکەش کرد. کێیسی‌گوتی دڵنیام یەکە نهێنی‌یەکانی هێزە تایبەتی‌یەکانی ئێران، گرووپە توندڕەوەکانی شیعەی عێراق ڕادەهێننو چەكو شارەزاییو کەرستەی تەقاندنەوەیان پێ دەدەن.

فەرماندەری هێزە ئەمریکایی‌یەکان، هێزی قودسی سوپای پاسدارانی وەك بەڕێوەبەری ئەم کارانە ناوبردو پێی لەسەر ئەوە داگرت کە ئەم هێزە، هێزێکی سەربەخۆنیە، بەڵکو لەژێر فەرمانی بەشێك لە حکوومەتی ئێران دایە.

جۆرج کێیسی گوتی گرووپە توندڕەوە عێراقی‌یەکان لەنێو ئێرانو هێندێك جاریش لە لوبنانو لەلایەن گرووپەکانی دیکەی سەر بە ئێران، ڕادەهێنرێن. حیزبوڵای لوبنان یەك لەو گرووپانەیە. فەرماندەری هێزە ئەمریکایی‌یەکان گوتی لە مانگی ژانویەی ڕابردووەوە پشتیوانیی ئێران لەو گرووپانە بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە.

کار بەدەستە ئەمریکایی‌یەکان پێشتریش ئەم تاوانەیان دابووە پاڵ ئێران، بەڵام ئەم قسانەی ژێنراڵ کێیسی، لە هەموان زیاترو تەسەلتر ئەم دەست هەوبوونەی ئێران لە توندوتیژی عێراقدا، شی دەکەنەوە.

## پارلمانی ئورووپا کۆنفڕانسێکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد پێك هێنا



ڕۆژانی دووشەممەو سێشەممە ٢٤و ٢٥ی ڕەزبەر لە پارلمانی ئورووپادا کۆنفڕانسێك لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوەیەکی دێموکراتیك، بەڕێوەچوو.

ئەحمەد تورك، سەرۆکی گشتیی پارتی کۆمەڵگای دێموکراتیك، عووسمان بایدەمیر، سەرۆکی شارەوانیی ئامەد، یوسف ئەڵتاش، سەرۆکی گشتیی مافی مرۆڤ لە تورکیەو ژمارەیەك لە پارلمانتارانی ئورووپاو نوێنەرانی پارتە سیاسیو ڕێکخراوە مەدەنییەکان لەم کۆنفڕانسەدا بەشدار بوون.

جێی باسە لە ماوەی دوو ڕۆژ، کاری کۆنفڕانسەکەدا پرسەکانی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیە، ڕەوشی مافی مرۆڤو بەئەندامبوونی تورکیە لە یەکیەتیی ئورووپادا تاوتوێ کرا.

### جان بوڵتۆن:

## هیوادارم سزادانی کۆریای باکوور، حکوومەتی ئێرانی هێنابێتە سەر ئەو بڕوایە واز لە پیتاندنی ئورانیۆم بێنێ



جان بوڵتۆن، نوێنەری ئامریکا لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا، ڕۆژی یەکشەممە، ١٣٨٥/٧/٢٣، وێڕای ئاماژەکردن بە تەریك کەوتنەوەی جیهانیی کۆریای باکووریو دەرکردنی بڕیارنامەی تەحریمکردنی ئەم وڵاتە لەلایەن شووڕای ئەمنییەتەوە گوتی: هیوادارم سزا نێونەتەوەیی‌یەکان لە دژی کۆریای باکوور حکوومەتی ئێرانی هێنابێتە سەر ئەو ڕێگایە کە دەست لە بەرنامەی گومانـاویی پیتاندنی ئورانیۆم هەڵگرێ.

سەرچاوە: ڕادیۆ فەردا

درێژەی لاپەڕەی ١

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ بەناو هەڵبژاردنەکانی شووراکانی شارو دێ‌و مەجلیسی خیبرەگاندا

تاقیکاریی دوو دەورە لە هەڵبژاردنەکانی پێشووی شارو دێ، دەری‌خستووە کە ئەمجۆرە شوورایانە نە بەشێوەی یاسایی خاوەنی ماف‌و دەسەلاتێکی ئەوتۆن کە بتوانن لە خزمەت خەڵکی شارو گوندەکاندا بن‌و نە بە کردەوەش رێگایان پێ‌دەدرێ لە بەرژەوەندیی خەڵک‌و کاری ئاوەدانیی شارو گوندەکاندا هەنگاو هەڵێننەوە، هەر بۆیەش ئەگەر لە هێندێ شارو گوندیشدا کەسانی خۆشناوو خۆشەویستی خەڵکیش بە دەگمەن رێیان کەوتبێتە ناو ئەو شوورایانە، بە کردەوە بۆیان دەرکەوتووە کە لە ژێر دەسەلاتی رێژیم‌و زەخت‌و چاوەدێری توندی کاربەدەستانی ناوچەیی‌دا ناتوانن سەرچاوەی هیچ خێرو خزمەتێك بۆ خەڵك بن.

ئەگەر تا ئێستا شووراکان ناچار کراون زیاتر لە خزمەت رێژیمدا بن‌و، بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانج‌و بەرنامە دژی‌گەلی‌یەکانی رێژیم لە ناوچەو شارەجۆراوجۆرەکانی ولاتدا کار بکەن، ئەگەر تا ئێستا کەمتر دەرەتانی بیرکردنەوە لە خەڵك‌و هەنگاو هەڵێنانەوە لەپێناو بەرژەوەندی‌یەکانی خەڵك بۆ شووراکان هەبووە، لە داهاتوودا بەتایبەت بە هاتنەسەرکاری مەحموودی ئەحمەدی‌نژادو کابینە نیزامی‌و پۆلیسی‌یەکەی، دەسەلاتیان لەوەش کەمترو فەلسەفەی بوونیان لەوەش کەمرەنگترو بێ‌کەڵکتر بۆ خەڵك دەبێ بەلام شوێندانەرتر بۆ رێژیم دەبێ. هەر لەو بارەوە چاوەڕوان دەکرێ کە لە بێژنگدانی کاندیداکان‌و، رەدی سەلاحی‌یەتی ئەوانەی تا رادەیەك مەیلیان بەلای خەڵك‌و خزمەت کردن بە شارو گوندەکان دایە، توندترو زیاتر بێ‌و دەستنیشان کردن‌و سەر لە سندووق دەرهێنانی مۆرەکان‌و دەست‌و پێوەندەکانی رێژیم ـ بە مەبەستی هەماهەنگ کردنی شووراکان لەگەڵ سیاسەتەکانی رێژیم ـ بەرچاوتر بێ‌و سەرئەنجام ئەم بەناو شوورایانە کە دەبێ لە خزمەت خەڵکدا بن، بە کردەوە لە خزمەت رێژیم‌و لە بەرانبەر خەڵکدا رادەگیرێن‌و، زیاتر لە رابردووش دەکرێنە ئامرازی بردنەپێشی بەرنامەو پیلانەکانی رێژیم، لە شارو گوندەکان دا. لە ئاکامی ئەم وەزعەدا، زۆر لە سیاسەتە دژی گەلی‌یەکانی رێژیم‌و، خۆبواردن لە کاروباری خزمەتگوزاری بۆ خەڵك، دەهاوێژرێتە ئەستۆی ئەم شوورایانەو کەمکاری‌یەکانی رێژیمیان پێ پاساو دەدرێ.

کەوابوو، دەبێ ئەوە لە بەرچاو بێ کە ئەگەر شووراکانی شارو دێ لە رابردوودا بێ‌دەسەلات بوون‌و بە کردەوە رێگایان پێ نەدراوە ـ تەنانەت لە چوارچێوەی تەسك‌و تەنگی ئیختیاراتی شووراکاندا ـ کارێکی ئەوتۆ بۆ خەڵك‌و بۆ شارو گوندەکان بکەن، ئەمجارە بە کردەوە بەرهەڵستیان لە خزمەت کردن بە خەڵك پتر بۆ دروست دەکرێ‌و زیاتر ناچار بە خۆگونجاندن لەگەڵ سیاسەتەکانی رێژیم‌و خزمەت کردن بە کۆماری ئیسلامی دەکرێن. هەربۆیە بەشداری کردن لە وەها بەناو هەڵبژاردنێکدا، جا، چ بۆ خۆکاندیدا کردن‌و، چ بە ئامادە بوون لە سەر سندووقەکانی دەنگدان، دەتوانێ چ خێرێکی بۆ خەڵك‌و، چ خۆشناوی‌و شوێندانەری‌یەکی بۆ کاندیداکان یا دەنگدەران لێ‌بکەوێتەوە؟!

هەر لەو کاتەدا کە ئەم بەناو هەڵبژاردنانە ئاکامێکی باشی بۆ خەڵك لێ‌ناکەوێتەوە، رێژیم هەوڵ دەدا کەڵکی خۆی لە چەند لاوە لێ‌وەربگرێ،

یەکەم: بە راکێشانی خەڵك بە شێوەیەکی بەرین، بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، دەیەوێ رواڵەتێکی وا بخاتە بەرچاوی بیروڕای گشتیی کە گۆیا خەڵك بەتاسەوە بەشداری ئەم هەڵبژاردنانە دەکەن، رێژیم لەم مەسەلەیە وەك هەبوونی پشتیوانیی خەڵك لە خۆی‌و مەشرووعییەتی نیزامەکەی کەڵك وەردەگرێ.

دووهەم: بە بەرنامەو بە جێگیرکردنی مۆرەکان‌و دەست‌و پێوەندەکانی خۆی، لە ناو شوراکاندا کارێك دەکا کە سیاسەت‌و پیلانە دژی‌گەلی‌یەکانی خۆی ـ لە رێگای ئەم شورایانەوە ـ ئەنجام بدا، بەدناوی بۆ شوراکان پێکبێنێ‌و پاکانە بۆ دامودەزگاکانی خۆی بکا.

سێهەم: هەر لە پەنای ئەم بەناو هەڵبژاردنانەی شووراکانی شارو دێ‌دا، بەناو هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی خیبرەگانیش ئەنجام دەدا. ئەم هاوکاتی‌یە زیاتر لەبەر ئەوەیە کە رێژیم دەزانێ، ئەگەر بە جیا هەڵبژاردن بۆ مەجلیسی خیبرەگان، بکا خەڵك زۆر بە بێ‌تەفاوەتی‌یەوە سەیری دەکەن‌و، ئێعتیباری ئەم نوێنەرانەو شەخسی رێبەر پتر دەباتە ژێر پرسیار، با لەوەش گەڕێین کە، هەڵبژاردنەکانی نوێنەرانی مەجلیسی خیبرەگان کە ـ ئەرکی دیاری‌کردنی وەلی فەقیەو چاودێری بە سەر کارەکانی‌دا لە ئەستۆیە ـ هەر بە ئەمرو راسپاردەی وەلی فەقیە دیاری دەکرێن‌و، لە هەمان کاتیشدا هیچ پێوەندی‌یەکی بە بەشێکی بەرچاوی هاونیشتمانانەوە نیە، کە باوەڕیان بە بوونی وەلی فەقیە نیە.

کاتێك هەموو ئەو راستییانە دەکەوێتە بەرچاوو ئاوڕ لە رابردووی ئەمجۆرە شوورایانە دەدرێتەوەو، مەبەستەکانی رێژیم لە بەڕێوەبردنی ئەمجۆرە هەڵبژاردنانە لێکدەدرێتەوە، دەمانهێنێتە سەر ئەو بڕوایە کە بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکانی شووراکان لە شارو لە دێ، جگە لە یارمەتی‌دان بە رێژیم بۆ سەرخستنی پیلان‌و رواڵەتسازیەکان‌و، بە لارێ‌دا بردنی بیروڕای گشتیی جیهانی ئاکامی دیکەی لێ‌ناکەوێتەوە. بەپێچەوانەش خۆبواردن لە بەشداری کردن لەم هەڵبژاردنانەدا دەتوانێ مەبەستی رێژیم‌و پیلانەکانی ناکام بکاو رێگای بەلارێ‌دا بردنی بیروڕای گشتیی لێ بەربەست بکا.

لەم پێوەندی‌یەدا لە هەموو گەلانی ئێران بەگشتی‌و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بەتایبەتی چاوەڕوانیی ئەوە هەیە کە، بە چاوێکی ئاواڵەوە بڕواننە راستی‌یەکان‌و، بە وردبینی‌یەوە سەیری پیلانەکانی رێژیم‌و کەڵکی خراپ وەرگرتنی لە دەنگ‌و ئامادەبوونی ئەوان لە سەر سندووقەکانی دەنگدان بکەن‌و، بە خۆکاندیدنەکردن‌و نەچوون بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، هەم خۆشناوی خۆیان‌و بەرژەوەندی‌یە گشتیی‌و گرینگەکانی خەڵك بپارێزن‌و، هەم رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە گەیشتن بە مەبەستە چەوت‌و پیلانە دژی‌گەلی‌یەکانی، لەگەڵ ناکامی بەرەوڕوو بکەن. بەتایبەت لەو هەلومەرجە ناسکەدا کە کۆماری ئیسلامی، لەگەڵ گەلێك قەیرانی نێوخۆیی‌و دەرەوەیی بەرەوڕوویەو، تێ‌دەکۆشێ لە هەر دەرفەت‌و دەرەتانێك بە قازانجی مانەوەو پاراستنی دەسەلاتی خۆی کەڵك وەربگرێ. با بە هەڵوێستی شیاوو شۆڕشگێڕانە، مەیدانی ئەم شانۆسازی‌یانە لە رێژیم بەرتەنگ بکەین‌و، رێگا نەدەین کە ئەم رێژیمە گاڵتە بە دیاردە دێموکراتیکەکان‌و کەسایەتی ـ یەك یەکی ـ دەنگدەران بکا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەفتەری سیاسی**
**١٣٨٥/٧/٢٣**
**(٢٠٠٤/١٠/١٥)**

# "مەجلیسی خیبرەگان"و، چوارەمین "شانۆی هەڵبژاردن"

**سەلاح مورادی**

**وا بڕیارە چوارەمین خولی هەڵبژاردنی "مەجلیسی خیبرەگان" لە رۆژی ٢٤ی سەرماوەزی ئەمساڵدا بەڕێوە بچێ. هەرچەند لە روانگەی دژبەرانی رێژیم‌و ئازادیخوازانی ئێرانەوە"مەجلیسی خیبرەگان" هەر وەك ئۆرگانەکانی دیکەی بەرواڵەت لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراو، بایەخێکی ئەوتۆی بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە سیستمی دەسەلاتداردا بە قازانجی خەڵك نیە، بەلام وادیارە باڵە جیاجیاکانی نێوخۆیی رێژیم، گرینگی بەم هەڵبژاردنە دەدەن‌و، هەر لە ئێستاوە ململانێ لە نێوان چەند لایەنی سەرەکیی رێژیم دا، واتە، بەناو رێفۆرم خوازان، کۆنەپارێزانی نەریتی‌و "ئوسوولگەرا"کان، بۆ بەدەستەوە گرتنی ئەم مەجلیسە دەستی پێ‌کردوە.**

رێژیمی ئاخوندی کە لەسەر بنەمای سیستمی "ویلایەتی فەقیە" دامەزراوەو، وەك ناو خۆی، بە حکوومەتێکی کۆماری دەناسێنێ‌و ئیددیعای جێبەجێ‌کردنی "دێموکراسی دینی" دەکا، چەند ئۆرگانی ـ کە بەرواڵەت لە لایەن نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکەوە کارەکانیان بەڕێوە دەچێ ـ دامەزراندوە، کە یەکێك لەوانە "مەجلیسی خیبرەگانی رێبەری"یە. مەبەستی ئەم وتارە تیشك خستنەسەر "مەجلیسی خیبرەگان"وئەو شانۆیەیە کە لە رێگایەوە ئەندامەکانی دەستنیشان دەکرێن.

"مەجلیسی خیبرەگان" بە پێی یاسای بنچینەیی رێژیم، لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ دا دامەزرا. هەروەك لە یاسای بنەڕەتی دا هاتوە، ئەرکی دەسنیشان کردن، وەلانانی رێبەر، چاوەدێری کردن بەسەر کردەوەکانی رێبەرو ئۆرگانەکانی ژێر فەرمانی رێبەریدا لە ئەستۆیە. ئەم مەجلیسە لە ٨٦ رۆحانی کە هەرکام بۆ ماوەی ٨ ساڵ ئەندامی دەبن، پێك دێ.

لە رۆژانی ١٣ تا ١٩ی رەزبەری ١٣٨٥دا ناونووس کردنی بەربژارانی خولی چوارەمی بە ناو هەڵبژاردنی "مەجلیسی خیبرەگان" بەڕێوە چوو. نزیکەی ٥٠٠ کەس کە هێشتا روون نیە چەند کەسیان لە فیلتێری " شوورای نیگابان" تێ‌دەپەڕن، بۆ دەستڕاگەیشتن بە یەکێك لە کورسییەکانی ئەم مەجلیسە خۆیان ناونووس کردوە، لە نێوانیان دا کەسایەتیی ناسراوی وەك هاشمی رەفسەنجانی، مێهدیی کەڕووبی‌و مێسباحی یەزدی ـ کە هەرکام سەر بە باڵێکی جیای نێو دەسەلاتن ـ دەبینرێن. (بێگومان، هەر یەك لەمانە خولیای بەدەستەوە گرتنی رێبەریی داهاتووی ولاتیان لەسەر دایە.)

ئەو مەرجانە کە بۆ هەرکام لە بەربژارەکان پێویستن ئەمانەن:

١ـ ناسراو بە: دینداری‌و، باوەڕ پێ‌کراوی‌و لێوەشاوەیی ئەخلاقی.

٢ـ ئیجتیهاد* بەو رادەیەی کە بتوانێ لە هێندێ مەسەلەی شەرعی تێ‌بگاو، ئەو "وەلیی فەقیە"ی کە مەرجەکانی پێویستیی بۆ رێبەری هەیە، دیاریی بکا.

٣ـ تێگەیشتوویی سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و شارەزایی لەسەر مەسەلەکانی رۆژ.

٤ـ باوەڕی بە نیزامی کۆماری ئیسلامی هەبێ.

٥ـ پێشینەی خراپی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی نەبێ.



بەم پێیە تەنیا کەمینەیەکی زۆر بچووك لەو ئاخوندانەی کە خاوەنی مەرجەکانی سەروە بن، دەتوانن ببنە ئەندامی"مەجلیسی خیبرەگان"و، زۆرینەی نزیك بە تەواوی خەڵکی ئێران لەوانە: گشت ژنان‌و، زۆربەی پیاوان بۆیان نیە ببنە ئەندام.

لە لایەکی دیکەوە رادەی "سەلاحییەت"و لێوەشاوەیی ئەو کەسانەی کە دەبنە ئەندامی "مەجلیسی خیبرەگان" دەبێ لە لایەن شوورای نیگابانەوە ـ کە ٦ کەس لە ئەندامانی راستەوخۆ لە لایەن رێبەرەوە دەستنیشان دەکرێن ـ دیاری بکرێ. واتە لەسەرێکەوە، رێبەر دەستی لە دیاریکردنی ئەندامانی ئەو مەجلیسەدایە کە دەبێ لە کردەوەکانی بپرسنەوەو، لە سەرێکی دیکەشەوە شوورای نیگابان ـ کە ئۆرگانێکی ژێردەستی رێبەرەو خوارتر لە "مەجلیسی خیبرەگان"ە ـ ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکا. هەر بۆیە لێرەدا بە کردەوە ئەو دەسەلاتانەی کە بە پێی یاسا دراون بە "مەجلیسی خیبرەگان" لێی دەسێندرێنەوە، چوونکە رێبەرو شوورای نیگابان هیچکات مۆڵەتی چوونە نێو ئەم مەجلیسە بە کەسانێك کە بیانەوێ، لە دەسەلاتی یاسایی خۆیان کەڵك وەربگرن، نادەن.هەروەها لە ماوەی ٢٧ ساڵ تەمەنی ئەم مەجلیسەدا، چ لە سەردەمی رێبەرایەتیی خومەینی‌و، چ ماوەی رێبەریی خامنەیی‌دا، سەرەڕای ئەو هەموو پێشێلکارییە یاسایی‌یە، ئەو جینایەتانەی ئەم دوو رێبەرەو ئۆرگانەکانی ژێردەستیان خولقاندوویانن، نەبینراوە کە هیچ چەشنە لێپرسینەوەو لێکۆڵینەوەیەکیان لە لایەن "مەجلیسی خیبرەگان"وە لێ‌بکرێ.

لەسەر ئەرکی دیاریکردنی رێبەر، لە لایەن ئەم مەجلیسەوە، تا ئێستا یەك جار جێبەجێ کراوە، لە نێو ئاخوندەکان دا ناکۆکی هەیە، بەشێکیان وەك مشکینی، سەرۆکی مەجلیسی خیبرەگان‌و مێسباحی یەزدی لەو بڕوایەدان کە رێبەر جێگری خودا لەسەر زەوییەو، خودا خۆی دیاریی دەکاو، ئەرکی ئەو مەجلیسە تەنیا ئەوەیە کە رێبەری دیاریکراوی خودا بدۆزێتەوەو، دواتر بۆی نیە چاودێری بەسەر کردەوەکانی دا بکا. بەشێکی دیکە لە ئاخوندەکان کە زۆرتر لە بە ناو رێفۆرمخوازەکان پێکهاتوون، دژی ئەم بۆچوونەن‌و، ئەمە بە هەنگاوێك بۆ سڕینەوەی روخساری کۆماری لە نیزام دەزانن.

### ململانێی قۆڵەکانی نێو دەسەلات بۆ بە دەستەوەگرتنی "مەجلیسی خیبرەگان"

ئەحمەد جەننەتی، سەرۆکی شورای نیگابان ـ کە خۆی بۆ چوونە نێو مەجلیسی خیبرەگان کاندیدا کردوە ـ لە لێدوانێکدا راگەیاندووە کە شورای نیگابان ئەرکی چاودێری کردن بەسەر هەڵبژاردن‌و، دیاری کردنی سەلاحییەتی بەربژارەکان، بە شێوەیەکی توندتر جێبەجی دەکا. ئەم لێدوانەی جەننەتی لەگەڵ دژکردەوەی توندی رێفۆرمخوازەکان ـ کە دەیانەوێ پایەگایەك لە مەجلیسی خیبرەگان دا بەدەست بێنن ـ بەرەوڕوو بووو، ئەمەیان بە نیشانەی بەرنامەرێژی بۆ فرتوفێڵ کردن لە هەڵبژاردن دا لە قەڵەم دا. هەروەها قۆڵی "ئوسوولگەرا"کان، (قۆڵی مێسباحی یەزدی‌و ئەحمەدی نەژاد) کە مەجلیسی شوورای ئیسلامییان لەدەست دایە، هەوڵەکانی خۆیان بۆ گرتنە دەستی "مەجلیسی خیبرەگان"یش خستۆتەگەڕو، بەم شێوەیە دەیانەوێ جێ پێی خۆیان لە نێو رێژیم دا قاییمتر بکەن. هەر بۆیە ئەگەریی ئەوە هەیە، قۆڵی رێفۆرمخوازو قۆڵی کۆنەپارێزانی نەریتی، لەبەرامبەریان دا یەك بگرن.

لەسەر خۆکاندیداکردنی ئەحمەدی جەننەتی، پرسیارێك کە دێتە ئاراوە ئەوەیە: بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ناوبراو سەرۆکی شورای نیگابانە، چۆن سەلاحییەتی بۆ بوونە ئەندام لە "مەجلیسی خیبرەگان"دا دیاری دەکرێ؟ بە پێی یاسایەك کە ئاخوندەکان لە هاتنە پێشی دۆخێکی وادا دایان ناوە، ئەو ئاخوندانەی تێگەیشتوویی‌و شارەزاییان، لەمەسەلە شەرعییەکان دا، تا ئێستا لە لایەن خومەینی، یان خامنەیی‌یەوە "تەئیید" کرابێ، پێویست ناکا شوورای نیگابان سەلاحییەتیان دیاری بکا. بێگومان ئەم یاسایە ئەحمەدی جەننەتی، ئاخوندی هەمیشە ملکەچی رێبەر دەگرێتەوەو بەم شێوەیە رێبەر دەستی راستەوخۆ لە دیاریکردنی ئەندامانی ئەو مەجلیسەی کە بە رواڵەت دەبێ لەبەرامبەریان دا وەلامدەر بێ، هەیە.

* دەرهێنانی مەسەلە شەرعییەکان بە بەراورد کردنی قورئان‌و حەدیس‌و هاوڕایی شەرعزانەکان.

## بڕووخێ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# هەواڵەکانی کوردستان

## چالاکیی تەبلیغاتیی ئەندامان و لایەنگرانی نهێنیی حیزب لە نێوخۆی وڵات

شەوی هەینی، ١٣٨٥/٧/١٤، ئەندامانو لایەنگرانی نهێنیی حیزب لە ناوچەی ورمێ لە چالاکییەکی تەبلیغاتیدا لەم شوێنانەی نێوشاری ورمێو ئاواییەکانی دەوروبەریدا وێنەی ڕێبەرانی شەهیدو تراکتی حیزبییان بڵاوکردەوە:

نێوشار: شارەکی ئیسار، ٨ی شەهریوەر، وەکیلی، کوشتارگا، ئیسلام ئاباد، تەرزیلوو، سوپای پاسدارانو جاددەی ورمێ ـ سەڵماس.

ئاواییەکان:

کەهریز، حەمامڵار، قولنجی، گوڵتەپەو ماکوکەند.

## تەقینەوەیەك لە کارخانەی قەندی میاندواوو برینداربوونی ٦٠ کەس

شەوی ٢٠ ڕەزبەر، بەهۆی تەقینەوەی مەخزەنی ئامونیاکی کارخانەی قەندی میاندواو ٦٠ کرێکاری ئەم کارخانەیە بریندار بوون. هەر بەم هۆیەوە بەشێك لە کارخانەکە زەرەرو زیانی بەرکەوتووە.

جێی باسە تا گەیشتنی ئەم هەواڵە هۆکاری تەقینەوەکەو بارودۆخی بریندارەکان روون نەبۆتەوە.

## ٥ کەسی سنەیی هەر یەك بە ٢ ساڵ زیندان مەحکووم کران

لقی دووی دادگای شۆڕشی ئیسلامیی شارستانی سنە ٥ کەسی بە ناوەکانی ئاکۆ حەبیبی، سدیق فەتحی، محەممەد قادری، مەسعوود عەرەبزادەو وەهاب محەممەدی بە تۆمەتی بەشداریکردن لە ڕاپەڕینەکانی هاوینی ساڵی ١٣٨٤دا، هەر یەك بە ٢ ساڵ زیندانی "تەعزیری" مەحکوم کرد.

جێی باسە ئەم حوکمە بەپێی ماددەی ٦١٠ی یاسای سزادانی ئیسلامیو بە تۆمەتی هەنگاونان لە دژی ئەمنییەتی نەتەوەیی لەسەر ناوبراوان دەرکراوە.

## گرتنی ئەندامانی دەستەی نووسەرانی دوو حەوتوونامەی ڕۆژهەڵات

سنە: ڕۆژی ١٨ی ڕەزبەر، هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعات هێرشیان کردە سەر دەفتەری دوو حەوتوونامەی "ڕۆژهەڵات"و پاش پشکنینی کامپیوتێرەکانو بەڵگەکانی نێو دەفتەرەکە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی ڕۆژهەڵاتیان گرت. سامان سلێمانی، سەردەبیری ڕۆژهەڵات، فەرهاد ئەمین پوورو ڕەزا عەلیپوور لە گیراوەکانن. بە ڕواڵەت تۆمەتی هاوکاریکرد لەگەڵ کۆمپانیای "گۆڵدکوێست"یان داوەتە پاڵ ناوبراوان، بەڵام تۆمەتی سەرەکیی ئەندامانی دەستەی نووسەرانی ڕۆژهەڵات نووسینی ئەو بابەتانەیە کە لەبەرچاو نەگرتنی مافەکانی نەتەوەی کوردیان لە چوارپارچەی کوردستان دا لەقاو داوە.

پاش داخستنی چەند بڵاوکراوە لە کوردستان دا، ڕۆژهەڵات تەنیا بڵاوکراوەیەك بوو کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە ڕێژیم کاری دەکرد. پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە حەوتوونامەی کەرەفتوو وەلانانی سەردەبیرەکەیو وەلانانی مودیرمەسئول، سەردەبیرو کادری فەنیی حەوتوونامەی سیروانو ئاڵوگۆڕ لە دەستەی نووسەرانی حەوتوونامەی "پیام کردستان"دا لەلایەن قۆڵی ڕاستی ڕێژیمو بەکرێگیراوانی ئیتلاعاتییەوەو گرتنی ئەندامانی دەستەی نووسەرانی ڕۆژهەڵات نیشاندەری بەرتەسکتربوونی کەشوهەوای سیاسیو سانسۆڕی چاپەمەنییەکان لە کوردستان دان.

## ئازارو ئەزییەت دانی خەڵکی ئاوایی قورمیشی بۆکان لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە

چەند ڕۆژ لەمەوبەر هێزە دژیگەلییەکانی ڕێژیم چوونە نێو ئاوایی قورمیش لە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکانو بە بیانووی ئەوەی کە گوایە پێشمەرگەکان چوونەتە نێو ئەو گوندەو، خەڵکیش پێشوازییان لێیان کردووە، دەستیان کرد بە ئازارو ئەزییەتکردنی خەڵكو تەقەی هەوایی کردن بەسەریان دا. جێی ئاماژەپێکردنە کە بەسیجییە خۆفرۆشەکانیش لەم کردەوە دژیگەلییانەدا دەوری بەرچاویان گێڕاوە.

## لە شاری سەردەشت دەست بەسەر دەیان دەزگا ماهوارە دا گیرا

لە ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە، ١٣٨٥/٧/١٨ تا ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە، ١٣٨٥/٧/١٩ هێزە ئەمنییەتیو ئینتیزامییەکانی ڕێژیم لە شاری سەردەشت دا بە مەبەستی کۆکردنەوەی دەزگاماهوارەییەکان، ماڵی خەڵکیان پشکنیو بەپێی هەواڵەکان لەم ماوەیەدا دەستیان بەسەر دەیان دەزگا ماهوارەدا گرتوە.

## هێرشی هێزەکانی ڕێژیمو، گیرانی نزیکەی ٤٠ لاو

لە هێرشی چەند حەوتووی ڕابردووی هێزەکانی ڕێژیم دا لە شارەکانی سنە، سەقز، کامیاران، دیواندەرەو دێگوڵان دا بۆ سەر ماڵی خەڵك، نزیکەی ٤٠ کەس لە لاوان بە شێوەی نایاسایی گیرانو دەس بەسەرکران. لەم هێرشەدا هێزەکانی ڕێژیم ماڵو وشوێنی کاری گیراوەکانیان پشکنیوە. شایانی باسە بەشێك لەم کەسانە، بە تۆمەتی پێوەندی لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دا گیراون.

ناوی چەند کەس لە گیراوەکان بریتین لە:

١ـ ئێقباڵ جەوانمەردی، خەڵکی جوامیراوا ـ ڕێکەوتی گیران: ١٣٨٥/٧/١٣

٢ـ ئەسعەد خانی، خەڵکی دێگوڵان ـ ڕێکەوتی گیران، ١٣٨٥/٧/٧

٣ـ کورش ڕەنجبەر، دانیشتووی دێگوڵان، مامۆستای قوتابخانەی گوندی کانیپان

٤ـ خاتوو سوورەیا قاسمی، دانیشتووی دێگوڵان

٥ـ واحد غەریبی

جێی باسە تا ئێستا شوێنی دەستبەسەرکراوەکان روون نەبۆتەوەو بنەماڵەکانیان لە بارودۆخی ناروونو ئەشکەنجەدانیان، زۆر نیگەرانن. هەروەها هێندێ لەم کەسانە لە کاتی گیران دا بە توندی ئەشکەنجە دراونو پاش پشکنینی شوێنی کارەکەیان، دەست بەسەر شتومەکەکانیان ـ لەوانە کەیسی کامپیوتێر ـ دا گیراوە.

## عوسمان بایدەمیر داوا دەکات بەشێکی داهاتی بیرە نەوتییەکانی شاری باتمان بدرێت بە کوردەکان

"عوسمان بایدەمیر" سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر داوا دەکات حکومەتی ئانکارا بەشێکی تایبەت لەداهاتی بیرە نەوتییەکانی شاری باتمان و سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان بداتەوە بە کوردەکان. لەلێدوانێکدا لە کۆنفڕانسی نێودەوڵەتی سەبارەت بەمەسەلەی کورد لە پارلمانی ئورووپا بایدەمیر ئاماژەی بەوەکرد کە پێویستە پارێزگاو شارەوانی لە ناوچە کوردنشینەکاندا، بکرێن بەیەك و، سیستەمێکی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دروست بکرێو حکومەتی ئانکاراش سنووری دەسەڵاتەکانی بەرێوەبەرایەتیی هەرێمی فراوانتر بکا. بایدەمیر داواشی کرد لە ڕێگەی سەرمایەگوزاریو هاندانی سەرمایەدارانەوە هەوڵی ئەوەبدرێ جیاوازی ئابووری نێوان هەرێمەکان نەمێنێ.

**سەرچاوە: ڕادیۆ نەوا**

## هەواڵنێرانی ڕێکخراوی RMMK

### پۆلیسی تورکیە هەڕەشەی کوشتنی لە دوو پەناخوازی کورد کرد

دوو پەناخوازی کورد بە ناوەکانی "هێمن مەحموودی"و "پژمان پیران" لەلایەن پۆلیسی تورکیەوە لە شاری وان دا کەوتنە بەر کوتانو لێدانو، پاشان هەڕەشەی ئەوەیان لێکرا ئەگەر لەگەڵ پۆلیسی تورکیەدا هاوکاری نەکەن، بەرەوڕووی مەترسیی مەرگ دەبنەوە. شایانی وتنە پەناخوازانی کوردو ئێرانی لە شاری وانی تورکیەدا هەمیشە هەڕەشەو، تەنانەت کوتانو لێدانی پۆلیسی ئەمنییەتیی تورکیەیان لەسەرەو کومیسارییای پەناخوازانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ناتوانێ ئاسایشی پەناخوازان دابین بکا.

### دەست بەسەر تەواوی "ئەموالی" ڕۆئیا تلووعیدا گیرا

سنە: سەرجەم ئەموالی خاتوو ڕۆئیا تلووعی ـ لەوانە تاقیگەی پزیشکیی ناوبراوو هاوسەرەکەی، بەپێی ڕاگەیاندنی ستادی جێبەجێکردنی فەرمانی خومەینی لە کوردستانو کرماشانو بە پشتبەستن بە بڕیاری دەرکراو لەلایەن دادگای تایبەتیی ئەسڵی ٤٩ی یاسای بنەڕەتی لە کوردستان دا ـ دەستی بەسەر داگیراو، مەعامەلەکردنی یاساغ کرا.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە خاتوو ڕۆئیا تلووعی لە چالاکانی کوردو داکۆکیکەرانی مافی ژنانە کە بە ڕواڵەت بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ وەڕێخستنی جووڵانەوەی فێمێنیستی، وەك دژبەری ڕێژیم ناسراوەو، دادگای تایبەتیی ئەسڵی ٤٩ی یاسای بنەڕەتی بڕیاری دەست بەسەر داگرتنو زەوتکردنی ئەموالی ناوبراوی دەرکردوە.

### بەهۆی بڵاوکردنەوەی کتێبێك لەسەر کورد، ٤ کەس لە تورکیە دادگایی کران

بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی پەیامنێر، ڕۆژی سێ شەممە، ١٣٨٥/٧/٢٥، بەهۆی بڵاوکردنەوەی کتێبێکی نوام چامسکی، بیرمەندی ئامریکایی لەسەر کێشەی کورد لە تورکیە، وەرگێڕو، دەزگای بڵاوکەرەوەی ئەم کتێبە، بەتۆمەتی ئەوەی کە گوایە کتێبەکە ناسنامەی تورکی ناشیرین کرد وە، لەلایەن ڕێژیمی تورکیەوە دادگاییکرانو، بۆ چوار کەس کە لەلایەن دادگاوە بەتاوانبار ناسێندراون، بۆ هەر یەك ٦ ساڵ زیندان بڕایەوە.

شایانی باسە کتێبی "سازکردنی ڕای گشتی: سیاسەتی ئابووری بۆ هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی ئامریکایی" لەلایەن نوام چامسکیو ئیدوارد هێرمانەوە نووسراوەو باس لە هەڵسوکەوتی ڕێژیمی تورکیە لەتەك کوردەکانی تورکیە بە گشتیو تێکهەڵچوونی نێوان pkk و ڕێژیمی تورکی بە تایبەتی دەکا.

## دوکتور کەماڵ کەرکووکی: تورکیە هێزی گۆڕینی ناسنامەی کوردیی کەرکوکی نیە

بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی پەیامنێر دوکتور کەماڵ کەرکوکی، جێگری سەرۆکی پارلمانی کوردستانو سەرۆکی کۆمیسیۆنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ لە دیمانەیەك دا لەتەك ماڵپەڕی "نەفەل" ڕایگەیاند، تورکیە هێزی ئەوەی نیە دەست بەسەر کەرکوك دا بگرێو ئەم وڵاتە هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ شاری کەرکوك دا نیەو شاری کەرکوکیش بەلای کوردەوە هێڵی سوورە. بەڕێز کەماڵ کەرکوکی بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایە گوتی بەڵگەی سەردەمی ئیمپراتوری عووسمانیو ئیمپراتوری بریتانیا هەیەو بەڵگەکان ئامادەن. ناوبراو بە جەختکردن لەسەر ئەوەی کە کورد ڕێگای یاسایی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك هەڵبژاردوە وتی بە پێی ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراق دەبێ تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی بارودۆخی کەرکوك ئاسایی بکرێتەوەو خەڵکی کەرکوك دەبێ خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی کەرکوك بدەن.

هەروەها دوکتور کەماڵ کەرکوکی لەسەر دەوری تێکدەرانەی بەرەی تورکمانی لە کەرکوك گرووپێکی بچووکنو دژی جێبەجێکردنی بڕیاری ١٤٠نو هەروەها ئامانجو مەبەستیان ئەوەیە لە ناوچەکەدا کێشە ساز بکەنو ئەم بەرەیە لە بەرژەوەندیی تورکمانەکاندا کارناکا.

## کۆچی دوایی ئەندامێکی لەمێژینە و تێکۆشەری حیزب لە شاری بانە

کاتژمێر ١٢ی شەوی ١٣٨٥/٧/٢٢، کاك حەبیب مسگەری، ئەندامی دێرینو تێکۆشەری حیزب، بەهۆی نەخۆشییەوە لە شاری بانەدا کۆچی دوایی کرد.

کاك حەبیب لە ساڵی ١٣٢٢دا دەبێتە لایەنگری کۆمەڵەی "ژ ـ ك"و لە ساڵی ١٣٢٤دا وەك ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەست بە چالاکی دەکا. لە ساڵی ١٣٤٢دا دەبێتە ئەندامی کومیتەی نهێنیی شارستانی بانەو تا ڕووخانی ڕێژیمی شا چەند جار دەگیرێو بەند دەکرێ. کاك حەبیب لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧دا لەگەڵ کوڕەکانی بەشداریی چالاکانە دەکاو هەروەها لە شەڕی سێمانگەدا خۆیو دوو کوڕەکەی وەك پێشمەرگەی حیزب بەشداری دەکەنو دواتر وەك کادری گومرك لە ناوچەی ئاربابادا درێژە بە خەبات دەداو کوڕەکانیشی بەناوەکانی کاك سەلاحو کاك هاشم مسگەری لە لکی ١ی هێزی شەهیدانی وێردیدا تێکۆشانی خۆیان لە دژی ڕێژیمی ئاخوندی درێژە پێدەدەن. کاك حەبیب لە ساڵی ١٣٦٥دا بە ئاگاداریی کومیتەی شارستانی بانە دوای شەهیدبوونی کاك سەلاحی کوڕی دەچێتەوە بانە.

کاك حەبیب جیا لە بڕوای قووڵی بە بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد، هەمیشە بە ئامانجەکانی حیزب وەفادار بووەو لەم پێناوەدا هەموو کات هاندەری بنەماڵەو خزمو دۆستانی بووە. هەروەها دوو کوڕی دیکەشی وەك ئەندامی حیزب، لە ڕێگای ئازادیو ڕزگاریی کوردستان دا شەهیدبوون.

تەرمی کاك حەبیب ڕۆژی یەکشەممە، ٢٣ی ڕەزبەر بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بانە لە گۆڕستانی سلێمان بەگ دا بە خاك سپێردرا.

بەم بۆنەوە پرسەو سەرەخۆشیی خۆمان بە بنەماڵەو کەسو کاری کاك حەبیب مسگەری ڕادەگەیەنینو خۆمان لە خەمو پەژارەیان دا بە بەشدار دەزانین. ڕۆحی شادو ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی پڕ ڕێبوار بێ.

## کۆچی دوایی ئەندامێکی تێکۆشەری حیزب لە پیرانشار

ڕێکەوتی ١٤ی ڕەزبەری ١٣٨٥، مام ڕەشید پوور سەعید، ئەندامی لەمێژینەی حیزبو خەڵکی گوندی گەبڵەسەن لە ناوچەی پیرانی پیرانشار لە تەمەنی ٧٩ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. مام ڕەشید باوکی دوو شەهیدی سەربەرزی حیزبی دێموکرات بوو.

ناوبراو لە ساڵەکانی ٤٧ـ ٤٦دا دەوری بەرچاوی لە یارمەتیدانی پێشمەرگەکانی حیزبو حەشاردانو ڕێنوێنی کردنودەربازکردنیان لە داوی ڕێژیمی پاشایەتی گێڕا.

مام ڕەشید پاش ڕووخانی ڕێژیمی شاو ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرا لەلایەن حیزبەوە، بە ورەو هێزێکی زیاترەوە درێژەی بە خەبات داو هاوکات دوو کوڕی بوونە پێشمەرگەو لە هێزی ئاوارەی پێشوو (قەندیل)دا دەستیان بە خەبات کرد. لە ساڵی ١٣٦٠ لە شەڕی گەبڵەسەن دا زڵەخان، خێزانی مام ڕەشید شەهیدو کچەکەشی کە نانو پێداویستی دەگەیاندە پێشمەرگەکان بە توندی بریندار بوو. ساڵی ١٣٦٩ کوڕێکی بەناوی مەلابراییم پوور سەعید لە شەڕی بەناوبانگی نوبار لە ناوچەی بۆکان دا شەهید بوو. هەروەها کوڕێکی دیکەی بەناوی تەها ساڵی ١٣٧٥ لە پیلانێکی تیرۆریستیدا شەهید کرا.

شایانی باسە سەرجەم ئەم ئازارانە چۆکیان بە مام ڕەشید دانەداو هەمیشە بە ورەیەکی پۆڵایینەوە هیوای بە سەرکەوتن هەبوو. هەر بۆیە لەگەڵ کرانەوەی تلۆیزیۆنی تیشك دا پێوەندی گرتو گوتی: "ئۆخەی نەمردمو چاوم بە تەلەفزیۆنی تیشك کەوتو وێنەی ڕێبەرانو سەرکردەکانم لەسەر شاشەی تیشك بینی..."

بەم بۆنەوە پرسەو سەرەخۆشیی خۆمان بە بنەماڵەو کەسوکاری مام ڕەشید ڕادەگەیەنینو خۆمان لە خەمو پەژارەیان دا بە بەشدار دەزانین.

ڕۆحی شادو ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی پڕڕێبوار بێ.

# ئێران بەرەو کوێ دەچێ؟

عەباس ئەحمەدی

## وادیارە کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی، تەنیا ڕێگای مانەوەی خۆیان لەوە دیوەتەوە کە دەستیان بە چەکی ناوکی بگات

چاوەڕوان دەکرێ کە ئێران لە ماوەی یەك مانگی داهاتووی هەتاویدا, دوو ڕووداوی گرنگ لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەکیدا بە خۆیەوە ببینێ, کە ڕەنگە تا ڕادەیەکی زۆر کار بکەنە سەر داهاتووی سیاسیی ئێران و ئاراستەکەی دەستنیشان بکەن. بۆیە لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەین تیشك بخەینە سەر ئەم دوو بابەتە:

### ئاستی نێوخۆیی

پێش لە دووی جۆرزەدانی ١٣٧٦ سەرەکیترین ستادی هاوتەریب کردنی جەناحی ڕاست (ستاد هماهنگی جناح راست) لە ژێر ناوی "جامعه روحانیت مبارز و تشکلهای همسو"دا تێکۆشانی هەبوو. بە دوای دوو شکستی جەناحی ڕاست لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری (١٣٧٦)و مەجلیسی شەشەمدا (١٣٧٨) لایەنەکانی بەشدار لەو ڕەوتە, هەوڵەکانی خۆیان بە شێوەی ئارام بۆ یەکخستنی هێزەکانیان, دەست پێ‌کرد بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی یەکگرتوو لە هەڵبژاردنەکان داهاتودا بەشداری بکەن. ئەگەری سەرکەوتنی ئەو هەوڵانە بە سەرنجدان بەوەی کە چاکسازیخوازەکان بەڵێنەکانی خۆیان جێبەجێ نەکرد بوو و نارزایەتیی خەڵك لەو باڵە زۆر پەرەی گرتبوو و بەشێکی کەمی خەڵك لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدارییان دەکرد زیاتر بوو, ئەگەری سەرکەوتنی پەرەی سەند. ئەم هێزانە تێکۆشانی خۆیان لە ژێر ناوی "شورای هماهنگی نیروهای انقلاب"دا بە سەرۆکایەتیی "ناطق نووری" دەست پێ‌کرد, بەو جیاوازییەی کە ئەمجارە هێندێ لایەنی تازە کە لە لایەن هێزە نیزامییەکانەوە پشتیوانییان لێ‌دەکرا, چوونە نێو ئەو ڕەوتەوە کە سەرەکیترینیان " ائتلاف آبادگران انقلاب اسلامی"و "جمعیت ایثارگران" بوون.

ژووری هاوتەریب کردنی جەناحی ڕاست لە ١٣ گرووپ و حیزبی سیاسی پێك هاتوە کە لەو نێوەدا دەکرێ ئاماژە بە "حزب موتلفه اسلامی", "جامعه مهندسین اسلامی", "جامعه مدرسین حوزه", "جامعه روحانیت مبارز", جمعیت ایثارگران, "جامعه اسلامی دانشجویان"و "بسیجی دانشجوی"و "آبادگران ایران اسلامی" بکەین. پێکهاتەی ئەم ڕەوتە بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەش دەکرێ. بەشی یەکەم کە لە سەر تەوەری "حزب موتلفه اسلامی" دەسووڕێ بە "ڕاستی سوننەتی" ناسراوەو بەشی دووهەم کە لە سەر تەوەری "جمعیت ایثارگران انقلاب اسلامی" دەخولێتەوە بە "وچەی دووهەمی شۆڕش", "اصولگرایان", "ڕاستی نوێ" یان "بەرەی دووهەمی شۆڕش" دەناسرێن. "اصول گرایان" کە هێزە نیزامی و ئەمنییەتییەکان وەکوو سوپای پاسدارن پشتگیریان دەکەن توانیان لە ساڵی ١٣٨١ لە ژێر ناوی "آبادگران"دا یەکەم سەرکەوتن بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن و هەر ١٥ نوێنەری شارەداریی تاران وەدەست بێنن و بە بێ‌دەنگی مەحمود ئەحمەدی نەژاد بکەن بە شارەداری تاران و پاشان لە خولی حەوتەمی هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا بەشێکی زۆر لە کورسییەکانی پەرلەمان بخەنە ژێر ڕکیفی خۆیانەوە.

کێشە لە نێوان باڵەکانی ستادی هاوتەریب کردنی جەناحی ڕاست هەر لە سەرەتای دامەزرانەوە هەبووەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەی سەندوە بە چەشنێك کە لە کاتی هەڵبژاردنەکانی پارلمانی حەوتەمدا بناژۆخووازان (اصول گرایان) پشتیوانییان لە دوو ئەندامی سەرەکیی "موتلفه" واتە حەبیبوڵلا عەسکەر ئەولادی و ئەسەدوڵلا بادامچیان نەکردو ئەمەش بوو بە جێگای گازندەی زۆری "موتلفه". لەگەڵ نزیك بوونەوەی هەڵبژاردنی خولی نۆهەمی سەرکۆماری لە نێو لایەنەکانی بەشدار لە ستادی هاوتەریب کردنی جەناحی ڕاستدا پێنج کەس بۆ کاندیدا بوون، لە لایەن ئەم هێزەوە زەق کرانەوە، کە بریتی بوون لە: عەلی لاریجانی, عەلی ئەکبەر ویلایەتی, موحسین ڕەزایی, مەحمود ئەحمەدی نەژاد و ئەحمەدی تەوەکلی. پاش چەندین جار باس و کۆبوونەوە لایەنەکانی بەشدار لەم ڕەوتە نەیان توانی لە سەر کاندیدێکی هاوبەش ساغ ببنەوە. بۆیە لە لایەنەکانی بەشدار لەو ڕەوتەدا چەندین کەس خۆیان کاندیدا کرد کە لە ئاکامدا ئەحمەدی نەژاد, ئەندامی کومیتەی ناوەندیی "جمعیت ایثارگران" بوو بە سەرکۆمار. بەم شێوە ئیستا تەیفی ناسراو بە بناژۆخوازان بە کردەوە شووراکانی شار, مەجلیس و سەرکۆمارییان لە دەست دایە.

ئەم هێزی (بناژۆخوازان) پاش ئەوەی کە بە پشتیوانیی هێزە نیزامییەکان, بە تایبەتی سوپای پاسداران, توانیی لە سێ هەڵبژاردنی شووراکانی شار, دەوری حەوتەمی مەجلیسی شورای ئیسلامی و دەوری نۆیەمی سەرکۆماری سەرکەوتن بە دەست بێنێ, ئیستا بە کردەوە بە شێکی زۆر لە مۆرە نیزامییەکانی خۆی لە دەزگاکانی بەرێوەبەری و یاسادانانی دەوڵەتدا جێگیر کردوە, بە چەشنێك کە دەکرێ بە کودیتایەکی خشکەیی لەلایەن سوپاوە ناوزەدی بکرێ.

ئێستا ئەم هێزە خۆی بۆ هەڵبژاردنی مەجلیسی خێبرەگان ئامادە دەکا و لە هەوڵێ ئەوە دایە کە دەست بە سەر ئەم ئۆرگانەشدا بگرێ کە خاوەنی دەسەڵاتێکی زۆرەو، ئەگەر سەرکەوتن بە دەست بێنێ, بە سەرنجدان بە بیرۆکەکانی ئەم گرووپە (لە بەرنامەی دەوڵەتی نۆیەمدا، کە لە گەلاوێژی ١٣٨٤دا لە لایەن "دبیرخانەی شورای اطلاع رسانی دولت"ەوە بلاوکراوەتەوە، هاتووە: "شوێن پێ‌هەڵگرتنی ڕایلکەکانی هێزەکانی دژی شۆڕش، لە نێو دامودەزگا ئابووری, فەرهەنگی, سیاسی, کۆمەڵایەتی و... و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر پلانەکانی ئەوان و گرتنە بەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ بەرەنگار بوونەوەیان و ڕانانی هەندێ پلانی کاریگەر بۆ کۆنترۆڵکردنی چالاکیە سیخوڕیەکان, پێکهێنانی تەنایی لە کۆمەڵدا و سەرکوتی توندی ئاژاوەگێڕان")و ڕابردووی دەسەڵاتداریی ئەم گرووپە کە لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی خۆیدا هەر دەنگێکی ناڕازیی بە توندی سەرکوت کردوە (سەرکوتی توندو بێ‌بەزەیی‌یانەی ڕاپەڕینەکانی کوردستان و ئازەربایجان, هەروەها داخستنی ژمارەیەکی یەکجار زۆر بلاوکراوە), ئەوە دەبێ چاوەڕوانی سەرکوتی توندتری ئازادیخوازەکان بین و بەروە سیستەمێکی تەواو مەزهەبی, لەسەر بنەماکانی دڵخوازی ئەم تاقمە, کە هێندێ لە چاودێران پێیان وایە سەر بە ئەنجومەنی حوججەتیەن (انجمن حجتیه), بڕۆین.

### ئاستی دەرەکی

وادیارە کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی, تەنیا ڕێگای مانەوەی خۆیان لەوە دیوەتەوە کە دەستیان بە چەکی ناوکی بگات.

ڕێبەرانی ئێستا کۆماری ئیسلامی, سێ قۆناغ بۆ دیپلۆماسی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتداری ئەم ڕێژیمەدا دەست نیشان دەکەن: قۆناغی یەکەم کاتێك بوو کە ڕێژیم تازە هاتبوە سەر کارو دەیهەویست شۆڕش بنێرێتە دەرەوە, قۆناغی دووهەم کە دوای شەڕی ئێران و عێراق دەستی پێ‌کرد, بریتی بوو لە سیاسەتێك کە دەیهەویست بە جیهان بسەلمێنێ کە کۆماری ئیسلامی ئاژاوەچی, تیرۆریست و ... نیە, بۆیە لە بەرامبەر ڕۆژئاوادا سیاسەتی بەرگریکارانە و پاشەکشەی دەست پێ‌کرد, هەرچی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی زیاتر پاشەکشەیان دەکرد ڕۆژئاوا (ئوورووپا و ئەمریکا) خواستی زیاتری دەهێنایە گۆڕێ, ئەمەش دژی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی بوو. گرووپی ئۆسولگەرا بە توندی ڕەخنە لە قۆناغی دووهەم دەگرێ و پێیان وایە کە ئەوان دەبێ ڕێژیمە سیاسەتێکی "هێرشبەرانە" بگرێتە پێش.

بۆ بەرەو پێش بردنی سیاسەتەکانیان دەیانەوێ کە لە کێشەکانی ناو سیستەمی جیهانی بۆ مەبەستەکانی خۆیان کەڵك وەرگرن و لەو پێوەندییەدا لە بەرنامەی ئەحمەدی نەژاددا هاتوە:(٨-٢-١٧) بەهێزکردنی ستراتژی چەند لایەنەگەرایی (چند جانبەگرایی) لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا و بەربەرەکانی لەگەڵ یەك لایەنە گەرایی لە مەیدانی نێونەتەوەیی‌دا", هەر لەو پێوەندییەشدا خوازیاری سەرهەڵدانی سیستەمێکی چەند جەمسەری لە ئاستی جیهانی‌دان کە یەکێك لەو جەمسەرانە جەمسەری ئیسلامییەو هەر لەو بەرنامەدا هاتوە: "٨-٢-٤) هاریکاری لەگەڵ وڵاتە ئیسلامییەکان لە پێناوی دامەزراندنی جەمسەری جیهانی ئیسلام, لە سیستەمی چەند جەمسەری داهاتودا".

بە مەبەستی کەڵك وەرگرتن لە جیاوازیی بەرژەوەندییەکانی نێو هێزەکانی سیستەمی جیهانی دەبینین کە زۆربەی دانوستانەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ چین و ڕوسیە دایەو خۆی لە تەوەری چین و ڕووسیەدا دەبینێتەوە.

بۆ دروست کردنی جەمسەرێکی ئیسلامی‌دا کۆماری ئیسلامی, هەوڵی داوە کە ئیسلامییەکان وەکو فاکتەرێکی گوشار بەکار بێنێ, واتە ئەگەر بە هۆی پێوەندییەکی نزیك کە وڵاتانی ئیسلامی و بەتایبەت عەرەبی - ئیسلامی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکا هەیانە ناکرێ, جەمسەرێکی ئیسلامی لە وڵاتە ئیسلامییەکان پێك بێ؛ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی ئەوەدان کە لە لایەکەوە گرووپە ئیسلامییەکان وەکو کارتی گوشار دژی ڕۆژئاوا بەکار بێنن و، وەکو جەمسەرێکی نادیار(جەمسەری تیرۆر) عەمەل بکەن و لە لایەکی دیکەوە بە زەق کردنەوەو یارمەتی کردن بەو گرووپانە دیوارێکی تیرۆریستی بە دەوری ئێراندا (لە نێو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە) بکێشن.

بەڵام فاکتەرە جیهانی و ناوچەیی‌یەکان لە دوو مانگی ڕابردوودا, چەندین گۆڕانی بەسەردا هاتووە کە دەکرێ بەم شێوەیە هێمایان بۆ بکەین:

١ـ کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە تا کەوانی شیعە ـ لە باشووری لوبنانەوە تا دەگاتە سوریە و عێراق و ئەفغانستان و بەشێك لە پاکستان و قەتەرـ ئەکتیڤ بکاو، بەم شێوەیە ناوچەکە بە تەواوی ئالۆز بکا و کارێکی وەها بکا کە ناوچەکە توانای هەڵگرتنی قەیرانێکی دیکە لە چەشنی گەمارۆی ئێران یان هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێرانی نەبێ, بەڵام وەڵامدانەوەی توندی ئیسرائیل بە دەستڕێژیی حیزبوڵلا بۆ سەر ئاسایشی ئەم وڵاتە, وای کرد کە حیزبوڵلای لوبنان, بە پاشەکشەپێکردنی لە سنوورەکانی ئیسرائیل بەشێکی زۆر لە کاریگەرییەکانی خۆی لەم کەوانەدا دەست بدا. هەروەها لەم ماوەیەدا, سووریە هێندێ هەنگاوی, هەر چەند سەرەتایشی, بەرەوە ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا و تەنانەت ئیسرائیل هەڵ ێناوەو تەنانەت ئامادەیی خۆی بۆ وتوێژ لەگەڵ ئیسرائیل ڕاگەیاندوە, هەر لەو پێوەندییەدا لە مێژە ڕێبەرانی هێندێ وڵاتی عەرەبی لە هەوڵی ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی سووریە و ڕۆژئاوان. بەم شێوەیە ئەم کەوانە بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز بووەو ڕەنگە لەمەش لاوازتر بێت.

٢ـ پاش تێپەڕ بوونی زیاتر لە یەك مانگ و نیو, لە وەڵامنەدانەوەی پێویستی ئێران بە بڕیارنامەی ١٦٩٦ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەکگرتوەکان, چین و ڕووسیە لەوە زیاتر ناتوانن لە بەرانبەر خواستەکانی ئەمریکا و ئۆرووپادا, پشتوانی لە ئێران بکەن.

٣ـ تاقیکردنەوەی ناوکیی کوریای باکووری, هەڵویستی چین و ڕووسیە بۆ پشتیوانی کردن لە کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ئەمریکاو ئوورووپادا لاوازتر دەکاو ١+٥یش هان دەدا کە بۆ پێشگیری لە تاقیکردنەوەیەکی دیکەی ناوکی, ئەمجارە لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە, لێبڕاوانە هەنگاو هەڵ گرن.

لە ئاکامی ئەم ڕووداوانەدا ئێستا پاش ئەوەی کە لە ڕێکەوتی ١٣٨٥/٧/١٩دا وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ١+٥ لە دانیشتێکدا مەسەلەی گەمارۆی کۆماری ئیسلامییان تاوتوێ کردو داوایان لە نوێنەرانی خۆیان لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان کرد کە کار لەسەر بڕیارنامەیەك بکەن بە مەبەستی گەمارۆی کۆماری ئیسلامی و یەکیەتی ئۆرووپاش بە فەرمی لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی خۆیدا, دانی بە شکستی وتووێژەکاندا هێنا. بەم پێیە چاوەڕوان دەکرێ کە لە ماوەیەکی کورتدا فازی یەکەمی گەمارۆکان بە سەر کۆماری ئیسلامیدا بسەپێ و ئێران هەرچی زیاتر لە ئاستی جیهانیدا گۆشەگیر بێ.



**کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی ئەوەدایە کە لە لایەکەوە گرووپە ئیسلامییەکان وەکو کارتی گوشار دژی ڕۆژئاوا بەکار بێنن و، وەکو جەمسەرێکی نادیار( جەمسەری تیرۆر) عەمەل بکەن و لە لایەکی دیکەوە بە زەق کردنەوەو یارمەتی کردن بەو گرووپانە دیوارێکی تیرۆریستی بە دەوری ئێران ( لە نێو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە )دا بکێشن**

**تاقیکردنەوەی ناوکیی کوریای باکووری، هەڵویستی چین و ڕووسیە بۆ پشتیوانی کردن لە کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ئەمریکاو ئوورووپادا لاوازتر دەکاو ١+٥یش هان دەدا کە بۆ پێشگیری لە تاقیکردنەوەیەکی دیکەی ناوکی، ئەمجارە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، لێبڕاوانە هەنگاو هەڵ گرن**

# مافی مرۆڤی کورد لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا

وەرگێران لە ئینگلیزییەوە: یوسف فەقیهی

کوردەکان لە مێژووی مودێرنی ئێراندا ویستی خۆیان بۆ سەربەخۆیی لە بەرانبەر ئەو رێژیمانەدا کە هەولیان داوە مافەکانیان سنوردار بکەن لە سەردەمی سەفەوی، قاجارو پەهلەویدا بە شۆرشکردن دەربڕیوە. دواترین نائارمی سالی ١٩٧٩ بوو کە سالی بەرپابوونی شۆرشی ئێرانە. مهاباد کە لە سەردەمی شاعەباسی سەفەوییەوە بوەتە ناوەندی بەرگری لە بەرانبەر دەسەلاتدارانی حکوومەتی ناوەندیدا، جارێکی دیکە بووە سەنگەری پێشەوەی خەبات بۆ خودموختاری کوردەکان.

بەدوای شۆرشی سالی ١٩٧٩دا زۆرترین گوشار بۆ رێژیمی نوێ لەلایەن تێکۆشەرانی کوردی کوردستانی ئێرانەوە بوو کە ماوەیەکی دوورودرێژ بوو بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان تێدەکۆشان. ئایەتوللا خومەینی لە رۆژی ١٩ی ئاگوستی ١٩٧٩دا جیهادی بە دژی گەلی کورد راگەیاند. لەو کاتەوە رێژیمی ئێران سیاسەتی پەلاماردەرانەی لە بەرانبەر گەلی کورددا گرتۆتەبەر. لە ئاکامی ئەو جیهادەدا زیاتر لە ٧٠ هەزار کەس لە کوردەکان کوژراون. لە ئاکامی شەری رێژیم لەگەل خەلکی کوردستاندا بناخەی ئابووری، کۆمەلایەتیو کولتووریی گەشە نەکردووی کوردستان لەنێودەچێ.

دەستوورو قانوونی ئەساسی کۆماری ئیسلامیی ئێران، سەرچاوەیەك لە فەلسەفەی رێژیمی ئیسلامییە کە تێیدا یاسایی بوونو پێویستیی جیاوازی دانانو بێعەدالەتی لە بەرانبەر هاونیشتمانانو گرووپە نەتەوەییە جۆراوجۆرەکانی ولاتدا ئاشکرایە.

بەپێی ماددەکانی ٥٠، ٥٧و ١٠٧ی دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەرزترین بنیاتی حکوومەت پلەی رێبەرییە کە بەپێی ماددەی دوازدەهەمی دەستوور دەبێ مەلایەکی شیعە بێت. هەر بەپێی ئەو دەستوورە سەرکۆمار، وەزیرەکانو سەرۆکی پارلمان دەبێ موسولمانی شیعە بن.

زیاتر لە ١٠ ملوێن کورد لە ئێران دەژین کە بەشە سونییەکەی، بەپێی دەستوور، بە هاونیشتمانی پلەدوو دادەنرێ. ژنانی ئێران کە نیوەی کۆمەلگەی ئێران پێك دێنن مافی بەشدار بوون لە پرۆسە سیاسییەکانی ولاتیاندا نیه.

یاساکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە نیسبەت سزاکان دیمەنێکی تەواو لە کردەوەکانی رێژیم لە بەرانبەر گرووپە بەرهەلستکارەکانیدا دەردەخات:

ماددەکانی ١٩٨هەتا ٢١١ لەسەر تۆلەو سزا لە ئێراندا، هەموو ئەو کەسانەی کە دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێران کاردەکەنو یارمەتیی ئۆپۆزیسیۆن دەکەن بەپێی تاوانەکانیان پۆلێن دەکرێنو پێویستە بەو شێوەیە سزا بدرێن: ١ـ لەوانەیە گوللەباران بکرێن، ٢ـ لەوانەیە لە سێدارە بدرێن، ٣ـ رەنگە دەستی راستو پێی چەپیان ببەرێت، ٤ـ لەوانەیە دوور بخرێتەوە. ئەو مافی ئەوەی نیە لەگەل کەس پێوەندی بگرێتو بۆ هیچ شوێنێك سەفەر بکات. سالی رابردوو بەپێی بەلگە ئێران پاش چین زیاترین ئێعدامی لە جیهاندا بوو. دەیان زیندانیو هاونیشتمانی سیاسیی کوردیش بە نهێنی ئیعدام کراون کە بەلگەو راپۆرتەکان ئاماژەیان پێنەداون. لە مانگی ژولای ٢٠٠٥ەوە لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە نێزیك بە ٤٢٩ کەس کوژراون، ئیعدام کراون، سزای زیندانیان بۆ براوەتەوە یان جەریمە کراون. هاوینی رابردوو لە کاتی خۆپیشاندانەکانی کوردەکانی ئێراندا ١٧٠٠ کەسیان گیران کە چارەنووسی ژمارەیەکی زۆر لەوان هەروا نادیارە. لە کوردستانی ئێراندا هەرجۆرە چالاکییەکی حیزبە سیاسییەکان قەدەغە دەکرێت. رێژیمی کۆماری ئیسلامی چالاکیی حیزبە سیاسییەکانی نایاسایی راگەیاندوە. بەپێی ماددەکانی ١٩٧هەتا ٢٠٢ی یاسای سزا، ئەندامانی حیزبە کوردییەکان بە تێکدەر دادەنرێن. چالاکیی NGOکان بەتوندی کونترۆل دەکرێت. رێژیمی ئێران بۆ ئەوەی دلنیابێ کە NGOکان بە دژی ئاسایشی نەتەوەیی کار ناکەن دەیانخاتە ژێر هەلسەنگاندنو لەگەل رێکخراوە نێونەتەوەییەکانو راسپێردراوانی ولاتانی دیکە لە ئێران بۆ سیخوری لەسەر ئەوان کەلك وەردەگرێ.




لە کوردستانی ئێراندا، هەرجۆرە چالاکییەك لەلایەن حیزبە سیاسییەکانەوە قەدەغە کراوە. رێژیمی کۆماری ئیسلامی حیزبە سیاسییەکانی لە کوردستان بە هەلوەشاوە راگەیاندوە.

لە ئێراندا هەتا ئێستا خوێندن بە زمانی کوردی قەدەغەیە، ئابووریی کوردستان رووخاوەو رێژەی بێکاری لەو ناوچەدا بە ٤٧لەسەد بەراورد دەکرێت. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شێوەی سیستماتیك ماددە سرکەرەکان دەگەیەنێتە دەست لاوانی کورد هەتا بە فێرکردنی ئەوان بەرگری لە چالاکییانو پەروەردە بوونیان وەك ئەندامی کۆمەلگاکە بکات. تەقەکردنی چەکدارانی رێژیم بوەتە رووداوی رۆژانەی کوردستان. ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە رۆژی ١٦ی دیسامبری ٢٠٠٥دا بەیاننامەیەکی لەسەر چارەسەری بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێراندا پەسند کرد. سەرەرای بریاری نەتەوەیەکگرتووەکان کۆماری ئیسلامیی ئێران درێژە بە توندوتیژیی درندانە بە دژی مافی مرۆڤی خەلکی ئێران ئەدات.

**ئەو خشتەیەی ژێرەوە بەشێکی کەم لە پێشلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ١٦ی دیسامبری ٢٠٠٥ەوە لە ئێران دایە :**

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئەو چالاکە سیاسییانەی مەحکووم کراون | ٣ کەس |
| بەندکراوە سیاسییەکان کە ئیعدام کراون | ٨ کەس |
| ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە کوژراون | ٣٣ کەس |
| ئەو ژنانەی کە بە بەردباران مەحکووم کراون | ٤ کەس |
| ژمارەی ئەو کەسانەی کە دوای گرتن ئەشکەنجە دراون | ١٠ کەس |
| ژمارەی ئەو کەسانەی کە پاش جەریمە ئازاد کراون | ٢٤٢ کەس |
| ژمارەی ئیعدام کراوان | ٢٥ کەس |
| تاوانبار کراوان بە مەرگ | ٢٨ کەس |
| ژمارەی کەسانی ژێر ١٨ سالی بە مەرگ تاوانبار کراو | ٢ کەس |
| ژمارەی خوێندکارانی گیراو بۆ لێکۆلینەوە | ٨٢ کەس |
| ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە تۆلەدا بەشێك لە جەستەیان لە دەست داوە | ٢ کەس |
| ژمارەی خەلکی زیان دیتووی کوردستان بە هۆی هێزە ئەمنییەتییەکانی ئێرانەوە | ١٢٠٠ کەس |
| ژمارەی گۆڤارو رۆژنامە داخراوەکان | ٤٣ دانە |
| ژمارەی گیراوانی کوردستان لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە | ١٧٠٠ کەس |
| ژمارەی گیراوانی خوار ١٥ سال | ١ کەس |
| ژمارەی کوژراوانی ژێر ١٥ سال لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە | ١ کەس |

توندوتیژی بەردەوام بەدژی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێراندا ئاکامی سەرەرۆیی یان پێداگری هێندێك ئەفسەر نیە، بەلکوو ئەوە ئاکامی شێوازو سیاسەتێکی بە بەرنامەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەرانبەر گەلی کوردو هەموو خەلکی ئێران دایە.

لە ماوەی وتووێژەکانی نێوان ئێرانو یەکیەتیی ئورووپادا بارودۆخی مافی مرۆڤ بەرەو باشی نەچووەو کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو وتووێژانە بۆ کات تێپەرکردنو دەرباز بوون لەژێر گوشاری نێونەتەوەیی کەلکی وەرگرتوە چونکە دیتنی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بە شێوەی پراکتیکی ئەگەری نیەو لەو کاتەوە ئێران رێگا نادات هیچ چاودێرێکی نێونەتەوەیی بچێتە کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات توندوتیژیی بێپسانەوە بەدژی گەلی کورد لە ئێران مەحکووم بکا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داوا لە ئەندامانی کۆمەلگای ئورووپا دەکا سەرنج بدەنە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێرانو هێرشی نیزامی، سیاسیو ئابووریی بەردەوام بە دژی خەلکی کوردستانی ئێران مەحکووم بکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێوەندییەکانی دەرەوە

# راپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا سەبارەت بە رەوشی مافی مرۆڤ لە ئێراندا

وەرگێرانی: شەفیع رەوشەنی

لە فەسلی دووهەمی راپۆرتی سالانەی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا ئاماژە بەوە کراوە کە لە سالی رابردوودا وەزعییەتی مافی مرۆڤ هەروا خراپو قەیراناوی بووەو ئازادییە تاکەکەسییەکانیش بە شێوەی جیددی پێشێل کراون.

لە درێژەی ئەم راپۆرتەدا هاتوە لە حالێکدا کە هێندێك لە بەرپرسانی ئێرانی بە شێوەیەکی پرژو بلاو هەولی باشترکردنی باری قەزاییان داوە، بەلام هەروەك جاران هەولێکی ئەوتۆ بۆ چاکسازی لە قانوون، نیهادەکانو شێوازە بەرێوەبەرییە قەزاییەکاندا نابینرێو ئەوە بۆتە هۆی نیگەرانی.

وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە راپۆرتی سالانەی خۆیدا داهاتووی مافی مرۆڤ لە ئێران بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ هەلناسەنگێنێو دەلێ کە دەسەلاتدارانی ئێران نایانهەوێ لە بواری مافی مرۆڤدا ریفۆرم پێك بێننو پێویستە بۆ رێزگرتن لە مافی مرۆڤ بە کردەوە هەنگاو بنێن.

ئەم راپۆرتە وێرای ئاماژە بە هەلبژاردنی مەحموود ئەحمەدینەژاد، وەك سەرکۆماری ئێران دەلێ، ئیددیعای دەولەتی ئێرانی لەمەر دێموکراتیك بوونی سیستمی هەلبژاردن، لەگەل وەلانانی زۆربەی هەرەزۆری خوازیارانی کاندیداتۆری لەم هەلبژاردنەدا یەك ناگرێتەوە.

بە بروای نووسەرانی راپۆرتەکە، شورای نیگابان، کە ناوەندێکی دەستنیشانکراوە، کۆسپی سەر رێگای هەموو کاندیداتۆرە ژنەکانو زۆربەی رێفۆرمخوازان لەم هەلبژاردنەدا بووە.

هەروەها ئەم راپۆرتە ئاماژە بە قسەی وەزیرێکی نێوخۆیی پێشووی ئێران، سەبارەت بە نارەزایەتی لە شێوەی هەلبژاردنەکاندا دەکا.

هەروەها وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە راپۆرتی سالانەی خۆیدا ئاماژەی بە سزای ئێعدام لە ئێران کردوەو بە پشت بەستن بە راپۆرتی رێکخراوە ناحکومییەکان ـ بەتایبەت لێخۆشبوونی نێونەتەوەیی ـ دەنووسێ کە لە ئاوریلی سالی ٢٠٠٦ دا ژمارەی ئێعدام کراوەکان لە ئێران، لە چاو ئاماری هەمان دەورە لە سالی رابردوودا، زیاتر بووە.

ئەم راپۆرتە بەتایبەت سەبارەت بە لەبەرچاونەگرتنی سەرەتاییترین رێوشوێنە قەزاییەکان لە پێوەندی لەگەل دەرکردنو بەرێوەبردنی سزای مەرگدا، نیگەرانیی خۆی دەردەبرێو لە درێژەدا دەلێ حوکمی ئێعدامی بەشێك لەوانەی مەحکووم کراون، لەبەر چاوی خەلك بەرێوە چووە.

راپۆرتی وەزارەتی دەرەوە لەوە بەگومانە کە سەرلەبەری حوکمگەلی ئێعدام، پاش دادگاییکردنێکی عادیلانە بەرێوە چووبنو مەحکوومەکان توانیبێتیان لە سەرجەم رێگاکانی پێداچوونەوەو داکۆکی لە خۆیان کەلك وەرگرنو وەك نموونە باس لەوە دەکا کە دوو لاوی تەمەن ١٧ سال، رۆژی ١٣ی مانگی مای سالی رابردوو، لە خورەم ئاباد، ئوستانی لورستان، تەنیا نزیکەی یەك مانگ دوای ئەنجامدانی تاوانەکەیان لە سێدارە دران.

وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا بە پشت بەستن بە راپۆرتی رێکخراوەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ، دەنووسێ کە ئێران تەنیا ولاتێکی جیهانە کە لە سالی ٢٠٠٥دا هەروا درێژەی بە ئێعدامی مندالانو مێرمندالان داوەو لەم سالەدا ژمارەی مەحکوومانی ئەم گرووپە تەمەنییە، زیادی کردوە.




وەزعی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا

لەم راپۆرتەدا هاتوە کە بەرێوەبردنی سزای ئێعدام تەنیا نیگەرانی لە سیستمی سزادان لە ئێران نیە، بەلکوو سزاکانی وەك قامچی لێدان، بەردباران کردنو برینی ئەندامەکانی لەش لە قانوونی نەریتیی ئێراندا دانیان پێدا نراوەو هەروەها راپۆرتی جۆراوجۆریش لەمەر زیندانیکردن لە ژووری تاکەکەسیو پێشگیری لە دەستراگەیشتنی ئەوان بە پێویستییە دەرمانییەکان کەوتوونەتە دەستمان.

راپۆرتی سالانەی بریتانیا لەمەر وەزعییەتی مافی مرۆڤ لە پێوەندی لەگەل سیستمی قەزایی ئێران دەنووسێ کە ئەشکەنجەکردن لە کاتی لێکۆلینەوەکاندا درێژەی هەیەو بە ئاماژە بە ناوی عەبدولفەتاح سولتانی، وپارێزەری ئەکبەر گەنجی، دەلێ، کە سیستمی قەزایی ئێران بۆ سەرکوتی بەرهەلستکارانو نارەزاییەکان، پارێزەرەکانی ئەوانیش زیندانی دەکا.

بە پێی قسەی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، وەزعییەتی ئازادیی رادەربرین لە ئێران لە سالی رابردوودا بەشێوەیەکی بەرچاو خراپتر بووەو دەولەتی ئێران ژمارەیەکی زۆر لە کارمەندانی راگەیەنەکان، خوێندکارانو ئەندامانی رێکخراوە ناحوکمییەکانەوە بگرە تا بەکارهێنەرانی ئینتێرنێتو ئەندامانی یەکیەتییە کرێکارییەکانی سنووردار کردوە.

راپۆرتی سالانەی بریتانیا لەمەر وەزعییەتی مافی مرۆڤ لە جیهاندا، وێرای ئاماژە بە بەدەستەوەگرتنی کانالە تەلەڤیزیۆنیو رادیۆییەکان لە ئێرانو، سانسۆری راپۆرتە هەوالییەکانو پێشگیری لە دەستراگەیشتنی خەلك بە راو بۆچوونی جیاواز، دەلێ کە کارمەندانی بەشی فارسیی رادیۆ BBC ئیزنیان پێ نادرێ لە ئێرانەوە راپۆرت بنێرنو لەگەل لەبەرچاوگرتنی درێژەی سیاسەتی حکوومەتی ئێران سەبارەت بە سنووردارکردنی پێوەندییە ئینتێرنێتییەکان لە نێوخۆی ولات، ئاماژەش دەکا بە فیلتێرکردنی سایتی فارسیی بیبیسی.

ئەم راپۆرتە لە درێژەی باسی ئازادیی رادەربریندا، هەروەها ئاماژە بە هەلسوکەوتی دەسەلاتدارانی ئێرانی لەگەل وێبلاگ نووسەکان ـ لەوانە ئارەش سیگارچیو موجتەبا سیمیعینەژاد ـ داخستنی رۆژنامەکانی "شەرق"و "ئێران"، گرتنی ئیلهام ئەفرووتەن (لەمەر نووسینی وتارێك لە بلاوکراوەی "تمدن هرمزگان")و ئێجلال قەوامی (رۆژنامەوانی حەوتوونامەی "مردم کردستان")و مەرگی ئەکبەر محەممەدی لە زیندان (کە لە کاتی خۆپیشاندانە خوێندکارییەکانی سالی ١٩٩٩دا گیرابوو) دەکا.

هەروەها ئەم راپۆرتە باس لە بارودۆخی بواری فەرهەنگیی ئێران دەکاو بە هێنانی ناوی رامین جەهانبەگلوو (لێکۆلەرو مامۆستای ئێرانی) کە وەزارەتی زانستی ئێران بە دەرکردنی بەخشنامەیەك پێوەندیی شارەزایانی بواری فەرهەنگیی ئەم ولاتەی لەگەل بالۆێزخانە بیانییەکانی قەدەغە کردوە.

راپۆرتی سالانەی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لەمەر وەزعییەتی مافی مرۆڤ لە جیهاندا، ئاماژەشی بە وەزعییەتی یەکیەتییەکانی کرێکاری، مافی کەمایەتییە مەزهەبیو قەومییەکان، مافەکانی ژنان، هاوکاریی ئێرانییەکان لەگەل نیهادەکانی بەستراوە بە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئازادیی مەزهەبیو پێوەندیی هۆمۆسیکوالەکان کردوە.

لە بەشێك لە راپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لەژێر ناوی "هەولەکانی بریتانیا"دا هاتوە کە ئەم ولاتەو یەکیەتیی ئورووپا، بەردەوام وتوویانە کە پێوەندییان لەگەل ئێران بەستۆتەوە بەو هەنگاوانەی کە ئەم ولاتە (ئێران) لەمەر باشترکردنی رابردووی خراپی مافی مرۆڤ ئەنجامیان دەدا.

لەم راپۆرتەدا هاتوە: "بە لەبەرچاوگرتنی ئەم راستییە کە هەولە پێشووەکانی بریتانیا بۆ رێخۆشکردن بۆ وتووێژێکی کاریگەر، سەرکەوتوو نەبوون، ئێمە سەرۆکایەتیی دەورەیی یەکیەتیی ئورووپا، بۆ پەیداکردنی رێگاکانی دیکەی دەربرینی نیگەرانیی ئەم ولاتە لە وەزعییەتی مافی مرۆڤ لە ئێران کەلك وەردەگرین.

سەرچاوە B.B.C

کوردستان
ژمارە:٤٤٧ (٣٠ی رەزبەری ١٣٨٥)

## وردە سەرنج

مەسعوود بابایی

**سەرنجی بیست و یەکەم:**
**شێوازی وەرگرتن لە دیالکت و شێوەزارەکان (٢ـ ٢)**

زمانی کوردی وەکوو هەر زمانێکی دیکە خاوەنی چەندین دیالکت و شێوەزاری هەمەچەشنە. ئەمەش دیاردەیەکی ئاساییەو لە هەموو زمانێك دا ئەم دیاردەیە بەدی دەکرێ.

ئەوەی جێی سەرنجە دووری و دابڕانی ناوچەکانی کوردستان و باری جوگرافیایی سەختی سروشتی، وای کردوە زمانی کوردی پارچە پارچە بێ و ئەم پارچە پارچە بوونەش بۆتە هۆی جیاوازیی بەرچاو لەنێو زمانی کوردی و شێوە ئاخاوتنی مرۆڤی کورد بەجۆرێك کە خەڵکی هەندێ ناوچە لە ئاخاوتنی ناوچەیەکی دیکە تێ نەگەن. زۆربەی جیاوازییەکان لەنێوان دیالکتەکان و شێوەزارەکان لە هەردووك ئاستی فۆنۆلۆژی و مۆفۆلۆژی دایە . بەڵام لە ئاستی سینتاکس دا هەموو دیالکتەکان خاوەنی یەك رێسان و لەمبارەوە بەخۆشییەوە گرفت و ئاریشەیەك بەدی ناکرێ. بە نزیکبوونەوەی پێوەندییەکان و بازرگانی لەنێوان ناوچەکان و هەروەها گەشەکردن و پەرەگرتنی هەستی نەتەوایەتی و لە ئەنجامدا دروستبوونی ئاخێوێکی سیاسی - نەتەوەیی بەرەبەرە لێك حاڵیبوون و بەکارهێنانی دیالکتی کرمانجی خوارو وەکو بنەمای زمانی ستانداردی کوردی، نووسینیش فۆرمێکی تا ڕادەیەکی یەکانگیری وەرگرت کە هەڵبەت هێشتا لە رەوتی پێگەیشتنی خۆیدایە. ئێستاش دنیای پەیوەندییەکان ئاڵۆزترەو دۆخی زانیاری و کولتووری‌و ئەپستمۆلۆژیکی کوردیش لە گەشەیەکی خێرادایە. بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا دنیای دەرەوە دەروازەکانی خۆی ئاوەڵاتر کردۆتەوەو بەجیهانیبوون وەکوو دیاردەیەك لە پەرەسەندن و پەل هاویشتندایە.

هەروەك لە سەرنجی پێشوودا باسم کرد، وەرگێڕان وەکوو گەورەترین رێگەی گواستنەوەی کولتووری لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە گەشەکردن دایە.

لە شێوازی یەکەمی وەرگێڕان لە چۆنیەتی داڕشتن و داتاشینی زاراوە و چەمکەکان دواین، ئێستا کاتی ئەوەیە لە شێوازی دووهەم بدوێین.

بەڕای من شیاوترین شێواز، شێوازی دووەم، واتە وەرگرتن لە دیالکت و شێوەزارەکانە، بۆچی؟ لە وڵامدا دەبێ بڵێم:

١ـ داڕشتن و داتاشینی وشە بەشێك لە واتای زاراوە یا چەمکی پاچەڤەکراو دەگەیەنێ. لە داڕشتن دا زەین و هۆشی وەرگێڕ و چۆنیەتی تێگەیشتن لە زاراوەو چەمکەکان لەلایەن وەرگێڕەوە رۆڵێکی سەرەکی هەیە. هەندێجار ئەگەری ئەوەش هەیە کە وەرگێڕ خراپ لە زاراوە یا چەمکێکی دیاریکراو تێبگا.

٢ــ رەنگە وەرگێر لە بواری تێگەیشتن و فامکردنی زاراوەکان و دەستە واژەو چەمکەکان کێشەیەکی نەبێ، لێرەدا ئەم پرسیارە قووت دەبێتەوە: ئایا وەرگێڕ بەتەواوی لە رێزمان و زمانەوانی‌و ئاستەکانی زمان شارەزایەو توانای پێویستی هەیە؟

ئەم شێوازە (شێوازی دووهەم) لەرووی سیمانتیکی‌یەوە واتادارتر و جێکەوتووترەو لە جەرگەی کۆمەڵگەدا واتایەکی روون و بەرهەستی هەیەو لە هەمووش گرنگتر ئەزموونکراوە. واتای ئەزموونکراو بریتی‌یە لەو واتایەی کە باری ئەپستمۆلۆژیکی خۆی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە کۆمەڵگادا سەلماندووەو لە هەموو روویەکەوە هەڵسەنگێنراوە و دەتوانرێ گشتگیر بکرێو لە دەقی وەرگێڕدراودا کەڵکی لێ وەربگیرێ.

**سوودەکانی ئەم شێوازە:**

١ـ دوور کەوتنەوە لە داڕشتنی هەڵەشەو ناشارەزایانەی زاراوە و چەمکەکان.

٢ـ بەشدار بوونی هەموو دیالکتەکان لە دەقی نووسراو و نزیك خستنەوەی دیالکت و شێوەزارەکان کە دەتوانێ ئاخێوێکی هاوبەش دروست بکا کە ئەم خاڵە خۆی گەورەترین دینامیزمی یەکانگیریی کولتووری‌یە.

٣ــ زیندوو بوونەوەی وشە و زاراوەو چەمکی رەسەن و رزگارکردنیان لە فەوتان و هەروەها دەوڵەمەندبوونی زمانی نەتەوایەتی.

٤ـ رەواندنەوی تەم و مژی نامۆیی دەق، چونکە وشەی داڕێژراو بەتایبەتی وشەیەك کە وەرگێڕ لە ناچاریەوە یا نەزانیەوە دایدەرێژێ وێنەیەکی روون و بێخەوشمان بۆ دروست ناکاو ئەمەش زیان لە جوانیناسیی دەق دەدا.

# تاڤگەی ئاسۆکان

ئەفراسیاب گرامی

**پرسیارێك لە ونبوون**

لێت دەپرسێ تۆ چەند ساڵە لەم هەوارە چۆڵەدا، چۆڵەوانی دەکەی؟ بێوەڵام لێت دەڕوانێ، دیسان پرسیار گەڵوی دەگرێو لێت دەپرسێتەوە، تۆ چۆن دڵت بەم چۆڵەوانیە خۆشە؟ چۆن خووت ئەم دەشتەو بیابانەی گرتووە؟ .. تۆش کە لێی دەڕوانیتو بە تاقە پەیڤێکیش نایدوێنی‌و بێوەڵام دەیهێڵیتەوە بە دوای ... پرسیار؟ تازە ئیدی رازی بوویت کەمێکی بۆ باس بکەیت. دەکەویتە بیری ئەوەی کە بڵێی نازانم، وەڵا نازانم..! هەرئەوەندەی کە رەنگی چۆڵەوانیم گرتووە، هەر ئەوەندە بە دوای (..)ساڵانێك گفتوگۆ لەگەڵ ئەم پێدەشتە چۆڵەدا، دوای تەمەنێك دوانو لێك حاڵی‌بوون، سەرەتای تێگەیشتن لەیەکدی بوو. قا..قا پێدەکەنی‌و وەڵامێکی پێدەدایتەوەو لە وەڵامی شێتان دەچوو. قا..قا! ! هەرئەوەندەت زەحمەتە جارێك پەیکێك لە گەڵ خۆڵ بخۆیتەوەو جارێك گۆرانییەکیش لەگەڵ بایەقووش بچڕی. ئەها! جوان سەیرم کە! جوان لێم ورد بەوە! بایەقوش بێ من ناتوانی گۆڤەندی ئەم دەشتە بڕازێنێتەوە. تەنیا منیش رازو نهێنی ئەو ئازارانەی بایەقووش‌و چۆڵەوانی تێدەگەم. وازبێنەو لێم مەپرسە تۆکێیت؟ تۆ ناتوانی لێمان تێبگەی. ئەو نیچەیەك بە سمێڵێکی هەزار لۆنەوە نەیتوانی لەم فەلسەفەیە بگا، تۆ چی؟ بە دوو رۆژ یان سێ یان ..دەتهەوێ لەم فەلسەفەی چۆڵەوانی‌یە تێبگەی؟ نە! تێگەیشتن لەم بیابانە بۆ تۆ زۆردژوارەو شێتت دەکا. ئەوەش وەك دواترین قسەیەك بوو کردی‌و چووە ناخی خاکداو لێت ونبوو...

**بیرەوەری کورسی**

ئەمن کورسییەکی دارینەم‌و زۆر مێژووییەکی کۆن‌و تازەم هەیە. دایکم خاکەو باوکم دار. من لە داوێنی ئەو جووتە پەیدا بووم. دواتر دارتاشێکی لادێی دایتاشیم‌و منی کردە کورسییەکی رەق‌و تەق. جارن وابوو یاغن پاشایەك یان ... بەسەروەت‌و سامانێکی شاهانەوە لەسەرم دادەنیشت‌و کەیفی بە جیهان دەکرد، کەچی ئێستا تەواوی ئەم دنیایە هەوڵیان ئەوەیە تاوێك دانیشن لەسەرم‌و قاوەیەکی رەش یان چاییەکی خەس بە دەمارێك‌و لوتێکی بەرزەوە بخۆنەوە...

**وەرزی ئەوین**

ئەم ئێوارەیە پەیڤی شێعر دەیهەویست خۆی بەرەو ئاسمان هەڵدا. ببێتە میوانی ئەستێرەکان‌و بگرە هەتا لای مانگیش بڕوات. لە شەپۆلی تاریکی تێپەربوو، چووە ناخی ئاسمان. هەواری ئەستێرەکانی بەجێهێشت‌و بە چەند پەیڤێکی ناسك‌و دڵتەنگەوە چوە ژوانی تەنیایی مانگەوە. بە پەیژەی چیرۆکێکدا سەرکەوت‌و چووە ژوورێ. لە پاش چەند شێعرێکی دڵبزوێن دەست لە ملانی مانگ بووو ملوانکەیەکی لە رەنگی خاك‌و مرواری وشە کردە گەردنی مانگ‌و هەتاوی بەیان لەگەڵی دەدواو ئەوکات بوو تازە ئیدی قەسیدەیەك لە رەنگی شەراب‌و مەستی خاك هۆنرایەوە بۆ ژوانگەو شێعرستانی وەرزی ئەڤین...

**ژوانگەی ماندوو**

لێم مەپرسە بۆ شانەکەت هەڵگرتووەو بەو نیوە شەوە تاڵ..تاڵ پرچت دادەهێنی‌و زوڵفەکانت لوول دەکەی لێم مەپرسە بۆ چاو دەرێژم‌و کلەوکلدان تاو دەدەم. ئاخر ئەوشەو ژوانگەیەك ماندووو هیلاك چاوەڕێیە. لێم مەپرسە تۆ بە چەند ساڵە چاوەڕێی ژوانێکی‌و ئێستا بەم نیوە شەوە خەریکی سەروقژی خۆتی. بەڵام ئەگەر بۆ جارێکیش دەبێ لێم بپرسە با بزانم بۆ ئێواران چاوم لە ئاسۆیەو خۆرئاواش دەبێتە ئەڤینم؟.. لێم بپرسە بۆ هێور ..هێور ئاواتەکانم بە نێگایەك لە زایەڵەی دەنگێکی ناسك‌و زەردەخەنەی سەرلێوێك لەنجە دەکەن؟.. بۆ جارێکی‌تر لەم گڕکانەی هیواوە سەیرێکی ئەو ژوانگە ماندووە بکەو بڵێ تۆ ئیتر مردووی...!

**دەلاقەیەکی ئەتڵەسی**

گورژمی باهۆز دەرکی پەنجەرەکەی شەقەشەق دەهێناو دەی بردەوە. جارجارێك بە گورژمێکی توندەوە خۆی دەکوتایە لێواری دیوارەکەو گڤە گڤ.. ئارامی لە دەلاقەکە بڕیبوو. پیرە پیاو کە هەموو هیواکانی لە سەر چۆکی گۆچانەکەی دانابوو، لە ئاسۆی ئەو دیوی دەلاقەکەی دەڕوانی. بە خەرمانێك لە هزرو ئەندێشەیەکی هیلاك، تا هیوای هەبوو ئەزموونێکی لێ وەرگرت. ئێستا ئاسۆ دەبێتە میوانی‌و چاو لە داهاتوو دەکا. ئەم دێرەی دەکردە هۆرەو بەدەنگێکی تۆز گرتووی زەمەن، تێکەڵاو بە سۆزی دەروون دەبوون دەیگوت: "لە ئاسۆ بڕوانە ئەگەر دەتهەوێ چاوەڕێی خۆرهەڵات بی‌و زەردەخەنەی بەیان چاو لێبکەی ... لە ئاسۆ بڕوانە هەتا بەیان چاوت لێبکاو خۆرهەڵاتیش باوەشت بۆ ئاوەڵا"

هەرمان

**ئاگری ئەوین**

لەژێر چەترێکا ئێمە دووان بووین
من لەسەر تۆ رام ئەگرت و تۆش لەسەر من
کە گەیشتین هەردوو خووسابووین
تا ئەوەدەم نەمدەزانی، تۆیش
بە ئاگری ئەوین دەسووتێی

**دیاری**

بەشوێن خەمەکانما
مەی دەڕژێتە کوڵانی هەستیمەوە
لە هەناسەیەکیش دا
دەگەمە تاقانە شادییەکەی ژینم
تەنیا دیاریم بزەیەو دەڕژێتە
سەر شەقامی دوایین نیگات

## دوو بروسکە چیرۆك

عوسمان یاری

**بێدەنگ بە**

لە نێوان دەنگ‌و هاوارو رەنگە بێدەنگی بەردینی دیوار، لە نێوان خەون‌و هوشیاری چاوانمدا تۆم هەر وەکوو شوشە بینی، خەونی خۆشی سەر سەوزەڵانی بووی .

ئەمجارە بێدەنگ بە ئەی فریشتەی تەنیایم، لە گەڵم بە، لە گەڵم بە کە دوور لە تۆ من هیچم، گوێ ڕاگرە کە دەنگە دەنگی هات‌و هاواری مردووەکانی گۆڕستانە؟

بڕوانە، چاو بگێڕە کە روومەتی بە ساڵاچوی پیاوانی برینداری شارستانە؟

بێدەنگ بەو هیچ مەڵێ،کە وشەکانت سەرەتای رەستەیەك بەنێوی مەیستانە؟

دەس لێ مەدەو بهێڵە لاشەی ماندووی پیاوی مردوو لە تەنیشت بەردی گۆڕی ژنی مەی فرۆش بمێنێتەوە؟

هەنگاو مەنێ، دەنگی هەنگاوەکانت بێدەنگی ئەم گۆرستانە هەمیشە خەوتو دەهەژێنێ مردوەکان دەترسێنێ؟

ئاخ، زۆر لە مێژە کەس سەردانی ئەم گۆرستانەی نەکردووە.

**دەڵاڵی وشە**

وەختێ کە خۆم ناسی‌و ویستم بە چەند وشەی ناسکەوجوان هەستی بەرزی خۆشەویستی بەتۆ بڵێم، وشەکانم وەکوو دەڵاڵ هاواریان کرد؟... وەرە تالانە، وشەی جوان هەرزانە؟

خەون‌وخەیاڵ، مردن‌و ژیان، پەژارە خەم،...

خەڵکی سەر شەقامەکە لە دەورم کۆ بوونەوە، داراو نەدار، هەرکامیان وشەیەکیان لێم کڕی.

دوو سێ وشەن کە کەس نایبات؟...خۆشەویستی، دڵی ناسك، پیاوی هەژار، تۆزێ شەرەف، وەختێ کە خەڵك رۆیشتن‌و سەیری دەوروو بەری خۆم کرد، بینیم کە ئەو دوو سێ وشە بوون بە گاڵتەی دەستی منداڵانی سەر شەقام‌و وشەکانی تریش وەکوو تاجێ لە سەر گەورە پیاوان خۆ دەنوێنێ.

## بێ دوان



# ئۆرهان پامۆك بێدەنگییەكی ٩٠ ساڵەی شكاند

شەریف فەلاح (هێژا)

رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی ١٠ی ئۆكتۆبری ٢٠٠٦ی زایینی ئاكادێمیای سوئێدی بە زۆرینەی دەنگی لێژنەی سەرپەرشتیار خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی ساڵی ٢٠٠٦ بەخشیە رۆماننووسی بە رەگەز توركی وڵاتی توركیە ئۆرهان پامۆكی تەمەن ٥٤ ساڵ.


ئۆرهان پامۆك ساڵی ١٩٥٢ لە بنەماڵەیەكی دەوڵەمەندی شاری ئەستەمبوڵ هاتۆتە دونیا، لە منداڵییەوە پامۆك خولیای نیگاركێشان دەبێت، لەو بارەشەوە خێزانەكەی ئاسانكاری بۆ دەكەن، دوای ئەوەی سێ ساڵ لە كۆلێژی ئەندازیاری دەخوێنێ ئەوسا بۆی دەردەكەوێت كەوا نە دەتوانێت ببێت بە نیگاركێش و نە بە ئەندازیاری تەلارسازی، بۆیە روو لە توێژینەوەی كاری رۆژنامەوانی دەكا، بەڵام هێندەی پێ ناچێت دەست لەمەش هەڵدەگرێت و لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا دەست دەداتە نووسین و پاش حەوت ساڵ یەكەمین رۆمانی بەناوی (جەودەت بەگ و منداڵەكانی) دەنووسێ، پاش چەندین ئەزموونی گەورە، لە رۆمانی شەشەمی بەدواوە (ناوم سوورە) ئیدی ناوبانگی جیهانی دەردەكات و لەوە بەدواوە كتێبەكانی وەردەگێڕدرێنە سەر چەندین زمانی زیندووی دونیا.

لە رۆمانە بەناوبانگەكانی پامۆك: قەڵای سپی، كتێبی رەش، ژیانی نوێ، بەفر، ناوم سوورە و هتد... جیا لەم خەڵاتە بەنرخە، ئۆرهان پامۆك چەندین خەڵاتی دیكەی لەبواری وێژەوە بەدەست هێناوە، لەوانە خەڵاتی "ئیماك دبلن"ی نێودەوڵەتی لەساڵی ٢٠٠٣ كە بە یەكێك لە خەڵاتە گەورەكانی جیهان دەژمێردرێت. خاڵی بەرچاو و جێگای سەرنج و تێڕامانی ئەوەیە كە ناوەرۆكی رۆمانەكانی پامۆك كە بوونەتە هۆی ناوبانگ و هەروەها وەرگری چەندین خەڵات، ئەوەیە كە پامۆك بۆ مرۆڤ و بۆ كۆمەڵگا دەنووسێت و كێشە مرۆڤایەتی و نەتەوەییەكان دەورووژێنێ.

لەناو رۆمانەكانی پامۆك دا مێژووی عوسمانییەكان بەگشتی و رەنگدانەوەی ژیانی میللەتانی ناو "ئانادۆڵ" و كێشەكانی ئەمرۆی توركیە دەبینرێت، یان دەتوانین بڵێین لەناویاندا پەردە لەسەر رووی مێژووی كۆن و نوێی ئەم وڵاتە هەڵدەماڵێ و تێیدا كوشتنی بێبەزەییانەی ئەرمەنییەكان لە دواساڵەكانی دەسەڵاتی عوسمانییەكان و كوشتن و چەوساندنەوەی كوردەكانی لە هەشتاكانی سەدەی رابردووەوە تاكوو ئێستا بەروونی دەردەكەوێ. بێگومان باس كردن لەم كێشە نەتەوەییانە لەناو وڵاتی توركیە هێڵی سوورەو تاوانێكی گەورەیەو سزاكەی تا سێ ساڵ زیندانی بەسەردا دەسەپێت، هەربۆیە پامۆكیش دەكەوێتە ناو جەنگی یاسایی لەگەڵ موددەعی گشتی توركیە. هەروەها لەناو رۆمانەكانیدا بەئاشكرا كاردانەوەی رووبەرووبوونەوەی گەلی تورك لەگەڵ گەلانی دیكەی ئەم وڵاتە و كاردانەوەی بەریەك كەوتنی نەریتی كۆن و نوێ جیاوازی نێوان شارو لادێ و نێوان كولتوورەو زمانە جیاوازەكان دەبینرێت، پامۆك پەیامێكی سیاسیانەی هەڵنەگرتووەو موژدەبەخشی روانگەیەكی جێگری وەهاش نیە كە دان بە هەڵەدا نەنێت، بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێت: لەلای من دەبێ ئەدەب تەنیا لەپێناو جوانیو ژیاندا بێت، نەك بۆ گەیاندنی پەیامە سیاسییەكان، من دەنووسم تاكوو بە پەرتووكی باش خوێنەر بورووژێنم، تەنانەت لە رۆمانە سیاسیەكەی "بەفر"یشم هەوڵی ئەوەم نەداوە پەیام و نامەیەك سیاسی بگوازمەوە، بەڵكوو ئەوەی من ئەنجامم داوە باس كردنە لە راستیو گیانی وڵاتەكەم و كێشەكانی. رەخنەگران و پسپۆڕانی بواری رۆمان، نووسینەكانی پامۆكیان بە نایاب لە قەڵەمداوەو بەتایبەت لەرووی دارشتنی زمانەوانیو بیرۆكە سەردەمیانەكەی، هەروەها لەرووی چنینی خەیاڵی ئەدەبییەوە زۆر دەوڵەمەندە و شێوازێكی فەلسەفیانە هەڵدەگرێ، زمانی بێگەرد و خاوێنی هەیە، پامۆك نووسەرێكی پایەبەرزە، ئەزموونێكی چاكی هەیە لەرووی دارشتنی سەربردەی چیرۆكەوە. سەرەڕای ئەوەی كە لە توركیە بە نووسەرێكی باش ناسراوە، بەڵام هەمیشە كەوتۆتە ژێر فشار و هەڕەشەی دەسەڵاتدارانی توركەوە، بەم دواییەش بەبیانووی ناوزڕاندنی توركیەو سەروەریی وڵاتەكەی درایە دادگا. زیاتر بیانووەكان لەبەر ئەوەبوون كە پامۆك زۆر بە راشكاوانە كوشتنی هەزاران ئەرمەنی بەدەستی عوسمانیەكان دەسەلمێنێ. هەروەها كوشتن و قەلاچۆكردن و دەربەدەری میلیونەها كوردی دیكە لە باكووری كوردستان رادەگەیەنێ، زۆر بە توندی پێداگری لەسەر ئەنجامدەرانی قەسابخانەی "ئەرمەن" و ژیان و دۆزی "كورد" دەكات و سەرەڕای هەڕەشەی دەسەڵاتدارانی تورك. كەچی پامۆك بۆ یەك چركەش لە هەڵوێستەكانی خۆی پاشگەز نەبۆتەوە.

لە دواییدا دەتوانین بڵێین پامۆكی ئەدیب و بەهەڵوێست و مرۆڤدۆست، بەم دەسكەوتەو بە وەرگرتنی گەورەترین خەڵاتی ئەدەبیی نۆبل، جارێكی تر توركیەی هەژاندو بوو بە یەكێك لە بەرگریكار و داكۆكیكەرانی پرسی نەتەوایەتی ئەو وڵاتە و ئەم خەڵاتەی خۆشەویستی و مرۆڤدۆستی پامۆكی گەیاندە لووتكەو پلەیەكی دیكەی داهێنان و نوێگەرایی تاقیكردەوە، بەڵام لەبەرامبەردا شەرمێكی گەورەش بوو بۆ دەوڵەتی توركیە.

دژایەتی كردن لەگەڵ پامۆك لەلایەن كەمالیستەكانەوە هۆیەكەی ئەوەیە كە پێناسەی ناسیۆنالیزمی توندرەوی توركیە لەسەر بنەمای پان توركیزم و فرەییخوازی دامەزراوەو كوشتاری ئەرمەنییەكانیش لەسەر ئەو بنەمایە ئەنجام دراوە. شایانی باسە بەشێكی گەورەی خاكی ئەرمەنستان لەلایەن توركیەوە داگیر كراوەو ئێستاشی لەگەڵدا بێ ئەو كێشەیە بێ چارەسەر ماوەتەوە. هەربۆیە هەرجۆرە باس كردنێك لەسەر ژینوسایدی ئەرمەنییەكان بۆ ماوەیەكی دوور و درێژ قەدەغە بوو و دەتوانین بڵێین پامۆك بەم كتێبەو پرسیارە وروژێنەرەكانی بێدەنگییەكی نەوەد ساڵەی شكاند.




# زمان، وەرگێڕان و پێوەندیی كولتوورەكان

## گرفتەكانی وەرگێڕان وەك ئامرازێك بۆ پێوەندیی جیهانی

بەشی نویەم

ن:حسین یەعقووبی

و: سمایل زارعی

پێویستە لە بەرچاوترین گرفتە گشتییەكانی وەرگێڕان ئاماژە بەو خاڵانە بكرێ:

**ئا – گرفتەكانی هاوواتایی وشەكانی نێوان دوو زمان**

واتاكانی وشەكان تەنیا لە ناو زمانی پێوەندیداردا باوەڕپێكراو و بەهادارن. چونكە هەموو زمانێك خاوەنی ستراكتۆری واتایی تایبەتییە. هۆكارە زاڵەكان بە سەر ئەم ستراكتۆرە واتاییە بریتین لە تایبەتمەندییە كولتوورییەكانی ئەو نەتەوەیەی بەو زمانە قسە دەكا، تایبەتمەندییە كۆمەڵایەتیی – ئابوورییەكانی كۆمەڵگای پێوەندیدار و پێداویستییە پێوەندیدارەكانی هەموو نەتەوەیەك كە خۆی لەو دوو تایبەتمەندییەی پێشووەوە سەرچاوە دەگرێ.

لاینز (بێرگمەن، ١٩٧٤: ٦٦ – ٦٤) گرفتە پێوەندیدارەكان بۆ پێكهێنانی هاوسەنگی وشەكانی نێوان دوو زمان بە سێ بەش دابەش كردووە.

– وێدەچێ لە زمانێك دا دوو یا چەند واتا پێوەندییان بە وشەگەلێكی هاودەنگەوە هەبێ بەڵام لە زمانێكی دیكەدا بەو شێوەیە نەبێت. بۆ وێنە ئەگەر چاو لە فەرهەنگی وشەی ئینگلیزی بكەین دەبینین كە وشەیەك (بە رێنووس و كوتنی یەكسانەوە) وەك چەندین وشەی جیاواز و بە واتا و چەمكگەلێكی رێزمانی جیاوازەوە خراوەتە روو بۆ وێنە sound وەك ئاوەڵناو واتای سلامەتی هەیە، وەك ناو واتای دەنگی هەیە و وەك كردە واتای "بە بیردا هاتن"ی هەیە.

وێدەچێ لە زمانێكدا بۆ چەمك و واتایەكی تایبەت وشەیەك هەبێ، لە حاڵێكدا زمانێكی دیكە هیچ وشەیەكی هەر بۆ ئەو واتایە نەبێ. روونترین نموونەی ئەم چەمكە زۆربەی وشە و زاراوەگەلی زانستی نوێیە لە زمانی ئینگلیزی دا كە لە ماوەی دەیەكانی دوایيدا شان بە شانی پێشكەوتنە نوێیەكان لە زانست و سەرهەڵدانی چەمكە نوێیەكان لەم بوارەدا كەڵكیان لێوەرگیردراوە.

وێدەچێ واتای وشەگەلێك كە لە رەهەندی واتاناسییەوە لە زمانە جۆراوجۆرەكان دا بە هاوواتا دێتە بەرچاو خاوەنی سنوورگەلێكی دیاریكراو نەبووبێ و یان گونجاو سازگار نەبێ ئەوەی كە هاوتای واتایی نێوان وشەكانی زمانە جۆراوجۆرەكان چ شتێك پێك دێنێ تەواو باسێكی باس هەڵگر و ئاڵۆزە. دواجار ئەم دیاردەیە پێوەندی بە كولتووری تەن، بنەما و دۆخەكانەوەیە.

**ب – وەرگێڕانی نەگۆڕەكان**

نەگۆڕەكان وشە یا تێكەڵاوێكن لە وشەكان كە باس لە شێوەی ژیان، كولتوور و گەشەكردنی كۆمەڵایەتی و مێژوویی تایبەتی وڵاتێك دەكەن. چونكە نەگۆڕەكان دەرخەری رەنگی خۆماڵی یان مێژووین لە زمانەكانی دیكەدا هاوتایەكی ورد و درووستیان نیە. لەم رووەوە ناكرێ ئەوان بە شێوەیەكی ترادسیۆنی وەرگێڕدرێن و شارەزایی تایبەت بە خۆیان گەرەكە. دەكرێ نەگۆڕەكان ئا – بە پێی بابەت: بە پێی كۆمەڵەكانی رەگەزی یا ناوچەیەك كە هی ئەوێن. ب – بە پێی سەردەم: بەو سەردەمە مێژووییەوە كە پێوەندییان بەوپەوەیە و ج – بە پێی جوگرافیا: بە پێی ئەو شوێنانەی كە كەڵكیان لێ وەرگیراوە، دابەش بكرێن.


گوتەزا بابەتییەكان بریتین لە وشەگەل و واتاگەلی سەر بە ژیانی رۆژانە، كار، هوونەر، ئایین، ئۆستوورەكان و كولتووری گشتی هێندێك نموونەی ئەوان بریتین لە: ئال، هوو، دوو بەش كردن، بە ژێر ئاودا رەت بوون (لە فارسی دا) ریكشا، گیشا (ئاسیای باشووری رۆژئاوایی) ڤالنتاین(ئەورووپا و ئەمریكا).

چەمكە كاتی و سەردەمییەكان زۆربەیان هێما بۆ ناو، نازناو و پیشەگەلێك دەكا كە لە سەردەمێكی مێژوویی تایبەت دا كەڵكی لێ وەرگیراوە وەك: نایب، خان، ساتراپ.

گوتەزاگەلێكی جوگرافیاییش ئاماژە بە شوێن و دیاردەگەلێكی كەش و هەوایی هەرێمی تایبەتی وڵاتەكان دەكا نموونەگەلێكی وەك فیۆرد(نۆروێژ) پێلدێر (هۆلەند) یەتی (تەبەت)

كاتێك لە چوارچێوەی زمانی سەرەتا و یان مەبەستدا وەرگێڕان دەكەین دەتوانین زۆر بە هاسانی نەگۆڕەكان بە:

– كۆمەڵێك كە سەر بە زمانێكن و بۆ زمانەكانی دیكە بێگانە و نامۆن وەك بەسیجی.[وەك پێشمەرگە]



كۆمەڵێك كە بۆ هەر دوو زمانەكە نامۆیە وەك وەزارەتی دادەپەروەری.

دابەش بكەین.

ئاستی قەبوولكردنی نەگۆڕەكانیش دیاردەیەكی رێژەییە. هێندێك لە نەگۆڕەكان لە زمانی مەبەست دا وەردەگیردرێن و دەبنە بەشێك لە وشەكانی ئەو. هێندێكی دیكە تارادەیەك لە زمانی مەبەست دا، بە شتێكی نوێ دادەنرێن و بەرەبەرە كەڵكیان لێ وەردەگیردرێ. هێندێكی دیكەش زوو دەڕۆن و نامێننەوە و بە خێرایی تەواوەوە لە مۆدێرنەوە بەرەو ناباوی و سواوی دەڕۆن. گرنگترین گرفتێك كە بۆ وەرگێڕانی نەگۆڕەكان دێتە پێش نەبوونی هاوتا یا هاوشێوەی ئەوان لە زمانی مەبەست دایە و پێویستی گواستنەوەی واتای بابەتییانەی نەگۆڕەكان بە خوێنەری زمانی مەبەستە لە گەڵ پاراستنی رەنگی خۆماڵی (ناوچەیی) یان مێژوویی یا واتا لاوەكییەكانیانە. ئەم پرسە تەنیا دوو رێگا بۆ وەرگێڕانی نەگۆڕەكان دەهێڵێتەوە: گواستنەوەی راستەوخۆ و جێگیركردن. گواستنەوەی راستەوخۆ لە راستیدا جێ گۆڕكێ پێكردنی نەگۆڕەكان لە زمانی سەرەتاوە بۆ زمانی مەبەستە بەڵام لە جێگیركردندا، وەرگێڕ وێدەچێ هێندێك وشەی تازە دابتاشێ كە وەرگێڕانێكی قەرزی یان قەرزارباری بێ.

**ج – گرفتی وەرگێڕانی توخمەكانی ستراكتۆر**

گرفتەكانی وەرگێڕان تەنیا بە ئاستی وشە و زاراوەكان نابەسترێتەوە. لە راستیدا وەرگێڕ سەرەڕای وشەكانی زمانی سەرەتا، دەبێ سەرنج لە پێكهاتە یا ستراكتۆریشیان بدا. هەڵبەت مەبەست لە سەرنجدان بە ستراكتۆر لە پرۆسەی وەرگێڕان دا ئەوە نیە كە وەرگێڕ دەبێ هەموو توخمێكی پێكهاتەیی زمانی سەرەتا لە گەڵ توخمی ستراكتۆری هاوشێوەی ئەو لە زمانی مەبەست دا جێگیر بكا، چونكە یەكەم زمانەكان لە رەهەندی ژمارەی توخمی پێكهێنەرییەوە لە گەڵ یەكتری یەكسان نین و توخمی پێكهێنەر كە لە زمانێك دا دەدۆزرێتەوە وێدەچێ لە زمانێكی دیكەدا یان هەر نەبێ و یان گەلێك جیاوازی لە گەڵ توخمی ستراكتۆری هاوشێوەی لە زمانەكەی دیكەدا هەبێ. بۆ وێنە توخمی ستراكتۆری كاتی ئێستای كامڵ بەو شێوەیە كە لە زمانی ئینگلیزی دا هەیە لە زمانی رووسی و یان فەڕانسەییدا نیە. دووهەم توخمەكانی پێكهێنەری زمانی سەرەتا وێدەچێ لە رەهەندی كارایی و بەهاوە پێوەندییان لە گەڵ توخمەكانی ستراكتۆری هاوشێوەیان لە زمانی مەبەست دا تەواو هاوشێوەیان نەبێ. دەسەڵاتدارێتی ئەم بنچینەیە بە سەر ستراكتۆری زمانەكان دەبێتە هۆی ئەوە كە لە پرۆسەی وەرگێڕان دا یەكەم وەرگێڕانی پێكهاتە بە پێكهاتە لە هەموو شێوەكان دا لە نێوان دوو زماندا نالواو و نەگونجاو بێ و دووهەم لە كاتی دەرەتانی وەرگێڕانێكی ئەوتۆش، دەقی وەرگێڕدراو لە روانگەی پەیام و نێوەڕۆكەوە شتێك بێ جگە لە دەقی زمانی سەرەتا، وەكو:

Such dogs are highly valued by all experienced sheep – farnmers

**وەرگێڕانی لەبز بە لەبز(دەقاو دەق):** ئەو سەگانە بەهایان پێ دەدرێ لە لایەن هەموو شوانە بە ئەزموونەكانەوە.

**وەرگێڕانی روون و رەوان:** شوانە بە ئەزموونەكان قەدری ئەم سەگانە دەزانن. (قەدری زێڕ لای زێڕینگەرانە)

لە وەرگێڕانی فارسی رستەی سەرەوەدا، ناكرێ كەڵك لە ستراكتۆری نادیار وەربگرین و ئەگەر كەسێكیش كەڵك لە كردەی نادیار لە وەرگێڕاندا وەرگرێ رستەكەی ئەو بە تەزویر و فارسی(ئەوە بۆ زمانی كوردیش راستە. و) رەسەن نابێ.


# بابەتێك لەسەر شوراكانی شارو دێ

ن: كاوە

وەرگێڕان لە فارسییەوە: لوقمان عەبدوولا زادە

ئەزموونی ٢٧ ساڵی رابردوو نیشانی داوە كە نەتەنیا شووراكانی شارو دێ، بەڵكوو نوێنەرانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی تەنانەت سەرۆك كۆمارو كابینەی دەوڵەتیش توانایی ئەنجام دانی خزمەتكردنی واقیعی بە جەماوەریان نیە. شووراكانی شارو دێ لە ولاتانی دێموكرات دا، یانێ پردی نێوان خەڵك‌و بەرپرسان، بۆ هەرچی باشتر ناساندنی كێشەو گیروگرفتەكان‌و دانانی پلان‌و بەرنامەو بۆ هەرچی زیاتركردنی "خدماتی" خزمەتكردن‌و بۆ لە نێوبردن‌و ریشەكێش كردنی زوڵم‌و گەندەڵی مەحەلی‌و ناوچەیی، پێشگیری لە سەرەڕۆیی‌و بڕیارگەلی شەخسی‌و تاكەكەسی‌و سەلیقەیی، بۆ بەشداری دانی ئەندێشەو هزرو سەلیقەكانی هاونیشتمانان لە نێو كۆمەڵگاداو، گرینگتر لە هەمووی ئەوانە پێوەندیی چڕوپڕی خەڵك لە كاناڵی شووراگەلی شارو دێ دەگەڵ نوێنەرانی خۆیان لە مەجلیسی شوورای ئیسلامی‌و سەرەنجام بە خەیاڵێكی ئاسوودەو خاترجەمییەوە، هاونیشتمانان لەوەكە، بڕیارەكان، ئینتسابات، هەڵبژرادنەكان، پەسەندكراوەكان بە وتوویژو ئاگاداری‌و رازیبوونی نوێنەرەكانیان بە شێوەی ناراستەوخۆی ئەوان بەڕێوە دەچێ. بەڵام هەر كەس بە ویژدانێكی بە ئاگاوە قەزاوەت بكا، پەی بەو خاڵە گرینگانە دەبا كە بڕیارو بیروبۆچوونی هاونیشتمانان‌و چین‌و توێژگەلی جۆراوجۆری نێو كۆمەڵگا كاریگەریی پوزەتیڤی لەمەڕ بارودۆخ‌و وەزعییەتی خەراپی كۆمەڵایەتی نەبووە. بۆچی؟ چونكە: یەكەم: دەسەڵات بۆ پێشنیارو بیروباوەڕ، یان بڕیاراتێك كە بە پێچەوانەی سیاسەتگەلی لە پێشدا داڕێژراو، دیاریكراوە، بایەخێك دانانێ. چوونكە تاقمێكی دەسەڵاتخواز، دەمارگرژو پاوانخواز هەمیشە پێشتر بڕیاریان بۆ هاونیشتمانان داوە. دووهەم: ئەو كەسانەی كە بۆ شوورای شارو دێ هەڵ دەبژێردرێن ئاگایی تەواویان نیەو دەرك‌و ئاستی سیاسیان ئەوەندە نیە، كە بتوانن لە عوّدەیی ئەركە ئەسڵییەكانیان، كە هەمان خزمەت بە خەڵك‌و كۆمەڵگایە بێنەدەرێ، بۆیە كاتێك كەشی نالەبارو پڕ لە كێشەی نێو كۆمەڵ دەبینن، تازە دێنە سەر ئەم باوەڕە كە لە داوەڵێك زیاتر هیچی دیكە نین بۆیان، روون دەبێتەوە كە ئاماجی دەسەڵاتداران لە هەڵبژاردنی شووراكان تەنیا ژێست‌و لاسایی كردنەوەیی دێموكراسی‌یە. دەسەڵاتداران پێویستیان بە هەڵبژاردنی فورماڵێتەو چاوبەستانە هەیە. ئاكامی هەڵبژاردنەكان هەرچی بێ بۆ ئەوان فەرق ناكا. بۆ ئەوان تەنیا رادەی بەشداریكردنی خەڵك‌و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن گرینگە! هەتاكوو لەهەمبەر كۆمەڵگای نێونەتەوەیی رێكخراوگەلی داكۆكیكەر لە مافی مرۆڤدا خاوەنی هێزو مانۆڕو پڕوپاگەندەی زۆرتربن‌و زۆرتر مەزلۆوم نەمایی بكەن.

سێهەم لە هەلومەرجێكی‌وادا كەسانێك كە بۆ شوورای شارو دێ هەڵدەبژێردرێن ریسك ناكەن‌و خزمەتكردن بە خەڵك لەبەرانبەر رق‌و كینەی دەزگا بێ ئەژمارەكانی سەركوت‌و زەبروزەنگ دا لەسەرەوەتر دانانێن‌و لەو هەلە بە قازانجی بەرژەوەندی مادی‌و شەخسیی خۆیان كەڵك وەردەگرن‌و بڕیارو



پەسەندكراوەكان‌و تێكۆشانگەلی خۆیانی لە چوارچێوەی شارەوانییەكان‌و كاروباری زۆر سەرەتایی‌و غەیەرە پێویستدا ساغ دەكەنەوە. سەرەڕای بەشداریكردن لە گەندەڵی‌و بەرتێل خۆریدا دەچنە نێو ئەو سەفە دوورو درێژەی كە ساڵانی رابردوو پردی نێوان دەزگاكانی سەركوتی خەڵك دا بوون‌و درێژە بە رەوشی ٢٧ ساڵ ژیانی رابردوو دەدەن.

روون‌و ئاشكرایە كە هەر تاكێك لە هەر پلەو پایەیەك دا، چە شوورای شار بێ‌و یان نوێنەری مەجلیس یان تەنانەت كارگێڕی ئیدارە یان كەسێك كە لە شوێن‌و ئیدارەگەلی دەوڵەتی سەرقاڵی كارە هەروا بە سووك‌و ئاسانی لە چنگی ئەفرادی وەزارەتی ئیتلاعات‌و ئەمنییەت نەجاتی نابی‌و پێشنیارو داوای هاوكاری سیخووڕی بۆ ئەم وەزارەتەی لێ دەكرێ. دەزگاكانی ئیتلاعات تەنانەت ئەم پێشنیارە واتە(سیخووڕی) بە كەسانی زۆر عادیش دەكەن. بۆ نموونە كەسێك بە هۆی ون بوونی گوزەرنامەكەی ئیزنی دەرەوەی ولاتی لێ ئەسێندرا بووە (ممنوع الخروج) ناوبراو كاتێك بۆ چارەسەری گرفتەكەی سەردانی ئیدارەی گوزەرنامەی كردوە، هیچ جۆرە پرسیارێكی لەمەڕ چۆنیەتی ون بوونی گوزەرنامەكەی لێنەپرساوە. بۆ حەلكردنی گرفتەكەی داوای هاوكاری‌و جاسوسی كردنیان لێكردوە!؟ یان كەسێكی دیكە بۆ دامەزراندنی دەفتەر یان بنكەیەكی "ئیزدواج‌و تەلاق" دەبایە دەزگای ئیتلاعات سەلاحییەتی ئەم دەفتەرە تەئیید بكا، و دوای گەڕانەوەی ئەو شەخسە بۆ ئیدارەی پێوەنیدار پێشنیاری قسەهێنان‌و بردنیان (خبرچینی) پێی كرابوو. بەداخەوە ئێستا كە هەر كەس بۆ چارەسەركردنی كار یا كێشەیەك سەردانی ئیدارەو دامودزگاكانی رێژیم بكا، جاسووس‌و سیخوورەكان دەكەونە پێ‌و شوێنی‌و لە جیاتی حەل كردنی گیروگرفتەكەی داوای جاسووسی‌و سیخوڕیی لێدەكەن. كەواتە پێوەندیی شووراكان‌و تەئییدی سەلاحییەتییان لە لایەن سازمانگەلی ئیتلاعاتی‌یەوە دەگەڵ ئەم رێكخراوو بنیاتانە ڕوونە. بەم جۆرە دەردەكەوێ كە، شووراگەلی شارو دێ ئەركی خۆیان ئەنجام نادەن‌و ئەگەر كەسانێكیش بیانهەوێ لە نێو شووراكاندا ئەركەكانیان بەڕێوەبەرن دەخرێنە پەراوێزەوە، یان دەكەونە بەر رق‌و قینی دەسەڵاتخوازان.

لەمەڕ بەشداریكردنی خەڵك لە هەڵبژاردنەكاندا سەرەتا دەبێ دیاری بكەین كە، قسە لەسەر چ چین‌و توێژێكی خەڵك دەكەین. ئایا قسە لە كەسانێك دەكەین كە لەسەر ئەو باوەڕەن كە، ئەگەر لە هەڵبژاردنەكاندا بەشدار نەبن كۆپینی بنەماڵەكەیان دەبڕن. ئایا قسە لەو خەڵكە دەكەین كە لەژێر پێوەندی پشتیوانی "كومیتەی ئیمداد"و "بهزیستی"دان كە مانگانە یارمەتییەكی كەم وەردەگرن‌و لە سۆنگەی ئەم یارمەتییە كەم‌و نەمرو نەژییەوە دەچنە ژێر باری هەر جۆر داخوازێكی "مشروع و نامەشرووع"ی دەسەڵاتدارانی نیزامەوە!؟ ئایا باس لە كارگێڕانی (شاغلان)ی دەوڵەتی بكەین كە بە هۆی ترس‌و دڵەڕاوكە لە هەستە گەلی دڵڕەقی بژارو دەفتەرگەلی غەیرەقانوونی "حراست" مەجبوورن لە گشت سەحنەكاندا حازر بن، یان لە خوێندكارو قووتابیانێك قسە بكەین كە، بە جۆرێك لە جۆرەكان ترس‌و نیگەرانییان لە داهاتووی خۆیان هەیەو، هەمیشە هەوری چڵكن‌و رەشی بژار(گزینش) باڵی بەسەر ئاسمانی بیرو هزرو ئەندیشەی ئەواندا كێشاوە. كەواتە لە هەلومەرجێكی وەها ناكرێ بە بیرو بۆچوونی جەماوەر قانع بین، چوونكە ساڵانێكی دوورو درێژە خەڵكی وڵاتەكەمان بە پێچەوانەی بیرو باوەڕیان كار دەكەن‌و دەجوڵێنەوە.

خەڵكی ئێمە باش دەزانن كە دەنگ‌و ڕای ئەوان هیچ كاریگەرییەكی لە باشتر كردنی هەلوومەرجی مەوجوود، ئاسایش‌و پیشكەوتن، لەنێو بردنی زوڵم‌و هەژاری‌و گەندەڵی‌و لەش فرۆشی، بەڕێوەبردنی عەداڵەت‌و یەكسانی، خاشەبڕكردنی توندو تیژی دەمارگرژی دا نیەو، تەنانەت دەزانن كە دەنگی ئەوان لە هەلوومەرجێكی‌وا دا زیاتر یارمەتیدەری زوڵم‌و زۆری‌و سەرەڕۆیی دەبێ. بەڵام جگە لە خزم‌و كەس‌و دارودەستەی رێژیم دیسانیش ژمارەیەك جەماوەری كۆمەڵگاكەمان بەسەرنجدان بە شرۆڤەو لێكدانەوەی سەرەوە دەچنە سەر سندووقەكانی دەنگدان!

كێشەی خەڵكی ئێمە لە زۆربەی بوارەكاندا ترس‌و تۆقانە. ساڵانی پێشوو رێژیم روو دزێوی بەخەڵكی بێتاوان نیشان داوەو گشتی باش دەزانن كە لە پشت ئەم مەزلۆوم نەمایی‌و بە رواڵەت عەداڵەتخوازییەی رێژیم، گورگێكی كێوی، خوێنمژو دڕندە خۆی حەشارداوەو، هەركات پێویست بێ، بەبێ ترس لە هیچ رێكخراوێكی نێوخۆیی‌و نێونەتەوەیی بەرهەڵدای نێو كۆمەڵگایی دەكەن. دەبێ تامی شیرینی دێموكراسی‌و دەسەڵاتی خەڵك بەسەر خەڵكدا، عەداڵەت‌و یەكسانی، ئازادی، پێشكەوتن‌و ئاسایش‌و ژیانی باشتر لە نێو تاكی كۆمەڵگادا نهادینە بكرێ‌و هەمووان فێر بن كە، ترس‌و نیگەرانی لە هەژاری، توندو تیژی‌و زوڵم‌و زۆری رێژیمی دەسەڵاتدار بڕووخێت.

لەمەڕ بەشداریكردنی خەڵك لە هەڵبژاردن دا دەبێ بڵێین كە، هیچ شتێك باشتر لە بەشداری كردنی خەڵك لە هەڵبژاردن دا نیە! بەشداری لەهەڵبژاردن دا یانێ حاكمییەت‌و دەسەڵاتی خەڵك بەسەر چارەنووسی خۆی‌و دیاریكردن‌و ئاڵووگۆڕ بەسەر ئەم مەسەلەیەدا. بەڵام بەسەرەنجدان بە بارودۆخی ئێستاو كاراكتەرگەلی رووناكبیر، ئازادیخواز، عەداڵەتخوازو دێموكراسیخواز لە نێو كۆمەڵگای ئێمەدا بە هۆی یاساگەلێكی دەست‌و پێگیر، فیلترینگ‌و دەست گەلی شاراوەی رێژیم ناتوانرێ بۆ مەجلیسی شووراو، شووراكانی شارو دی نامزەد بكرێن. ئەگەر بە دەگمەن كەسایەتی‌یە ئازادیخوازەكان ئامادەگی دەربڕن لە لایەن "نظارت استصوابی" كە تاقمێكی گوێ لە مستی رێبەرین بە ناوی شوورای نیگابان رەدی سەلاحییەت دەكرێنەوەو، بە گشتی كەسانێكی نائاگا، نەخوێندەوارو سەر بە دەسەڵات بۆ ئەم پۆستە گرینگانە نامزەد دەبن‌و سەلاحییەتیان تەئیید دەكرێ، كە ئەوانەش بێ گومان نوێنەرانی راستەقینەی خەڵك نین‌و، بە جۆرێك دەكرێ بڵێین كە بە شێوەی ناڕاستەو خۆ لە لایەن رێژیمەوە، ئینتسابی دیاری دەكرێن. بەشداریكردن لە هەڵبژاردنەكاندا بە قازانجی خەڵك‌و وڵات نیەو نەچوون‌و بەشداری نەكردن لە هەڵبژاردنەكاندا نیشانەی ئیعترازێكی بەرینی جەماوەریی‌و ئاشتی خوازانەیە كە هەم هەڕەشەیەكی مەزنە بۆ سەر دەسەڵاتداران‌و هەمیش جیهانییان باشتر تێدەگەن چۆن لە هەمبەر چۆنایەتی‌و چەندایەتی هەلومەرجی مەوجوودی ئێران بڕیار بدەن‌و هەم گیان‌و ماڵی خەڵك لە مەترسی ناكەوێ‌و هەمیش ترس‌و نیگەرانی بۆ خەڵك‌و كۆمەڵگا دروست نابێ.

## بەڕێوەچوونی دووهەمین كۆنگرەی حیزبە سەوزەكانی وڵاتانی ئورووپایی لە سویس‌و پەسندكردنی بەیاننامەیەك لەسەر ئێران‌و كوردستانی ئێران

دووهەمین كۆنگرەی حیزبە سەوزەكانی وڵاتانی ئوورپایی لەژێر دروشمی: "داهاتوویەكی سەوز بۆ ئورووپا" لە رۆژانی ١٣،١١و١٥ی ئۆكتۆبری ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی لە شاری ژنێڤی وڵاتی سویس لە یەكێك لە هۆڵەكانی زانستگای ژنێڤ بەڕێوەچوو.

لەلایەن رێكخەران‌و بەڕێوەبەرانی كۆنگرەی ناوبراوەوە، حیزبی دێموراتی كوردستانی ئێران پێشتر بە فەرمی بانگهێشتن كرابوو، هەر بۆیە كە شاندێكی حیزبی دێموكرات پێكهاتوو لە هاوڕێیان: دوكتور خوسرەو عەبدوڵڵایی، بەرپرسی بەشی پێوەندییەكانی حیزب لە دەرەوەی وڵات، عادل ئەلیاسی، بەرپرسی بەشی پێوەندییەیكانی حیزب لە سویس‌و باوا ئەلیاسی، جێگری بەرپرسی بەشی پێوەندییەكانی حیزب لەو وڵاتە، بەشداربوون.

تەوەری باسە سەرەكی‌و گرینگەكانی ئەو كۆنگرەیە بریتی بوون لە سیاسەتی ئورووپا لەمەڕ مافی مرۆڤ لەسەردەمی‌تیرۆریزمدا، ژینگەو پاراستنی، پرسی پەنابەران‌و كۆچبەران، بابەتی بەجیهانی‌بوون، (گلۆبالیزاسیۆن)، داد پەروەریی كۆمەڵایەتی، باسكردن‌و پەسەندكردنی بڕیارنامەیەك بەناوی: "داهاتوویەكی سەوز بۆ ئورووپا"و پەسەندكردنی پڕەنسیپە بنەڕەتییەكانی حیزبی كەسكەكان.

لەم كۆنگرەیەدا، بێجگە لە ٣١ پارتی كەسك لە ٣١ وڵاتی ئورووپایی، نوێنەرانی چەندین پارتی كەسكی دیكە لە قارەو وڵاتە جۆراوجۆرەكانی دنیاوە بەشداربوون.

لەماوەی سێ رۆژ كاری كۆنگرەی دووهەمی حیزبە كەسكەكانی وڵاتانی ئورووپایی‌دا شاندی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، وێڕای بەشداریی چالاكانە لە هەموو كۆبوونەوەكانی ئەم كۆنگرەیەدا، لە پەراوێزی كارەكانی كۆنگرەدا چاوی بە كۆمەڵێكی زۆرو بەرچاو لە پارلمانتێر، كەسایەتی، شاندی نوێنەرایەتیی حیزبە سەوزەكانی بەشدار لە كۆنگرەكەدا، نووسەران‌و ژورنالیستەكان كەوت، كە لە سەرجەمی ئەو چاوپێكەوتنانەدا باسەكانی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران، وەك سەرچاوەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، پشتیوانیی رێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێران لە هێزە توندڕەوە ئیسلامییەكان، تەنگتربوونەوەی بازنەی ئازادیی بیروڕادەربڕین‌و تەنگ هەڵچنین بە رۆژنامەو بڵاوكراوە ناحكوومەتییەكان، گرتن‌و زیندانی‌كردنی رۆژنامەوانان، نووسەران‌و رووناكبیران، خەباتی هەقخوازانەی خەڵكی كورد لە كوردستانی ئێران بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، مەسەلەی چەكی ئەتۆمی، پێشێلكاریی مافی ژنان‌و فێدراڵیزم وەك دروشمی حیزبی دێموكرات‌و كۆنگرەی نەتەوەكانی ئێرانی فێدراڵ هاتنە ئاراوە.

بەشێك لەو پارلمانتێر، كەسایەتی‌و لایەنانەی كە دەستەی نوێنەرایەتیی حیزب دیدارو چاوپێكەوتنی لەگەڵیاندا پێك هێنا، بریتی بوون لە: خاتوو كلاودیا رۆت لە بەرپرسانی پارتی كەسكی ئاڵمان‌و ئەندامی پارلمانی ئورووپا، ئاغای دانیەل كۆن بێندیت، خەباتكارو تێكۆشەری ناسراوی حیزبی سەوزی ئاڵمان، ئاغای هووبێرت سووركیندێن، سكرتێری گشتیی پارتی سەوزی سویس، ئاغای ئوولی لۆین بێرگێر، جێگری سكرتێری گشتیی پارتی سەوزی سویس‌و ئەندامی پارلمانی سویس‌و دۆستی نزیكی كورد، خاتوو دۆمینیك ڤۆانای لە بەرپرسانی حیزبی سەوزی فەڕانسەو كاندیدای سەرۆك كۆماریی ئەو وڵاتە بۆ ساڵی ٢٠٠٧و هتد...

پاش باس‌و بیروڕاگۆڕینەوەی شاندی حیزب لەگەڵ بەرپرسانی كۆنگرە، بەیاننامەیەك لەسەر بارودۆخی مافی مرۆڤ‌و سەركوت‌و كوشتاری كۆمەڵانی خەڵكی ئێران‌و گەلی كورد لە كوردستانی ئێران، لەلایەن رێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، پەسند كرا كە دەقی بەیاننامەكە بە شێوەی خوارەوەیە:

### بەیاننامەی دووهەمین كۆنگرەی حیزبە سەوزەكانی وڵاتانی ئورووپایی لەسەر ئێران‌و گەلی كورد لە كوردستانی ئێران

١ـ كۆنگرەی دووهەمی حیزبە سەوزەكانی وڵاتانی ئورووپایی لە خەباتی هێزە دێموكراتیكەكانی ئێران لە پێناوی سەقامگیربوونی ئاشتی، ئازادی‌و دێموكراسی لە ئێراندا پشتیوانی دەكات.

٢ـ كۆنگرە، سەركوتی كۆمەڵانی خەڵكی ئێران، بە تایبەت نووسەران، رۆژنامەوانان، خوێندكاران، لێپرساوانی سەندیكا كرێكارییەكان، ژنان، لایەنگرانی مافی مرۆڤ، كەمایەتییە مەزهەبییەكان، گەلانی ستەم لێكراوی ئێران‌و بە تایبەت گەلی كورد لە كوردستانی ئێران، لەلایەن رێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بە توندی مەحكووم دەكا.

٣ـ كۆنگرە، لە داخوازە رەواو دێموكراتیكەكانی گەلی كورد لە كوردستانی ئێران لە چوارچێوەی دامەزراندنی سیستەمێكی پلۆرالیست، دێموكراتیك‌و فیدراڵ لە ئێران دا پشتیوانی دەكا.

٤ـ كۆنگرە خوازیاری ئازادی دەستبەجێ‌و بێ‌شەرت‌و مەرجی زیندانیانی سیاسی ـ عەقیدەتی‌و ڕاگرتنی سیاسەتی هەرچەشنە جیاوازی دانانێك لە دژی ژنان لە ئێراندایە".

دووهەمین كۆنگرەی حیزبە سەوزەكانی وڵاتانی ئورووپایی ، سەرئەنجام لە كاتژمێر ١ی پاشنیوەڕۆی رۆژی یەكشەممە، رێكەوتی ٢٠٠٦/١٠/١٥ی زایینی، كۆتایی بە كارەكانی خۆی هێنا.

شایانی باسە حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، تەنیا حیزبی ئێرانی‌و كوردستانی بەشدار لەم كۆنگرەیەدا بوو.

# قەیرانی ژێرخانی ئابووریی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران

ناسر ساڵحی‌ئەسڵ



سیستمی ئیداریو سیاسیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، سیستمێکی جیاوازە لە سیستمگەلی ئیداریو سیاسیی ناسراو لە جیهاندا. نە شیاوی ناولێنانی کۆمارییە نە پاشایی، بەڵکوو سیستمێکی داتاشراوو جیاوازە لە گەڵ ئەو سیستمانە. هەر بۆیە سیستمی ئابووریی ڕژیمی ئیسلامیی ئێران بە لێکدانەوەیەك لە جیهانی پێشکەوتووی ئەمڕۆدا بێهاوتایە. پلان دانان لە سیستمی ئابووریی ڕژیمدا نە لەسەر بناغەو بنچینەی حاکمیەتو فەرمان ڕەوایی بێ‌ئەملاوئەولای دەوڵەت، حاکم بوونو مونوپول لە تەواوی بەشەکاندا "وەك وڵاتانی پێشووی کومونیستی"و نە لە سەر بناغەی بنچینەی بازاڕی ئازاد یان ئابووریی تێکەڵاو "مختلط" وەك وڵاتانی پێشکەوتوو یا پەرەئەستێن بەڵکوو وەك چێشتی مجێور وایە، کە هیچ وێکچوونی تێدا نیە.

پاش کۆتایی هێنان بە شەڕی ئێرانو عێراق لە ساڵی ١٩٨٨دا دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی بۆ هەڵدانو پەرەپێدانی ئابووری، پلانی پەرەپێدانی کەرتی تایبەت، کەم بوونەوەی بارستو قەبارەی دەوڵەتیان کردە دروشمی سەرەکیی خۆیان، ئەوە لە کاتێك دا بانگەشەی بۆ دەکرا کە دەوڵەت گەورەترین بونگاداری ئابووری بوو. لە لایەکی دیکەوە هەڵیتو پەلێت دەسەڵاتدارانی ڕژیم بە قولێنگ لێدان، پرۆژە گەڵاڵەکرانو پێ‌هەڵگوتنو لاسایی کردنەوە، پەردەپۆشیی گەندەڵیو ئاوسانی ئابووریی ڕژێمیان دەکرد.

بەڵام هۆکاری سەرکی بەربەستی تایبەتی کردنی ڕاستەقینە، مودیرانی ئاستی بەرزی دەوڵەت بوون، چونکە داهاتووی بەرژەوەندیی مودیرانی ناکۆك بوو، لەگەڵ کەرتی تایبەتی ڕاستەقینە. هەر بۆیە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران. ئەگەر بە شێوەی ڕواڵەتییش بێ بە واگوزاری فرۆشی بەشێك لە سەهامی کۆمپانیا دەوڵەتی‌یەکان بە ئاغازادەکان، سپای پاسداران، کارمەندانی وەزارەتی ئیتلاعاتو زۆر داموەزگای دیکە، لە ژێر ناوی کەرتی تایبەتدا کە لە واقیعدا لە ڕاستای بەرژەوەندیی دەسەڵاتدارانو مودیرانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا بووو، هیچ قازانجو بەرژەوەندییەکی بۆ هەڵدانو پەرەسەندنی کەرتی تایبەتی بە دواوە نەبوو. هەروەها گەورەترین کێشەو تەگەرەی ژێرخانی ئابووریی ئێران تەك بەرهەم بوون لەسەر بنچینەو بناغەی بەرهەم هێنانو فرۆشی نەوتی خاوە. هەر بۆیە دابینکردنی داهاتی نەتەوایەتیی ئێران بەستراوەتەوە بە داهاتی‌فرۆشی نەوتی خاو. ئەو تایبەتمەندییە لە سەر پێوەندیی دەوڵەت ـ نەتەوە کاردانەوەی نێگاتیڤی هەیە. چونکە لەو وڵاتانەی کە داهاتی نەتەوایەتی لەسەرچاوەی باج (ماڵیات) دابین دەکرێ، دەوڵەت لە واقیعدا مووچە خۆری خەڵکەو دەوڵەت ناچارە لە بەرامبەر خەڵکدا شەفافو وەڵامدەر بێ. بەڵام کاتێك داهاتی نەتەوایەتی لە فرۆشی سامانە سروشتی‌یەکان بێ، سروشتییە دەوڵەت خۆی بە پارێزەرو بەرپرسیار نازانێ، وەڵامدەری هەمەلایەنەی خەڵك بێ. بە واتای ڕوونتر پێوەندیی ئابووریی دەوڵەت ـ نەتەوە حوکم ناکا کاربەدەستانی دەوڵەت نیسبەت بە خەڵك "متعهد" بن. چونکە پێوەندیی دەوڵەت ـ نەتەوە لە سەر بنچینەی دابەشکردنی نەتەوایەتی بە شێوەی سوبسیدە، ئەوە لە کاتێك دا فاکتەرە پۆزەتیڤەکانی بوروکراسی بریتین لە، سەلاحییەتو لێهاتوویی مودیرانی دەوڵەت، سەربەخۆیی بوروکراسی، خزمەت گوزاریی گشتی‌یە، کە ئەو خاڵە پۆزێتیڤانە لە چوارچێوەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا مانایان نیە.

تیمی ئابووریی دەوڵەتی ڕەفسەنجانی سیاسەتی سڕینەوەی سوبسیدیان لە سەبدی کالا ئەساسییەکانی خەڵك گەڵاڵە کرد. بەڵام بە هۆی دژکردەوەو ڕەنگدانەوەی ئابووریو سیاسی لە بەرامبەر ئەم سیاسەتو بڕیارەدا، بە کردەوە جێبەجێ نەکرا. لەو کاتەوەی تا ئێستا میزانو ڕادەی سوبسیدی کاڵای ئەساسی لە بودجەی ساڵانەدا ساڵ بە ساڵ زیاتر دەبێ. بۆ نموونە دەوڵەتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بێجگە لە ٣٠ هەزار میلیارد ڕیال سوبسیدی کاڵای ئەساسی سەبدی مەسرەفی بنەماڵە، ٤ میلیارد دۆلاریش بۆ هاتووی بنزینو لە سەر یەك نزیك بە ١١ میلیارد دۆلار بۆ کڕینی سووتەمەنی سوبسید دەدا. هەروەها کاربەدەستانی ئابووریی ڕێژیم دادپەروەری لە دابەشکردنی سوبسید لە نێوان چینو توێژەکانی کۆمەڵیان بە دوو هۆ نەتوانیوە بەڕێوەبەرن:

ئا ـ ئابووریی سوبسیدی پێکهاتی ڕانت خواری‌یە.

ب ـ پێوەندیی ڕاستەوخۆی مەسرەف ـ سوبسید. "لە ئابووری سوبسیدی‌دا" بە کورتی ئەستوونەکانی ئابووریی سوبسیدی، زەمینەو ڕێگەخۆشکەری پێکهێنانی ڕانت خواری‌یە. بۆ نموونە کاتێك کالایەکی وەك بنزین لەسەر ئەساسی پێوەندی‌یە کە مەسرەف، سوبسید وەردەگرێ، چونکە پێوەرێك بۆ میزانو ڕادەی مەسرەفو دابەش کردن لە کۆمەڵگادا دیاریکراو نیە، واتا هەرچی مەسرەف زیاتر بێ، سوبسیدی زیاتر وەردەگرێ، لە وەها بارودۆخێکدا لادان لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی پێك دێنێ. چونکە چینی ساماندارو پڕمەسرەف زیاتر سوبسید وەردەگرێو چینی هەژارو بێ‌سامانو کەم داهات کەمتر سوبسیدو داهاتی نەتەوایەتی وەردەگرێ. جێی وەبیرهێنانەوەیە تا ئێستا ڕۆژانە زیاتر لە ٦٠ میلیۆن لیتر بەنزین لە ئێراندا مەسرەف دەبێ، نزیك بە ١/٥ میلیۆن لیتر بەنزین بۆ وڵاتانی دراوسێ قاچاغ دەکرێ. بە واتایەکی دیکە خەڵکی وڵاتانی دراوسێی ئێران لە داهاتی نەتەوایەتی "بە شێوەی سوبسید" لە سایەی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران سوودمەند دەبن.

هێشتنەوەی قەیرانی ئابووریو پێداگرتن لە سەر ڕەوشتی نادروستی پلانی ئابوری، تێداچوونی زیاتری ئابووری وڵاتانی لێ‌کەوتۆتەوە. تەنانەت دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە تایبەت کاربەدەستانی ئابووریی ئێران، بۆ ڕاگرتنی قیمەتی دۆلار لە ئاستی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیمدا سوبسیدی بۆ تەرخان دەکەن.

بە وتەی یەکێك لە دەمڕاستەکانی بانکی ناوەندی ئێرانو ڕای زۆربەی کارناسانی ئابووری نرخی ڕاستەقینەی یەك دۆلار ٢٢٠٠ تمەنە. هەربۆیە کاربەدەستانی ئابووریی ڕێژیم بۆ کۆنترۆڵ کردنی بازاڕی کڕینو فرۆشی دۆلار بە خستنەرووی دۆلاری نەوتی بۆ بازاڕ، قیمەتی یەك دۆلاریان لە ئاستی ٩٠٠ تمەندا ڕاگرتووە. بە زمانێکی سادەو شەفاف دەوڵەتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە پاشکەوتی داهاتی فرۆشی نەوت بۆ ڕاگرتنی قیمەتی دۆلار سوبسید دەدا. لە لایەکی دیکەوە کاربەدەستانی ئابووریی ئیسلامیی ئێران بە خستنەرووی بێ‌شەرمانەی دۆلاری نەوتی لە بازاڕدا بۆ ڕاگرتنی نەگۆڕی فیڵاوی بایی (ئەرزش) دۆلار لە ئاوسانی ئابووری ساڵانەی ڕێژیمدا، لە کردەوەدا بە کۆمپانیا چینی، کورەیی، هیندیو ئورووپاییو... سوبسید دەدا تا کالاکانیان هەرزانتر بگەنە دەستی مەسرەف کەری ئێرانی.

بێگومان ڕاگرتنی نەگۆڕیی فیڵاویی قیمەتی دراوی قورس هۆکاری بەرزبوونەوەی مەترسیداری هاتووی کالا دەبێ. ساڵی ڕابردوو بە شاهیدیی ئاماری ڕەسمیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران نزیك بە ٤٠ میلیارد دۆلار کالا هاتۆتە بازاڕەکانی ئێران، ٣٥ میلیارد دۆلاری لە بازاڕچەو ئەسکلە ڕەسمییەکانی ڕێژیمەوە هاتووەو نزیك بە ٥ میلیاد دۆلار لە ئەسکلە شاراوەکانی (نامرئی) سپای پاسدارانو ئاغازادەکانو .... هاتۆتە بازاڕەکانی ئێرانەوە. کارناسانی ئابووری هاتووی ٤٠ میلیارد دۆلار کالا لە ساڵی ڕابردوودا کە زیاتر لە داهاتی فرۆشی نەوتە، وەك داوەستان (رکود) لە مێژووی ئابووریی ئێراندا ئاماژەی پێ‌دەکەن.

دوای چوونەسەری قیمەتی نەوت، ئەوساڵ لە بازاڕی جیهانیدا، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ ڕاگرتنی نەگۆڕی قیمەت دراوی قورس (ئەرزی)و دابینکردنی کەسری بودجەی ساڵانە، دەستی کردوە بە خستنەرووی بەربلاوی دراوی قورس لە بازاڕدا تا ئەو جێی‌یە ئیمکانی نزمبوونەوەی قیمەتی دراوی قورس دەکرێ. تا جێگایەك بۆ یەکەم جار تەواوی بەربەرستو لەمپەرەکانی یارانە (تعرفە) لە سەر ڕێگای هاتووی کالای دەرەکی بێجگە لە مەشرووباتی ئەلکولی، ئازاد کرد. بەڵام ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران تا کاتێك دەتوانێ ئەو دەستو دڵبازیو بەخشینەرییە درێژە پێ‌بدا، کە قیمەتی فرۆشی نەوتی خاو هەروا بەرز بێو داهاتێ لیوان لێوی فرۆشی نەوتی لە خەزێنەدا هەبێ. ئەگەر قیمەتی نەوت دابەزی ڕێکەوتێکە کە سەرئەنجام دێتەدی تەنانەت ئێستاش نیشانە گەلێك هەیە لە نزمبوونەوەی قیمەتی فرۆشی نەوتی خاو لە بازاڕەکانی جیهاندا. ئیدی ئەوکات ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەرفەتی ئەوەی نیە پاشکەوتی دراوی قورسی خۆی لە بازاڕدا وەگەڕبخا. فەنەرێك کە ساڵانێکە بە تەوژمی خستنەرووی دراوی قورسی سوبسیددار وێك هاتوە لە پڕێکدا ئازاد بێ، دەنگی ئازادبوونی، تەختو بەختی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران خاپوور دەکا.

ژێدەر: ئیتلاعات سیاسی ـ ئابووری ژمارەکانی ٢١٤ ـ ٢١٣ ـ لاپەڕەکانی ١٣٤ ـ ١٣٣

# عومران سەلاحی، شاعیرو تەنزنووسی هاوچەرخی ئێرانی، کۆچی دوایی کرد

بێبەش

ڕۆژی ٢ی ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی، عومران سەلاحی، شاعیرو نووسەری بە ناوبانگی ئێران، بە هۆی ڕاوەستانی دڵ، لە نەخۆشخانەی "تووس" لە شاری تاران، بۆ هەمیشە چاوەکانی لەسەریەك دانان.

عومران سەلاحی، ڕۆژی ١٠ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی، لە شاری تاران لە دایك بوو. تەمەنی منداڵیی لە شارەکانی تاران، قومو تەورێزدا تێپەڕ کرد. ساڵی ١٣٤٩ بڕوانامەی فەوق دیپلۆمی لە وەرگێڕانی زمانی ئینگلیسیدا لە زانکۆی تاران وەرگرتو شێعرەتەنزەکانی لە بیست ساڵییەوە لە گۆڤارەکانی تاران دا چاپو بڵاو کردەوە. ساڵی ١٣٥٢ لە سەر بانگهێشتنی "نادری نادرپوور" لە دەستەی ئەدەبو هونەری ڕادیۆو تەلەویزیۆن دامەزراو ساڵی ١٣٧٧ خانەنشین کرا.

بە شێك لە بەرهەمەکانی بریتین لە ڕۆمانی "ڕەنگە باوەڕ نەکەن"، "ئێستا حیکایەتی ئێمەیە"، لە گوڵستان لاپەڕێك هەڵبگرە"، "گریان لە ئاودا"، "عەتتاری لەمژدا"، هەڵبژاردەی شێعرە تەنزییەکانو "ئەی شنە بای بەیانی"و.... ناوبراو هەروەها چەندین کتێبو کۆمەڵە شێعری بە زمانەکانی فارسیو تورکی لە ژێر چاپ دایەو لەم دواییانەدا تازە لە سەفەرێکدا گەڕایەوە، کە بە مەبەستی قسەکردن لە سەر شێعری هاوچەرخی ئێران، بۆ وڵاتی چین کردبووی.

عومران سەلاحی لە چوارچێوەی بەرهەمە پێکەنیناوییەکانیدا تاڵترین کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دەردەبڕین. بەکوژانەوەی چرای تەمەنی سەلاحی، خەسارێکی گەورە بوو کە لە ئەدەبیاتی ئێران کەوت.

**ئەم دوو نموونە لە بەرهەمە تەنزییەکانی، نەمر "عومران سەلاحی"ن :**

## کارخولڤێنی

کەسێك سەر لە دایرەی دۆزینەوەی کار دەداو دەڵێ" ئەمن دەستەکانم تاقەتیان نەماوەو ئیدی ناتوانم سمێڵەکانم با بدەم، بە وتەیەکی دیکە لەخۆسەرقاڵ کردن بێ‌بەش بووم".

وەڵامی دەدەنەوە کە "بڕۆ، ئێمە کارت بۆ دەدۆزینەوە".

حەوتوویەکی دیکە کەسێکی دیکە سەردانی دایرەی دۆزینەوەی کار دەکاو دەڵێ: "سەرۆکی کارخانەی ئێمە کارخولڤێنی بەڕێوە بردووەو کاری لەمن ئەستاندۆتەوەو دەری کردووم. ئێوە چارەیەکمان بۆ بدۆزنەوە".

وەڵامی دەدەنەوە: "حەوتووی ڕابردوو کەسێکی دیکە هاتە ئێرە کە دەستەکانی تاقەتیان نەمابوو هەتا یاری بە سمێڵەکانی بکا. ئێوە دەتوانن بڕۆنە لایو یاری بە سمێڵەکانی بکەن".

داواکار دەڵێ: "ناکرێ کارێکی دیکەم بۆ بدۆزنەوە؟"

لێی دەپرسن: "ئەو کارە چ ئیرادێکی هەیە؟ وەك دەڵێن دەستی ماندوو لە سەر سکی تێرە."

داواکار دەڵێ: "دەزانم کارکردن عەیب نیە. بەڵام ئەگەر هاتوو سمێڵەکانی کابرا با بردی چیبکەم؟ سەرلەنوێ من بێکار دەبمەوە."

وەڵامی دەدەنەوە: "نیگەران مەبە ئەوکات دەستت بە شوێنێکی دیکەوە بەند دەکەین."

## ڕۆژگار تێپەڕیوو

پیرەمێردێکی شەقو لەق لەسەر کورسیی پارکێك دانیشتبووو چاوی لە ئاسۆیەکی دوور بڕیبوو. هەواڵنێرێك هات لە لای دانیشتو زەبتی سەوتەکەی هەڵکردو میکرۆفۆنەکەی بەرانبەر بە دەمی پیرەمێردەکە ڕاگرتو لێی پرسی: "دەمەویست بۆ گۆڤاری لاوان لە گەڵت وتوووێژ بکەم."

پیرەمێرد گوتی: "قەیدی ناکا ئەی لاو. هەر چەندە پیرم بۆ شەوێکی تۆ لەئامێزم گرە تا بەیانی لە پەنای تۆ وەکوو لاوێ هەستمەوە."

هەواڵنێر گوتی: ڕاست پرسیاری من لەو بارەوەیە. تۆ ئیدی لەکار کەوتووی. وەك دەوڵەت ئابادی دەڵێ ڕۆژگار تێپەڕیو تۆش بەساڵاچووی."

پیرەمێرد گوتی: "هێشتا لەسەر پێ دانیشتووم!"

هەواڵنێر گوتی: " بەڵام کولێنگ لێدراوی ژێربینات ڕماوە."

پیرەمێرد گوتی: "لەوەی کە ورەم پێ‌دەبەخشی سپاست دەکەم. بەڕاستی بە ژیان هیوادار بووم."

هەواڵنێر گوتی: " لەخۆڕا هیوادار بووی. ئێوە وەك ماشێنە لەکارکەوتووەکانن. لەخۆڕا بەسەر شەقامەکاندا دێنو دەچن. سپەرتان شۆڕ بۆتەوە، ماتۆڕتان نامیزانە، چراکانتان کەم شۆقن، ئاوێنەی لاتەنیشتتان نیە، پێشەوەتان شەقو شڕە، جەعبەی پشتەوەتان لار بووە، تەنیا بووقەکەتان باش کار دەکا. ئێستا هاتوونو خۆتان لە سپەری ماسشێنەکان دەخشێننو بەم شێوە ژیان بەسەر دەبەن.

پیرەمێرد گوتی: "بەڵام ئەی لاو! ئێمە سەردەمێك تەختە گاز دەڕۆیشتین."

لاوەکە گوتی: "هەر بۆیە ماتۆرەکەتان سووتاوەو کەوتوونەتە ڕۆن سووتاندن".

پیرەمێرد گوتی: "ئێمە تازە ڕۆنمان گۆڕیوە."

هەواڵنێر گوتی: "بۆچی ئاوا بە ژیانەوە نووساون، بۆچی بەرەحمەتی ئیزەدی شاد نابن؟"

پیرەمێرد گوتی: "ئێمە بە ژیانەوە نەنووساوین، ژیان بە ئێمەوە نووساوە، لەوەش بەولاوە ئاغای ڕەحمەتی ئیزەدییش لەم دەوروبەرانە نایەتە بەر چاو."

ـ "بۆ"؟

ـ "چونکەدەری نایەنێ خەرجو موخاریجی مردن زۆرە. دۆستێکم هەبوو هەژدە ساڵ لەمەوبەر بە ڕەحمەتی ئیزەدی شاد بوو، کەسوکاری قەرزو قۆڵەی دنیایان کرد هەتا بەخاکیان ئەسپاردو ڕێورەسمیان بۆ پێك هێنا. ئێستا دوای ١٨ ساڵ لە یانەسیبی بانك دا ماشێنێکی پیژۆی (جی ئیل ئیکس)یان بۆ دەرچووە. خراپ نیە مرۆڤ بە ماشێنێکی ئاوا بەرەو دیاری هەرمان بەئاژوێ. بەڵام بەداخەوە درەنگ بوو."

هەواڵنێر گوتی: "ئەو ماشێنە چی بەسەر دێ. هەی لەو بەختە."

پیرەمێرد گوتی: "بڵێم چی، قەرار وایە کەسوکاری خوالێخۆشبوو ماشێنەکە بفرۆشنو لە قەرزو قۆڵانی بدەنەوە."

و: بێبەش

# دێموکراسی و مافی نەتەوایەتی لە ئێراندا

**سامان کۆنەپۆشی**

"هەڵبە ئەگەر کەسێك پێی وابێ دەکرێ خودمختاری لە کوردستاندا بێتەدی بێ ئەوەی لە بەشەکانی دیکەی ئێراندا حکومەتێکی نیشتمانیو دێموکرات دامەزرابێت" دوکتور قاسملوو

ێموکراسی سیستمێکی کراوەو فرەچەشنەو بە پێی گۆڕانی کاتو شوێن، شێوەی پیادەکردنی دێمۆکراسیش گۆڕانی بەسەردا دێ، بۆیە تەنیا شێوەیەکی دیاریکراوو نەگۆڕی نیە، بەڵکوو بە سەرنجدان لە پێکهاتەی وڵاتە جۆراوجۆرەکان دەبێ شێوەیەك لە دێموکراسی هەڵبژێرین کە بتوانین لەگەڵ پێکهاتەی سیاسی، کۆمەڵایەتیو کولتووریی وڵات بیگونجێنین.

ئەگەر سەرنج بدەینە چۆنیەتی پراکتیزەکردنی دێموکراسی لە وڵاتە دێموکراتیکە جۆراوجۆرەکاندا، دەبینین کە جۆری دێموکراسی لە هەرکام لەم وڵاتگەلەدا، هەندێ جیاوازیی پێکەوە هەیە. بۆ نموونە ئەو دێمۆکراسییەی کە لە ئامریکادا پیادەکراوە، لەگەڵ جۆری دێموکراسی لە ئورووپادا خاوەن جیاوازیگەلێکی زۆرە، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەیکە دێموکراسی ئەمریکاییو ئورووپایی لێك جوێ بکرینەوە. دیارە ئەگەر بتوانن ئورووپا وەك گشتێك چاو لێبکەین، چونکە سیستمی بەڕێوەبەریی هەرکام لە وڵاتە ئورووپاییەکان جیاوازیگەلێکی بەرچاویان هەیە. وەك نموونەش دەتوانین ئاماژە بە شێوەی ڕووبەڕوو بوونەوەی هەرکام لە وڵاتانی یونانو فەرانسە لەگەڵ ئایین دا بکەین. ئەگەر لە وڵاتێکی وەك فەڕانسەدا ئایین تەنانەت دەتوانین بڵێین بە تەواوەتی لە سیاسەتو دەزگا سیاسییەکان دوور خرابێتەوەو گەڕێندرابێتەوە بۆ نێو کلیساکان، لە بەرامبەردا، کلیسا لە وڵاتێکی وەك یونان‌دا، تاڕادەیەك خاوەن دەسەڵاتەو دەست وەردەداتە نێوکاروباری سیاسیی وڵاتیشەوە. لێرەوە دەزانین کە هەرکام لەم دوو وڵاتە بە پێی پێکهاتەی خۆیان، هەڵسووکەوت لەگەڵ ئایین دەکەنو ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەیکە دوو شێوەی هەڵسووکەوتی جیاواز لەگەڵ ئایین دا بگرنە پێش.

بە سەرنجدان بە ڕەوشی ئێران، دەبینین کە ئەم وڵاتە لە چەند نەتەوەی جیاواز پێکهاتووە. هەرکام لەم نەتەوانە لە چوارچێوەی جوغرافیایی دیاریکراودا دەژینو خاوەن جیاوازیگەلێکی کولتووری، زمانیو...هتدن، کە لەوانی دیکەیان بە تەواوەتی جیادەکاتەوەو وەك نەتەوەیەکی تایبەتو جیاواز دەیناسێ، بە جۆرێك کە بۆ زانینو تێگەیشتن لە ڕاستیی ئەم وتە، هێندە بەسە کە سەفەرێك بۆ شوێنەجۆراوجۆرەکانی ئێراندا بکەینو چاوێکی کراوەمان هەبێ بۆ بینینی جیاوازییەکانی خەڵکی دەڤەرە جۆراوجۆرەکانی ئێران.

دێموکراسی سیستمێکە، لەودا نەك تەنیا مافی ژیان، بەڵکوو لە پلەیەکی بەرزتردا، بوار بۆ ئازادیو ڕێزگرتنی جیاوازییەکان دەرەخسێنێ، و مافی بێ ئەم لاوئەولای هەر کەمایەتییەکی نەتەوەیی‌یە لە هەر وڵاتێکدا نیشتەجێ بێ، کە ئەرکی بەڕێوە بردنو ڕاپەڕاندنی کاروباری نیشتمانی خۆی وە ئەستۆ بگرێ. کەواتە یەکەمینو سەرەکیترین ئەرکی دێموکراسی لە وڵاتێکی فرە نەتەوەدا، دابینکردنو هەروەها گەرەنتیی مافە سیاسیو کولتوورییەکانی نەتەوەکانەو، بەبێ ئەمەش، دیارە کە ڕەوتێکی شۆڤێنیستی باڵادەست دەبێ‌کە هەوڵی لە ناوبردنو سڕینەوەی شوناسە جیاوازە نەتەوەییەکان دەداو وڵات بەرەو دیکتاتۆری ڕادەکێشێ. هەر بۆیە لە ئێراندا، پێداگرتن لە سەر مافی نەتەوەکان، پێداگرتنە لەسەر دێموکراسی، و هەوڵی هەڵگرتنی یەکەمین هەنگاو بۆ گەیشتن بە حکوومەتێکی دێموکراتیكو هەروەها پێداگرتن لەسەر دێموکراسی پێداگرتنە لە سەر مافە نەتەوەکان وەك یەکەمین هەنگاو بۆ دەستەبەرکردنی دێموکراسی. دەبینین کە دێموکراسیو مافی نەتەوەکان لە ئێراندا بە شێوەیەك پێکەوە گرێدراون کە بە بێ‌بوونی یەکێکیان، ئەوی دیکەیان دەکەوێتە مەترسییەوە. دیارە پێویستە ئەوەش ڕوونکەینەوە کە، مەبەست ئەوە نیە بە دابینبوونو گەرەنتیکردنی مافی نەتەوەکان، کێشەی دێموکراسی لە ئێراندا چارەسەر دەبێ، بەڵکوو زۆر لە نیشانەکانی دیکتاتۆری لە ڕێژیمی ئیستای ئێراندا هەن، کە پێویستیان بە پێداچوونەوەیەکی ورد هەیە، و مەبەست ئەوەیە کە یەکەمین هەنگاو بۆ دەستەبەر کردنی دێموکراسی، دابینو گەرەنتیی‌کردنی مافی نەتەوەکانە، و بە بێ هەڵگرتنی ئەم یەکەمین هەنگاوە، هەر بەناو دێموکراسییەکی دیکە، لە درووشمێکی بێناوەڕۆك پتر، شتێکی دیکە نیە.

بەڵام بۆچی هاوکات لە گەڵ دابین بوونی مافی نەتەوەکاندا، باسی گەرەنتیکردنی ئەم مافانە دەکەین؟ ئەگەر ئاوڕ لە مێژووی ئێران بدەینەوە، دەبینین کە سەرەکیترینی ئەو هۆکارانەی کە مافی نەتەوەکان بە درێژایی مێژوو لە ژێر پێ نراوە، پاوانبوونی دەسەڵات لە ناوەند بووە. پاوانبوونی دەسەڵات لە ناوەندا دەبێتە هۆی ئەوەیکە، سەرجەم نەتەوەکان نەتوانن پێش بە پێشێلبوونی مافەکانیان بگرنو دەسەڵاتی ناوەندی بەمەیلی خۆی ئەو مافانە پێشێل بکا. بۆیە ئەمڕۆ نەتەوە بن دەستەکانی ئێران، بە بێ‌دابەش بوونی دەسەڵات بەسەر هەرێمەکاندا، مافەکانیان دابین نابن، چونکە هەرکات حکومەتی ناوەندی ویستی، بە ئاسانی دەتوانێ لەژێر پێیان بنێ.

هەر بۆیە ئێران پێویستی بە دابەشبوونی دەسەڵاتو کۆتایهێنان بە پاوانبوونییەتی لە ناوەندا. دەشزانین کە باشترینو گونجاوترینو دێموکراتیکترین شێوەی دابەشکاری دەسەڵات، فیدراڵیزمە. لە چوارچێوەی سیستمی فیدراڵدا نەتەوەکانی ئێران دەتوانن بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانەو هاوکات لەگەڵ متمانە بە یەکتر، لەگەڵ یەکدا ژیانێکی ئاسوودە بژین. و بەسەرنجدان لە پێکهاتەی ئێران، تەنیا ئەم سیستمە دەتوانێ بوار بۆ سەقامگیریی دێموکراسی ڕاستەقینە لە ئێران دا بڕەخسێنێ.

> **پاوانبوونی دەسەڵات لە ناوەند بووە. پاوانبوونی دەسەڵات لە ناوەندا دەبێتە هۆی ئەوەیکە، سەرجەم نەتەوەکان نەتوانن پێش بە پێشێلبوونی مافەکانیان بگرنو دەسەڵاتی ناوەندی بەمەیلی خۆی ئەو مافانە پێشێل بکا.**

---

# جینایەتی درندانە لە ژێر ناوی پاراستنی "نامووس"دا


**کوێستان فتووحی**

*"نامووس" ئەو (کالا)یەی کە دەبێ ژنان بە باشی بۆ پیاوانی بپارێزن!*

خاتوو مەهابادقەرەداغی پێی وایە کە، هەتا خاوەنی ئەو پێناسەیە بین کە ژن شەرەفی پیاوە، ناتوانین بیر لە ئازادیی مرۆڤەکان بکەینەوە، چونکە ئەو پێناسەیە مرۆڤ دەکا بە کویلە. ئەگەر کویلەش هەبێ خاوەنکویلەش هەیە. ئەو دوانە هیچیان مرۆڤی ئاسایی نین. هەروەها دەڵێ، جەستە ئەو کاتە پیرۆزە کە بۆ چالاکیو داهێنان لە پێناوی مرۆڤایەتیدا بجووڵێ. شەرەف، جەستەی ژن بێ‌توانا دەکا. ژن ناتوانێ هیچ چالاکیو داهێنانێکی هەبێ، چونکە کویلەی کەسێکی دیکەیە. شەرەف، لای ئەو ژنە تێکۆشەرو ڕووناکبیرە لە ئاکاری باشی خودی مرۆڤ دایە. ئاکاری باشیش بریتییە لە ڕاستگۆیی، دەستپاکی، مرۆڤدۆستی، ژیاندۆستی، دڵسۆزیو مێهرەبانی...

کۆمەڵگای ئێمە، کۆمەڵگایەکی ئیسلامیو، سوننەتییە. لە یاسا، عورفو کولتووری کۆمەڵگای ئیسلامیو سوونەتیشدا، ژن وەك کالایەکی جینسی چاوی لێ‌دەکرێ، ئەو کالایەش لە ئیختیاری پیاو (باوك، براو مێرد) دایە. واتە ژن مولکی ئەوانەو دەبێ بەدڵی ئەوان هەڵسوکەوت بکاو چۆنیان پێخۆشە ئاوا ڕەفتاری لەگەڵ بکەن. بۆیە هەموو خواستو ئارەزوو و مافەکانی دەبێ لە جانتایەك بخا بە ناوی "نامووس"، ئەویش هی پیاوەو دەبێ زۆر بەئەمانەتەوە بۆی بپارێزێو نەیەڵێ چاوی تەماع توخونی بکەوێ، ئەگینا لەلایەن ئەوانەوە تووشی خراپترین سزا دەبێتەوە. کولتووری کۆمەڵگای ئێمە بناخەکەی لەسەر ئەساسی ئایین داڕێژراوەو ئایینیش هەمیشە بە چاوێکی سووك لە جەستەی ژنی ڕوانیوەو ڕەوشتی بنەماڵەو کۆمەڵگەی لەو جەستەیەدا پێناسە کردوە. هەربۆیە ژن خۆشی خاوەنی جەستەی خۆی نەبووە. واتە جەستەی ژن لە ئیختیارو کۆنترۆڵی پیاوان ـ ئەگەر کچ بێ لە ئیختیار باوك‌وبراو مامو ئامۆزاو... ئەگەریش ژن بێ، لە ئیختیار مێرد ـ دایە. بۆیە هەر لادانێك لە خەتی سووری ئەوان سووکایەتییە بەو پیاوانەو سزاکەشی هەر سپێردراوە بەوان. ئەم سووکایەتی کردنە بە ژنان، مەگەر ژنان هەر بۆخۆیان بزانن چەندە بۆ ژنان، ئەویش ئەو ژنانەی کە لە واقعی تاڵی ئەو ناعەداڵەتییە گەیشتون.

بەڵێ، لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە بیرو فکرێکی بەتەواوی توندوتیژانەو نادادپەروەرانە زاڵە بەسەر ژناندا. هەموو جۆرە هەڵسوکەوتێکی ژن بە شكو گومانەوە سەیری دەکرێ. تەنانەت قسەکردن، پێکەنینو هەرجۆرە پێوەندییەکی ژن لەگەڵ پیاو، دەیان جۆر تەفسیری لێ‌دەکەوێتەوە. ئەگەر کچێك لەگەڵ پیاوێك قسە بکا، بەوە تاوانبار دەکرێ کە لە ڕێوشوێنە ئەخلاقییەکانو بەهاکانی کۆمەڵگە لای‌داوە. ئەگەر ژنێکی خێزاندار لە گەڵ پیاوێك پێوەندی ئاسایی هەبێ، خێرا بەوە مەحکووم دەکرێ کە ڕێزو بەهای بنەماڵەکەی پێشێل کردوە. لەم کۆمەڵگایەدا هەمیشە ژنان مەحکوومن.




بەداخەوە کوشتنی ژنان لە کوردستاندا، بە ناوی پاراستنی "نامووس" لە پەرەسەندن دایە. ڕۆژ نیە هەواڵی خەمهێنەری کوشتنی ژنێك بە دەستی نزیکترین کەسانی خۆی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاونەکرێتەوە.

ئەم دیاردە دزێوو بێزهەستێنەی کە ناوی لێ‌نراوە "پاراستنی شەرەفو نامووس"، ڕوخساری کۆمەڵگەی ئێمەی بە تەواوی ناشیرین کردوە. بەڕێوەبەرانی ئەم جینایەتانە لەوپەڕی دڵڕەقیدا بە ناوی پاراستنی بەهایەك بە ناوی "نامووس"، گیانی کەسانی نزیکی خۆیان دەستێنن بەبێ ئەوەی لە لایەن یاساوە ڕووبەڕووی کەمترین سزاببنەوە.

عاشق بوونو خۆشەویستی کردن لە ڕوانگەی "نامووس پەرستان"ەوە، تاوانگەلێکی گەورەن. ئەوانە یاساو ڕێسای بنەماڵەو کۆمەڵگە خەوشدار دەکەن، بۆیە لادان لەم یاسایە بە ئاسانیو بەبێ هیچ ترسێك سزای بۆ دیاری دەکرێ.

"نامووس" چیە کە وا هەر لە لایەن ژنانەوە دەکەوێتە مەترسییەوە؟ ژنانی بێ‌نامووس کێنو پیاوانی بەنامووس کامانەن؟

لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەموو بەها مرۆڤایەتییەکان نرخی خۆیان لەدەست داوە، خۆشەویستی کە جوانترین بەهای ژیانی مرۆڤایەتییە، مرۆڤی لەسەر دەکوژرێ. قوربانییەکانیش زۆربەی زۆریان کچانو ژنانن. ژن دەبێ پابەندبێ بە خواستو ئارەزووو داواکانی پیاو، دەبێ هەر ملکەچی ئەو ڕێوشوێنە توندو نامرۆڤانەیە بێ کە بەناوی "نامووس"ەوە بەسەر کۆمەڵگەو بەتایبەت ژنانی کۆمەڵگەدا سەپاوە. ئەوە یاسای ئیسلامیو پیاوسالارانەیە کە "نامووس" لە جەستەی ژندا دەبینێ. هەر بۆیە جەستەش نرخی سروشتیی خۆی لەدەست داوە. نامووس بۆتە شتێکی پیرۆزو بەنرخ بۆ پیاوان. دیارە پیرۆزییەکەشی لەوەدا ڕەنگ دەداتەوە کە ژن خۆی فیدای پیاوانی بنەماڵە بکاو هەموو ژیانی، هەستی، خۆشەویستی، پێوەندیی جینسیو.... لە ئیختیاری ئەواندا بێ بۆ ئاسوودەییو خۆشیی بەخشین بە ژیانی ئەوان. بوونی "نامووسو شەرەفی" پیاویش لە ڕەفتاری "جوان"ی ژندا خۆی دەنوێنێ. ڕفتاری جوانیش لەم کۆمەڵگە داخراوەدا بۆ ژن هەموومان باش دەزانین دەبێ چۆن بێ: بە تەواو مانا "نەجیب". نەجیب لە ڕوانگەی پیاوسالارییەوە بە مانای شەرمنو بێدەنگ، جەستەی داپۆشراو، مل ڕاکێشانی بێ‌ئەملاوئەولابۆ هەرچەشنە فەرمانێکی پیاوانی بنەماڵەکەی، قبووڵی هەموو ناحەقیو بێ‌حورمەتییەك بەبێ ئەوەی هیچ ناڕەزایەتییەك دەربڕێ بەخاتری ڕاگرتنی حورمەتی بنەماڵە (پیاوان). ژنی باشو نەجیب شوناسی خۆی لەو سوننەتانەدا دەبینێتەوە. دەبێ هەموو دەرگاکانی ئازادیو مافخوازییەك لەسەر خۆی دابخاو هەموو خواستو ئارەزوویەك لە ناخی خۆیدا بخنکێنێ. ئەوانە یاساو ڕێسای ئیسلامیو پیاوسالارین دەبێ ژنان بەباشی بەڕێوەی بەرن، بۆ ئەوەی "نامووس" نەکەوێتە مەترسییەوە.

لەم کۆمەڵگایەدا لە لایەن پیاوێکەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەر ژنێك، بەڵام ئەوە هەر ژنەکەیە کە سزادەدرێ، چونکە کولتوورو یاساکە دەڵێ، ئەو ژنە بەباشی ڕێوشوێنە ئەخلاقییەکانی بەڕێوە نەبردون، بۆیە پیاو تەحریك بووەو ئەم تاوانە خوڵقاوە. بۆ پاککردنەوەی ئەو نەنگیەش لە داوێنی بنەماڵە دەبێ ژنەکە حوکمی کوشتنی لەلایەن پیاوانی بنەماڵەوە بۆ دەربچێ، ئەوجۆرە کوشتنانەش ناویان لێنراوە "پاراستنی شەرەفو نامووس"و، ئەوەش نەتەنیا لێپرسینەوەیەکی نیە، تەنانەت ئەوکەسانەی ئەو قەتڵانە دەکەن، زۆرجار لەم سۆنگەیەوە هەست بەسەربەرزی دەکەن، گۆیا بۆ پاککردنەوەی پەڵە لە داوێنی بنەماڵەکەیان ئەم ئەرکەیان بەجێ گەیاندوە. ئەم کولتوورە دزێوە وا ڕۆچۆتە نێو مێشكو بیری ئەندامانی کۆمەڵگەو جێی گرتوە، کە تەنانەت زۆر لە ژنان خۆشیان ئەو حەقەیان بەڕەوا زانیوە بۆ پیاوانی "نامووس پەرست". بەلای زۆربەی خەڵکەوە ئەم دیاردە شەرماوییە ئاسایی بووە. بۆیە تەنانەت زۆربەی ئەو کەسو لایەنانەی بانگەشەی ئازادیخوازیو کۆمەڵگایەکی مۆدێرن دەکەن، لەبەرامبەر ئەم چەشنە تاوانە سامناکەدا لە دەوروبەریاندا ڕوو دەدەن، خۆیان کەڕ کردوە. بەڕاستی دەبێ ئازادیخوازانو ڕووناکبیرانی کۆمەڵگای کوردستانیش" شەرەفو نامووس" لەچی‌دا ببینن؟ تۆ بڵێی ئەوانیش نامووس هەر لە جەستەی ژندا ببیننو ژن بە موڵکی پیاو بزانن، کەوا لەبەرامبەر ئەم کارەساتانەی بە ناوی "نامووس"ەوە بەسەر ژنانی کوردستان دێن بێ‌دەنگن؟

هەرچەند کوشتنی مرۆڤ ناڕەوایە، ژنکوژی بە ناوی نامووسپەرستییەوە پەڵەیەکی یەکجار ڕەشە بە داوێنی مرۆڤایەتییەوە.

لەم کوردستانەی کە ئێستا لەهەموو شوێنێکی دنیا زیاتر باسی دیموکراسی، مافخوازیو ئازادیخوازیو مرۆڤدۆستیو مۆدێرن بوونی تێدادەکرێ، ڕۆژ نیە ژنێك نەبێتە قوربانیی "نامووس پەرستی". بەڵام جارێك لە جاران نەماندی لەلایەن ڕێکخراوە سیاسی، کۆمەڵایەتییەکانو ئازادیخوازانو ڕووناکبیرانی کوردستانەوە، هەوڵێکی جیددی بدرێ بۆ مەحکووم کردنی ئەم جینایەتو پێشگیری لە دووپاتبوونەوەیان.

نەهێشتنی ئەم زوڵمە کە ڕوخساری کۆمەڵگەی ئێمەی ناحەزو بێزهەستێن کردوە، هەوڵی جیددیی هەموو لایەکی دەوێ. ڕێکخراوە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانو ناوەندو بنیاتەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ، ڕووناکبیرانو دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە بە خۆشییەوە ئەمڕۆ سەر لە سەدان دەدەن، پێویستە کار بکەن لە پێناوی وشیار کردنەوەی کۆمەڵگە بەرامبەر ئەم دیاردە نامرۆڤانەیە. کوشتنی ژنان لە ژێر ناوی پاراستنی نامووس، تاوانێکی دژی ئینسانییەو نابێ هەروا بە ئاسانی چاوپۆشیی لێ‌بکرێ.

# ئامانج و بنەماکانی سەرهەڵدانی فیمینیزم

**و: شنۆمێهرپەروەر**

**بەشی سێهەم**

بنەماکانی فمینیزمە ئیسلامییەکان:

پێویستە لە سەرەتادا باسی خوێندنەوەی فمنیزمە ئیسلامییەکان بۆ فمینیزم بکەین. بە بڕوای ئەوان فمینیزم بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی یەکسانیخوازە، نەك بزووتنەوەیەکی ئیدئۆلۆژیك. لەوە ڕاکە فمینیزم بەدەر لە لایەنگریی ئیدئۆلۆژیك نیە، دەتوانرێ بە پاراستنی پێناسەو شوناسی ئیسلامییەوە فمینیزم بێو هەم داکۆکیی لە مافو ئازادییەکانی ژنانیش بکا. ئەوان ڕەخنە لە فمینیزمی ڕۆژئاوایی دەگرنو بە پێشکەش کردنی ڕێکارێك بۆ هەموو ژنانی جیهان بە لەبەرچاو گرتنی مەرجی فەرهەنگی و ناوچەیی لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە جێبەجێ نابێ.

**خوێندنەوەی ئایین:**

فمینیزمی ئیسلامی، لە هەوڵی ئەوەدایە کە لە چوارچێوەی ڕێوشوێنە ئایینیەکاندا داکۆکی لە مافەکانی ژنان بکا. هێندێك، فمینیزمی ئیسلامی وا لێك دەدەنەوە، کە لەبواری یەکسانییو دادپەروەریی ڕەگەزی لە چوارچێوەی بایەخە ئیسلامییەکان دایە. بە شێوەیەکی گشتیی فمینیستە ئیسلامییەکان بەتایبەت فمینیستەکانی دەرەوەی وڵات، باوەڕیان بە جیایی دین لە سیاسەت هەیە بەڵام هێندێکیان بە ڕاشکاوی باس لەو مەسەلەیە ناکەن، بەڵام دەستیان داوەتە خوێندنەوەیەکی نوێ لە ئایین. کە بە ڕادەیەکی زۆر هاوتەریبی لە گەڵ فەرهەنگی نوێ مسۆگەر دەکا، خوێندنەوەیەك لە ئایین کە کاروباری کۆمەڵایەتی بە پێگەی هەڵسووڕانی بیرمەندانو کارێکی عورفی دەزانێ. لەمەڕا بۆمان دەردەکەوێ کە پاشگری ئیسلامی لە پاش وشەی فمینیزم، لە نێوەرۆکدا بەرتەسکت ناکاتەوەو سنوورت بۆ دیاری ناکا. واتە ئیسلامی بوونی فمینیزم بەو مانایە نیە کە لقە فمینیستییەکان هەموو ئامانجو ڕێکارەکانی خۆیان لە ئیسلام وەرگرتبێ. بەڵکوو نیشانەی بەدواودا چوونی ئامانجە فمینیستییەکانو ئەو ڕێکارانەیە کە خۆیان لەگەڵ ئەدەبیاتێکی تا ڕادەیەك ئایینی ڕێك دەخەن، نە ئەوەی کە ئایین بە پاڵوێنەی ئەندێشەی مرۆڤایەتی بزانن.

ئەم دەستەیە کە ئیشارە بە سێکۆلار بوون ناکەن، گۆرانکاری حکومگەلێ لە شەرعدا بە پێویستی بەدوادا چوون دەزاننو لەسەر ئەو بڕوایەن کە ڕوانگەکان لە حوکمە شەرعییەکانەوە بۆ مەبەستە ئایینیەکان بێو بەو پێیە دەبێ، سەرلەنوێ ڕاڤەی وانە ئایینییەکان بکەین.

**خوێندنەوەی یەکسانیو بەرامبەری:**

یەکسانی لە ڕوانگەی فمینیستە ئیسلامییەکانەوە، ڕێك هەر ئەو مانای وەکهەڤیو بەرامبەرییە دەبەخشێ کە ئەوان لە هەڵوێستەکانی خۆیاندا بۆ هەڵگرتنی سنوورەکانی نێوان دوو ڕەگەز ڕەچاویان دەکەن، واتە یەکسانی بەو مانایە کە لە نێوان دوو مرۆڤی هاورەگەزدا دێتە گۆڕێ، دەبێ هەر بەو واتایەش بۆ ژنوپیاو لەبەرچاو بگیردرێ.

هێندێك لە فمینیستە ئیسلامییەکان بە ئاشکرا ڕادەگەیەنن، کە جیاوازییە سروشتییە جێگیر بووەکانی نێوان ژنوپیاو نابێ ببنە هۆی جیاوازیگەلی شەرعیو حقووقی لە نێوانیاندا، دەبێ بڵێین یەکسانی بەو مانایەی سەرەوە، نەتەنیا پێگەیەکی ئایینیی نیە، بەڵکوو بەپێچەوانەی یاساو ڕێنماییە ئایینیەکانیشە.

ئەوەی ئایین پێی لەسەر دادەگرێ، دادپەروەریو ژنیش وەك پیاو، مرۆڤێکە کە خاوەنی لێهاتوویيو بەهرە مرۆڤانەیەکانە. خواوەند بەپێی حیکمەتی خۆی بۆ ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵگا هێندێك جیاوازیی لە خولقاندندا بۆ ژنوپیاو لەبەرچاو گرتووەو چاوەڕوانیی جۆراوجۆری لەم دوو ڕەگەزەش هەیەو ئەرکی جیاوازیشی بۆ دیاری کردون.

لەهەرحاڵدا ئەوەی کە لە پێگەی ئایینییەوە دەتوانرێ دانی پێدا بهێنرێ، هاوسەنگیو هاوترازییە نەك وێکچوونی فمینیستە ئیسلامییەکانی نێوخۆی وڵات خوازیاری دژە ژنی یان بەرامبەری لە هەموو بوارەکاندا نین، هەر بەم هۆیەوە پێداگری لەسەر پێگەی بەرزی ژن لە ماڵدا دەکەن، وبە بڕوای ئەوان ئامانجی بزووتنەوەی ژنان دەبێ لەگەڵ ڕۆڵەکانو ڕێزدانان بەرامبەر بە ئەرکە جیاوازەکانی ژنوپیاو بێ.

**خوێندنەوەی ئازادی:**



ئازادی، چەمکێکە کە فمینیستە ئیسلامییە توندڕەوەکان زیاتر لە سەری سوورن. لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئازادی پێوەندییەکی قووڵی لەگەڵ تاك تەوەریی بەمانا ڕۆژئاواییەکەی هەیەو لە کولتووری ڕۆژئاواوە هەڵهێنجراوە، لەم ڕوانگەیەدا، مرۆڤەکان ئازادن لەوەیکە بە نیازن بەڕێوەی ببەن تا ئەو ڕادەیەی کە ئازادی کەسانی دیکە پێشێل نەکەن. بەڵام پێداگریی فمینیزمە ئیسلامییەکان لەسەر پاراستنی بایەخە مەعنەوییەکان، ئەوان لە ڕوانگە لیبرالیستییەکان جیا دەکاتەوە، چوونە دەرەوەی ژن لە ماڵ بە ئیزنی مێرد هەم بەهۆی بەرتەسککردنەوەی ئازادیی ژنو هەم بەهۆی ئەوەی کە لەسەر بنەمای ڕەگەز و جیاوازیی دانەرانەیە، هەڵوەشاویە.

دەتوانی لەڕوانگەی فمینیستەکانی نێوخۆوە، باسی ئازادیی زیاتر لە پۆششی دڵخوازو پێویستیی چاکبوونی پێوەندیی بنەماڵەیی بناسی، دەنا ئەوان لە باسی تێئۆریکدا، نەکەوتوونەتە شرۆڤەکردنی چەمکێکی ڕاستو دروست لە ئازادی. بەبڕوای ئەوان ئەو حوکمانەی کە بە ڕواڵەت سنووردارو بەرتەسکراو دێنە بەرچاو، لە ڕاستیدا بەدوای پەرەپێدانی ئازادییە مرۆڤایەتییەکاندان. بۆ نموونە، حیجابو داپۆشین بە یەکێك لەو ڕێگایانە دەزانێ کە دەبێتە یەکێك لە کۆسپەکانی سەر ڕێی گەشەکردنو تێکەڵ بە کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا دەبێ.

**خوێندنەوەیەك لە بنەماڵە:**

فمینیزمی ئیسلامی پێداگری لەسەر پاراستنی بنەماڵەو ڕۆڵی دایکایەتیو ئەرکی ژن لەوێدا، دەکاو هەر بەم هۆیە دژایەتی لەگەڵ هۆمۆسێکسوال دەکاو لەم ڕوانگەوە بنیادی بنەماڵەو دایك لە بنەڕەتدا گیروگرفت خولقێن نیە، لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە لە بنەماڵەی نەریتی کە لەسەر بنەمای پیاو سالارییە، ڕەخنە دەگرن، ئامانجی ئەوان پێکهێنانی بنەماڵەیە لەسەر بنەمای بەرابەریی ڕۆڵەکانو دژایەتی لەگەڵ سەرپەرشتیی پیاو، ئەوان دێموکراسی لە بنەماڵەدا بە جێگرەوەیەکی گونجاو بۆ سەرپەرشتیی پیاو دەزانن.

**هەڵسەنگاندنی فمینیزمی ئیسلامی:**

لە زۆر بواردا فمینیزمی ئیسلامی، لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا یەك ناگرێتەوەو لە ڕوانگەی کۆمەڵگاوە وەلا نراوە، گیروگرفتی ژنان لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا لەلایەك بۆ کولتووری کۆمەڵایەتیو نەریتی نابەجێو دواکەوتوانەو بە ڕێكوپێك نەچوونی بەرنامە ئیسلامییەکان دەگەڕێتەوەو لەلایەکی دیکەشەوە بۆ شارەزا نەبوونی ژنان لە مافە کۆمەڵایەتیو ئیسلامییەکان. ژنان بەو هۆیەی کە کەرەستەو ئیمکاناتی پێویستیان بۆ بەڕێوەچوونی یاساکان لە دەستدا نیە، تووشی بێبەشیو چەوساندنەوە هاتوون. ئەوەش بەو مانایە نیە کە ژنی موسوڵمان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆی پەنا بۆ فمینیزم ببا، چونکە ئیسلام لە بواری نێوەڕۆكو بنەماوە زۆر دەوڵەمەندەو بۆ پاراستنی ڕێزو حورمەتی ژن،هیچ پێویستی بە فمینیزم نیە.

فمینیزمە ئیسلامییەکان لە جیاتی دۆزینەوەو چارەسەری مەسەلەو گیروگرفتەکانیتوێژی ژن، بە شوێن قەیران خولقاندنو پێکهێنانی دردۆنگی بۆ ژنانی موسوڵمانن.

فمینیزمی ئیسلامی، وەك بزووتنەوەیەك بە گشتی لە دوو لایەنەوە تەنگی پێهەڵچنەو ناتوانێ وڵامدەری پێویستییەکانی ژنانی موسوڵمان بێ. ١ـ لەبای ئەندێشەو ئیدئۆلۆژیو بناخەی زانستییەوە لاوازە. ٢ـ لە میکانیزمێکی گونجاوو وشیار بۆ هەڵوێست ناسی مەسەلە نوێیەکان بێبەشە، لەم ڕووەوە یان تەنیا بە هێنانی شتە گشتییەکان قەناعەت دێنێ، یان بە شێوەیەکی پاسێڤ قسەی خەڵکانی دیکە دووپات دەکاتەوە. بۆچوونی لایەنگرانی فمینیزمی ئیسلامی، باس لەوە دەکا کە ژمارەیەکی زۆر لەوان لە هەلومەرجیکۆمەڵایەتی، ئابووریو فەرهەنگیو گرووپە جۆراوجۆرەکانی ژنان، ناسیاریی باشیان نیە. دەبێ ئاگادار بین فمینیزمە ئیسلامییەکان کە بە دروشمی داکۆکی لە مافەکانی ژنی موسوڵمان هاتونەتە مەیدان لە هەڵسەنگاندنی مەسەلە حقوقییەکانی ژنان، گەڵاڵەکردنی مەسەلەو گیروگرفتەکانیان، ڕێگادۆزینەوەو چارەسەرکردنیان، نابێ وردەکولتورە ناوچەیی، زمانیو ئایینیەکان لەبەرچاو نەگیردرێن. ڕاستە کە فمینیزم لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان دا کەم تا کورتێك وەك دیاردەیەك سەری هەڵداوەو توانیویەتی ڕوانگەی کۆمەڵگا سەبارەت بە مەسەلەکانی ژنان تا ڕادەیەك بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، بەڵام دەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێ کە سنووری ئەم چالاکیيانە تا ئەو جێگایەیە کە هێڵەسوورە ئایینییەکان نەریتی کۆمەڵگا نەبەزێنێ. ژمارەیەك لە فمینیستە ئیسلامییەکان جیاوازییە بیۆلۆژیکەکانی ژنوپیاو بە ئاساییو سروشتی دەزاننو کاریگەریی ئەم جیاوازییانە لە هێندێك نموونەدا قەبووڵ دەکەن، ئەوان دەبێ سەرنجبدەنە کاریگەریی ئەم جیاوازییانەو ئەمە هەمان قبوولکردنی هاوسەنگیی نێوان پێکهاتنو تەشریعە، کەوابوو دەستێوەردانی ئایین لە بواری ژیانی مرۆڤ مەسەلەیەك نیە کە هیچ بیرمەندێكو شارەزاییەکی ئایینی، دژی بێ، چونکە چاکسازیی کۆمەڵگا لە بەرژەوەندییو بەختەوەریی ئەویشدا کاریگەرە، لەوەی کە لەنێوان دنیاو پەسڵاندا پێوەندییەکی قایمو پتەو هەیە، کاروباری کۆمەڵایەتیش لە چوارچێوەی دەسەڵاتی شەریعەت دایە.

**ژن لە ڕوانگەی ئیسلامەوە:**

ئیسلام وەك پیاو چاو لە ژن دەکا، کە سێ تایبەتمەندی هەیە وەك: بەرپرسیاریەتی، دەسەڵاتو پێگەیشتوویی. قورئان باس لە ژنانێك دەکا کە هاوقسەو نزیکی فریشتەکاننو جێی سەرنجی پێغەمبەرانن. ئەمەش سەلمێنەری کەسایەتیی بەرزو پیرۆزی ژنە، ژنوپیاو دوو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتینو خوازیاری پێوەندیگرتن لەگەڵ کەسانی دیکەن، تا لە سایەی ئەم پێوەندییەدا خەریکی بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکو خواستەکانیان بنو لە کۆتاییدا لە بوارگەلی جیاجیاوە گەشە دەکەن. لە کولتووری ئیسلامییدا هەرکام لە تاکەکانی کۆمەڵگا پێگەیشتوویی خۆیان لە پێگەیشتوویی کەسانی دیکەی کۆمەڵگا دەزاننو هەر بۆ ئەم مەبەستەش ئیسلام بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی زیندوو، لەسەر پێویستی هاوئاهەنگیو دۆستایەتی بەرامبەر لە پێوەندیدا، بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ ژنوپیادا پێیداگرتووە.

---

# لە قامووسی فیمینیزمدا

**وەرگێڕانی: ب.هانا**

(٢١)

**ڕەسەنایەتیی کردەوە**
**Activism**

بە گوێرەی ئەم بیردۆزە، کردەوەی شێلگیرانەو جیددی بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی، هۆکارێکە کە لە سیاسەتی هەڵبژاردن، کاریگەرترە. بیردۆزی باسکراو، هاندەری ئەو تێکۆشانە سیاسی یا سەمبولیکانەیە کە ڕاستەوخۆ بە دژی سەرکوتی ژنان دەوەستنەوە. بە شێوەیەکی گشتی، کردەوەگەریی فیمینیستی بەر لە داهاتنی تیۆریی فیمینیستی، لە دایك بووە، بەڵام دواتر، تیۆریی فیمینیستی بوو بە هۆی بەهێزبوونو نوێبوونەوەی.

کردەوەگەریی هاوچەرخی فیمینیستی، سوود لە چەند نەریت وەردەگرێ: بزووتنەوەکانی مافە مەدەنییەکانو بزووتنەوەکانی دژ بە شەڕ، کورتە مێژووی یەکیەتییە کرێکارییەکان، تیۆریی ئازادیخوازیو شانۆگەریو هونەرە ئیجراییەکانی دیکە.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، شەپۆلی دووهەمی فیمینیزم لەگەڵ هاتنە مەیدانی ئەو فیمینیستانەی لە پێشبڕکێیەکانی شای جوانانی ١٩٦٨دا خۆپیشاندانیان سازکرد، وەدیار کەوت.

لە فەرانسە، تیۆریی فیمینیستیی هاوچەرخ لە هەناوی خۆپیشاندانەکانی لایەنگری منداڵ لەباربردنو بە پشتیوانیی سیمۆن دوبوار، پشکووت، بە تایبەتی خۆپیشاندانی ١٩٧٠ کە لەودا تاجە گوڵینەیەك وەك دیاری بۆ "هاوسەری بێناونیشانی سەربازی ون" لە سەر گڵکۆی "سەربازی ون" دانرا. ئێستێ تیۆرییەکانی لایەنگری ئاشتی، بە هەنگاوەکانی ژنان لە گرووپی ئاشتیی "گرینهام کامن"دا پشت ئەستوورن.



**سووکایەتی Abjection**

ژولیا کریستووا لە [کتێبی] "هێزەکانی ترس" هەڵبژاردەیەك لە بارەی سووکایەتییەوە" (١٩٨٢)دا، بەم جۆرە بەڵگە دێنێتەوە کە تاك بۆ بەدەستهێنانی جێگەیەك لە نێو سیستمێکی سەمبولیكدا، دەبێ خۆی بەسەربەخۆ بزانێو هەر شتێکی کە هەڕەشە لە هەستی سەربەخۆییو خودی خۆی بکا، وەلای بنێ. لەگەڵ ئەمەشدا، سووکایەتی دەری دەخا کە کۆنترۆڵێکی ئەوتۆ، هەمیشە شتێکی ڕێژەییە. چونکە سەرنجەکان بۆ لای ناسەقامگیریی شوناس ڕادەکێشێو، هەموو ئەو شتانە وێنا دەکاتەوە کە تاك، بە ناخاوێنو پیسیان دەزانێ وەك: خواردن، پیسایی لەش، هێڵنجو ڕشانەوە کە وەبیر مرۆڤ دێننەوە ناتوانێ لە ڕەمەکە بایۆلۆژییە سەرەکییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی خۆی، ڕاکا.

کریستووا، سووکایەتی لەگەڵ سیستەمی هێما ناسانەو، بەم پێیە لەگەڵ ژندا، لە یەك ڕیزدا دادەنێو ئەمە، لێتێگەیشتنێکی زاتناسانەو ناراستەوخۆیە. سەرەڕای هەمووی ئەمانە، هونەرمەندانی فیمینیستی مۆدێرن کە جۆی سپێنسێر یەك لەوانە، زۆرتر ئەو بەرهەمانەیان خولقاندوە کە لە ڕایەڵو پۆی ئەوان دا ترسی سەرچاوەگرتوو لە سووکایەتی چنراوە بۆ ئەوەی بەرهەڵستی نواندنەوەی هەر شتێکی ژنانە بە شێوەی باو، ببنەوە.

**کتێبی "فرهنگ نظریەهای فمینیستی"**
**مەگیهامو سارا گەمبل**
**وەرگێڕان بۆ فارسی: فیروزە مهاجر، فرخ قرەداغی، نوشین احمدی خراسانی،**
**لاپەڕەکانی ٢١و ٢٥**

---

**بۆ هاوکاریی هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 447    22 Oct 2006

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com    http://www.pdk-iran.org    www.rdki.com

e- mail: info@kurdistanmedia.com    e- mail: pdkiran@club-internet.fr    e- mail: rdk_iran@yahoocom


## چیاکانی کوردستان

# ژاڵانی (ژاڵنی، ژالانە، داڵانی) ZHalani

ئەم چیایە کەوتۆتە کۆتایی باکووری ڕۆژئاوای هەورامان. لە ٣٥ کیلومیتریی شاری مەریوان، ٢٠ کیلۆمیتریی شارستانی سەوڵاوا (سروآباد)و لە باشووری ڕۆژئاوای گوندی دزلی لە هەورامانی تەخت، هەڵکەوتوە.

بەرزایی دوندی ئەم چیایە ٣٢٠٠ میترە. لە ترۆپکی ئەم چیایەڕا دەتوانی هێندێك بەش لە خاکی کوردستانی عێراق (دەشتی شارەزوورو هەڵەبجە)، شاری مەریوانو گۆلی زرێوار ببینی. ڕووەکی وەك: لۆ، بەنا، کەما، بەڕەزا، کەنگر، سووره هەڕاڵە، وەرکەمەر، هەلاڵە بەرمە، (شلێر)، چنوورو داری وەك ئارژەنگ، بەڕوو، بلچ، گێوژ، گوێنی، بەنو.... لەم چیایە بەرچاو دەکەون. هەروەها کەو، جۆرە جیاوازەکانی چۆلەکەو مار، گورگ، بزنە کێوی، هەلۆ، ڕێوی، ژوشك، کەروێشكو کیسەڵ لەو گیانلەبەرانەن کە لە چیای ژاڵانی بەدی دەکرێن. دوندەکانی دیکەی دەوروبەری ئەم کێوە بریتین لە: شرام، مەلەخۆر، قەرەخانی، کۆساڵان، شمشی. کەل (گەردەنە) ناوبەدەروەکانی [دەوروبەری ئەم چیایە] ئەمانەن: شمشی، مل ئەندوو، تەتەو لە هەموان گرنگتر برو داڵا.

ئاوەڕۆی ژاڵانی دەڕژێتە نێو سیروان. ئاوەڕۆی چی کانیاو چەمی ئەم چیایە هەیە، دەچێتەوە سیروانو لەوێشەوە تێکەڵ بە ئاوی دەربەندیخان لە کوردستانی عێراق دەبێ. "بل" بەناوبانگترین کانیی داوێنەکانی ئەم چیایە کە لە گوندی "هەجیج" هەڵکەوتووەو ئاوەکەی دەچێتەوە نێو سیروان. لە ڕۆژهەڵاتی ئەم چیایە دەتوانین دوڵی هانی گەرمەڵە، دۆڵی دەرەکی، دۆڵی کەماڵەو.... ناو ببەین. گوندەکانی دەوروبەری ژاڵانی، بریتین لە: دزلی (باکووری ڕۆژئاوا)، دەرەکیو دەمەوێ (باکوور)، کەماڵەو هەورامان (باکووری ڕۆژئاوا)و کەیمنە، بیرواس، دزئاوەرو هانیگەرمەڵە (لە باشوور). دیارە بیارەی کوردستانی عێراقیش هەر دەکەوێتە دەوروبەری ئەم چیایە.

لە دیمەنە جوانەکانی ژاڵانی، دەتوانین بەنداوی دەربەندیخان (لە ڕۆژئاوا)، هەڵەبجەی شەهید (لە باشوور)، خورماڵو دەشتی گەورەی شارەزوورو ئاواییەکانی بەرەکانی باشوورو ڕۆژئاوا ناو ببەین کە دیارە هەموو بەرزاییە جوانەکانی شاهۆو کۆساڵانیش دەبێ بەوانەوە زیاد بکەین. ووخانی شاخو بەسترانی ڕێگا شاخاوییەکان بە تایبەتی لە وەرزی سەرمادا، لەو مەترسییانەن کە ئەگەری ڕوودانیان هەیە.

چوار ڕێگا بۆ سەرکەوتن لە چیای ژاڵانی هەیە. یەکیان ڕێگای نەوسوودو نۆدشەیە کە دەچێتە سەر ترۆپکی چیایەکەو ماشێنی پێدا دەڕوا، ڕێگای دووهەم لە ئاوایی "هانی گەرمەڵە" دەست پێدەکاو بە کەیمنە"دا ڕادەبرێو دەچێتە دوندی "تەتە" کە ٦ کاتژمێر دەخایەنێت. لە هەموان گرنگتر، ئەو ڕێگایەیە کە لە "دزلی" را دەچێتە "دەمەوێ"، لەوێوە بۆ پاسگای ژاڵانی دەچێو سەرئەنجام دەگاتە دوندی "تەتە" کە لە ڕێگای پاسگا (سێڕێیانی هەورامان ـ دزلی)یەوە ٣ کاتژمێر دەخایەنێت. سێهەم ڕێگا لە پاوە بۆ نەوسوودە، لەوێوە بۆ بەرزاییەکانی شمشیو مل ئەندو دوایەو دەچێتە سەر دوندی "تەتە". چوارەم ڕێگاش لە پاوەوە دەچێتە ئاوایی "ورا"، بە نێو چەمی سیروان دا تێدەپەڕێو بە شاری نۆدشەدا دەڕواو دەچێتە بەرزاییەکانی داڵانی. ژاڵانی حەشارگەی نیەو لە باری ستراتیژییەوەش، هەڵکەوتێکی تایبەتی هەیە، چونکە هەورامانی تەختو هۆنو شارەکانی مەریوان، پاوەو نەوسوود لێك گرێ دەدا.



سەرچاوە: کتێبی "جلوەهای طبیعی کردستان، دفتر اول، کوهها"

ئامادە کردنی: ئەکبەر وەلەدبەیگی


# ٨٥٠ میلیۆن کەس لە خەڵکی جیهان برسین



سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە پەیامێکدا بە بۆنەی ١٦ی ئۆکتوبر (٢٤ی ڕەزبەر)، ڕۆژی جیهانیی خۆراك، گوتی هێشتا ٨٥٠ میلیۆن کەس لە جیهاندا بە دەست برسیەتیی بەردەوامەوە دەناڵێنن. کوفی عەننان داوای لە خەڵکی جیهان کرد بە هاوکاریی یەکتر هەوڵ بدەن ئەو ڕۆژە دابێ کە هیچ ژنو منداڵێك بە برسیەتی شەو نەکاتە ڕۆژ. لە پەیامی کوفی عەننان داهاتوە: جیهان زانستو سەرچاوەی پێویستی بۆ لەنێوبردنی ئەم برسیەتییە هەیەو دەتوانێ ئەم دیاردەیە بە مێژوو بسپێرێ، بەڵام ئەوەی پێویستمان پێیەتی بەرەوژووربردنی ڕادەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانە. سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە دوایین ڕۆژەکانی خۆی لەم پۆستەدا تێپەڕ دەکا گوتی: دەساڵ لەمەوبەر ڕێبەرانی جیهان لە کۆبوونەوەی جیهانیی خۆراك دا (ساڵی ١٩٩٦) بەڵێنیان دا ژمارەی ئەو کەسانەی لەگەڵ بەدخۆراکیی بەردەوام بەرەوروون تا ساڵی ٢٠١٥ کەم بکەنەوە. بەڵام هێشتا زۆر کار ماوە بکرێو بە میلیۆن مرۆڤ بە دەست بەدخۆراکییەوە، تووشی کوێری، هەڵدانی نارێکوپێكو نەخۆشییەکانی دیکەی تایبەت بە کەمیی خۆراك هاتوون

"اخبار روز"

# ئۆرهان پاموك، خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێلی ئەمساڵی کردە هی خۆی



ڕۆژی پێنج شەممە، ١٢ی ئوکتۆبر، ئاکادیمیای زانستەکانی سوئێد کە براوەی خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل هەڵدەبژێرێ، ڕایگەیاند کە خەڵاتی نۆبێلی ئەمساڵ (٢٠٠٦) دەدرێ بە ئورهان پاموك، نووسەری تورکی خەڵکی تورکیە. ئەم ئاکادێمیایە لەبارەی تێکۆشانە ئەدەبییەکانی ناوبراوەوە گوتی: ئەم نووسەرە تورکە لە پەسنی شاری زێدی خۆیدا، سەمبولی نوێی بۆ دەربڕینی "بەرامبەریو تێکچڕژاویی کەلتوورەکان" دۆزیوەتەوە.

ئورهان پاموك ساڵی ١٩٥٧ لە بنەماڵەیەکی دەسترۆیشتووی شاری ئەستانبول لەدایك بووەو دوای تەواوکردنی قۆناخی ناوەندیی خوێندن، لەپێشدا لە لقی بیناسازیی کۆلیژی پیشەسازیی ئەم شارەدا خوێندیو دوایە لقی ڕۆژنامەنووسیی هەڵبژارد.

پاموك ساڵی ١٩٧٤ نووسەریی وەك پیشەیەك هەڵبژارد. یەکەمین ڕۆمانی ناوبراو بەناوی "تاریکیونوور"، خەڵاتی ئەدەبیی بنیاتی چاپەمەنیی "میللییەت"ی لەساڵی ١٩٧٩دا، وەرگرت. ساڵەکانی دواتر ئورهان پاموك زۆر خەڵاتی جۆراوجۆری ئەدەبیی تورکیەو هێندێك وڵاتی دیکەی جیهانی کردە هیخۆی. هێندێك لە ڕەخنەگرانی تورك پێیان وایە ئەم نووسەرە سەر بە قوتابخانەی پۆست مۆدێرنیزمە.

پاموك بەبۆنەی دەربڕینی ژمارەیەك لە بیروبۆچوونە سیاسییە کێشەخوڵقێنەنی بەناوبانگە. یەکێك لە بۆچوونەکانی لەبارەی کوشتاری ئەرمەنییەکانی دانیشتووی تورکیە لە ماوەی ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی دایە. هەروەها ڕەخنەگرتنی لە قەڵاچۆی بەربڵاوی کوردەکانی تورکیە کە بوو بەهۆی ئەوە ناسیونالیستە توندڕەوەکانی تورك لە ساڵی ٢٠٠٥ تاوانی بدەنە پاڵو لەدژی ناوبراو سکاڵا بەرزبکەنەوە. لێپچانەوەی ئەم نووسەرە تورکە، لەگەڵ ڕەخنەو نارەزایەتی بەتایبەتی لە دەرەوەی تورکیە بەرەوروو بووو ئەم ڕەفتارە بەدژی ئازادیی بیروڕا دەربڕین دانرا. هەربۆیە دادگا لە ساڵی ٢٠٠٦دا، لێکۆڵینەوەی قانوونی لەم نووسەرەی ڕاگرتو وازی لە پەروەندەکەی هێنا.

ژمارەیەك لە ڕۆمانەکانی ئورهان پاموك بریتین لە: "قەڵای سپی"، "کتێبی ڕەش"، "ژیانی نوێ"، ئەمن ناوم سوورە"و "بەفر". ئەم ڕۆمانانەی بۆ سەر هێندێك زمانی دیکەو یەك لەوان ئینگلیزی، وەرگێڕدراون.

BBC Persian





## فیدراڵیزم

### جیاوازی دەسەڵاتی قانووندانان و مەجلیسی موئەسیسان لە سیستمی فیدراڵیدا

لە وڵاتی فیدراڵدا هەمیشە ئەوەی دەسەڵاتی دانانی قانوون هەیە، جیاواز لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی دانانی قانوونی ئەساسی هەیە. قانوونی ئەساسیی هەمیشە لە لایەن خەڵکەوە دادەنرێ. خەڵکیش لە دوو ڕێگاوە دای دەنێ: یان بە هەڵبژاردنێك یا کۆبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ، بۆ خۆیان قانونێکی ئەساسی دادەنێن. یان ئەگەر ئەوە ئیمکانی نەبوو هەیئەتێك بە ناوی هەیئەتی موئەسیسان یان مەجلیسی موئەسیسان پێك دێنن. ئەم مەجلیسە قانوونی ئەساسی دادەنێ. بەم جۆرە خەڵك بە هەڵبژاردنی چەند کەسی پسپۆڕو شارەزا لەم بوارەدا دەستەیەك دروست دەکەن کە قانوونی ئەساسی دادەنێ. بەڵام لەبارەی دەسەڵاتی یاسادانان (قوە مقننە)وە و دانانی یاسا لە دەوڵەتی فیدراڵدا زۆرجار دوو مەجلیس یان دوو ئەنجومەن هەیە. بۆ ئەم مەبەستە وڵاتانی ئەمریکا، سویس، ئەڵمان و یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو بە نموونە دێنینەوە. لە ئەمریکا پارلمانی ناوەندی، دەسەڵاتی یاسا دادەنێ کە پێی دەگوترێ کونگرەی ئەمریکا. کونگرەی ئەمریکا لە دوو مەجلیس پێك دێ مەجلیسێکە، مەجلیسی گەلی پێدەگوترێ، واتە ئەوەی لە نوێنەرانی هەموو خەڵکی ئەمریکا پێك دێ، ئەم مەجلیسە بە گوێرەی ڕادەی حەشیمەت بە هەڵبژاردن دیاری دەکرێ. بۆ وێنە هەردوو سەد هەزار کەس ئەندامێك هەڵ دەبژێرێ. واتە بە پێی ژمارەی خەڵك ئەو مەجلیسە دروست دەبێ. مەجلیسی دووهەم ویلایەتەکانە. لە ئەمریکا پێی دەڵێن مەجلیسی پیران (سەنا). ئەم مەجلیسە لە نوێنەرانی ویلایەتەکان پێك دێ. هەر ویلایەتەی ٢ نوێنەری هەیە ...و ویلایەتەکان حەشیمەتیان چ کەم بی یان چ زۆر بێ، چ گەورەبێ چ بچووك هەموویان ٢ ئەندامیان هەیە... بۆ؟ چونکە ئەگەر بە قانوونی ئەساسیدا چوونەوە یا ویستیان بیگۆڕن، ویلایەتە گەورەکان نەتوانن زوڵم لە ویلایەتە چووکەکان بکەن. لە وڵاتی سویسیش هەروایە.

باسێك لەسەر فیدراڵیو کونفدراڵی، د. عەبدولرەحمان، مامۆستای یاساو ڕامیاری لە زانکۆی صلاح دین، گۆڤاری تیشك ژمارە ٤

## بەر لەماڵاوایی

# ١٠ ساڵەی تاوانێکی پڕشوورەیی لە دژی حیزبی دێموکرات

قادر.وریا

لە کۆتاییەکانی ڕەزبەری ساڵی ١٣٧٥دا، ٧ تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە ناوەکانی ارشد رضایی، محمد عزیز قادری، داریوش اسلامدوست، یونس محمدپور، عدنان اسماعیلی، مظفر کاظمیو معروف سهرابی کە لە ناوچەی هەورامانی کوردستانی ئێران دەگەڕانەوە، لە نزیك شاری هەڵەبجە، لەلایەن چەکدارەکانی "ڕێکخراوی بزووتنەوەی ئیسلامی" گیرانو بە دەمو چاوو دەستو پێ بەستراویتەحویلی دەزگای جاسووسیو سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لە ئوستانی کرماشان درانەوە. ئەوان بەو هۆیەوە کە خۆیانو حیزبەکەیان هیچ دوژمنایەتییەکیان لەگەڵ ڕێکخراوی ناوبراو نەبووو هەروەها چونکە بە ڕاستی پێیان وانەبوو ڕێکخراوێکی سیاسیی داواکاری ئیسلامەتی کە لافی کوردایەتیو خزمەت بە گەل لێ دەدا، ئامادە بێ کۆمەڵێك تێکۆشەری ڕێگای ئازادی، بە فێڵو پیلان قۆڵبەست بکاو بۆ پووڵو ئیمتیازی ناڕەوا، بە کۆماری ئیسلامی بیانفرۆشێ، بە هاسانی کەوتنە نێو داوی چەکدارەکانی ڕێکخراوی ناوبراو. ئەم هاوڕێیانەمان بێگومان بە مێشکیشیاندا نەهاتوە، ئەو کەسانەی لە یەکەم دیداردا بە ڕووی خۆشو بە زمانی لووس بەخێرهاتنیان دەکەنو وەك میوان بەرەو بنکەکەیان ڕێنوێنییان دەکەن، چەند سەعاتیتر، یەك بە یەك بۆ ژوورێکی دیکە بانگیان دەکەنو بە چەند کەس سواری سەریان دەبنو دەستو دەمو لاقیان دەبەستنو دەیانخەنە نێو تەلیسو لەسەر قەرارو تەونو بەستی پێشوو، وەك نێچیرێکی بەقیمەت تەحویلی ئینسانکوژەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان دەدەنەوە.

ئەگەر "ڕێکخراوی بزووتنەوەی ئیسلامی" ئەم تاوانە پڕشوورەییەی چەکدارەکانی خۆی مەحکووم کردباو تاوانبارانی سزا دابا، دەکرا ئەم تاوانە بە حیسێبی هێندێك کەسی سەر بە ڕێکخراوەکە کە بێ ڕێنوێنیو ڕەزامەندیی سەرکردایەتیی ڕێکخراوی ناوبراو ئەم کردەوەیان ئەنجام داوە، دابنێین. بەڵام هەڵوێستو ڕەفتاری ڕیبەرایەتیی ڕێکخراوی بزووتنەوەی ئیسلامی بە دوای ئەم تاوانەدا، دەری خست کە "ئاو لە سەرچاوەوە لێڵە" و بزووتنەوەی ئیسلامی لە تەواوەتیی خۆیدا لەم ئینسان ڕفاندنو فرۆشتنە، بەرپرسیارە.

٣ساڵ لەمەوبەر، ڕێژیمی ئینسانکوژو دژ بە کوردی کۆماری ئیسلامی، لەژێر گوشاری دۆستانی گەلی کورد و حیزبی دیموکرات دا، سەرەنجام وێڕای داننان بە شەهیدکردنی ٦ کەس (*) لەو هاوڕێیانەماندا، هەر لە ساڵی یەکەمی گیرانیان دا پەردەشی لەسەر هاودەستیی تاقمی بزووتنەوەی ئیسلامی لەم تاوانەدا، لادا و، تەنانەت کوشتنەکەی خستە ملی تاقمی "بزووتنەوە". بەڵام میراتگرانی ئەو تاقمە، دیسانیش حاشایان لە ئەنجامدانی ئەم تاوانە کرد و خۆیان لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بوارد کە بۆچی و لە پێناوی چیدا ئەوخزمەتەیان بە کۆماری ئیسلامیو ئەو خەیانەتە گەورەیان بە حیزبی دێموکراتو گەلی کورد کرد؟ ئایا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو خەڵکی کوردستانی ئێران، دوژمنایەتیی ئەوانیان کردبوو و شەڕیان لە دژی ڕاگەیاندبوون؟ یا ئەوان خۆفرۆشتنو خزمەت بە ڕێژیمی ئێرانیان بە ئەرکێکی ڕێکخراوەییو ئایینیی خۆیان دەزانی؟ حیزبی دێموکرات تا ئەوکات هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئەو تاقمەدا نەبووو کاری بەسەر کاریەوە نەبوو. کەواتە مەسەلەکە خۆشخزمەتی بە ڕێژیمی ئێران بوو، جا چ لە پێناوی دەسکەوتی ماددیدا بووبێ، چ لەبەر "هاوپەیمانەتیی سیاسی"و بوونی ئەو ڕێکخراوە وەك کلکی دەزگای تیرۆرو جاسووسیی ئەو ڕێژیمە، شتێك لە مەسەلەکە ناگۆڕێ.

میراتگرانی "بزووتنەوەی ئیسلامی" کە بە حەق شایانی ناوی "ئینسانفرۆشەکانی ئەم سەردەمە"ن، دەبێ بزانن بە تێپەرینی زەمەن، بەرپرسایەتیی ئەنجامدانی ئەو تاوانە گەورەیەیان لە کۆڵ نابێتەوە . بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان، حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانو کۆڕو کۆمەڵەو ناوەندە مرۆڤدۆستەکانو لە سەرووی هەموانەوە ئەو هێزو لایەنانە کە تاقمێکی ئینسانفرۆشو کلكو هاودەستی دەزگای تیرۆرو ئینسانکوژیی کۆماری ئیسلامی، لە سێبەری دەسکەوتەکانی خەباتی ئەواندا، درێژە بە مانەوەی خۆی دەدا، نابێ بێڵن ئەو تاوانە تۆزی فەرامۆشیی لێ بنیشێ. ناکرێ چەپەڵترین تاوانەکان، ئەویش دەرحەق بە ڕۆڵە دێموکراتو نیشتمانپەروەرەکانی گەلی کورد کە وەك میوان لەسەر خاکی ئەم بەشەی کوردستان دەژین، لە ژێر ناوی "ئیسلامی"و "تیکۆشانی سیاسی"دا بەڕێوە بچنو، ئەنجامدەرانو بەڕێوەبەرانیان، لە لێپرسینەوەی سیاسیو ئەخلاقیو سزای دادپەروەرانە، "مصون" (پارێزراو) بمێننەوە.

تاوانی ئینسانفرۆشانەی "بزووتنەوەی ئیسلامی" ئەوەندە گەورەیە کە مێژووی کورد هیچ کات لێی نابوورێ. خەمی سەرچاوەگرتووش لەو تاوانە، لەسەر دڵی هەموو مرۆڤە بە ویژدانەکان هەروا قورسایی دەکا هەتا ئەوکاتەی بەڕێوەبەرانو ئەنجامدەرانی تاوانەکە دەدرێنە دەستی عەداڵەت.

(*) یەکێك لەو ٧ کەسە بە ناوی داریووش ئیسلامدوست، ٧ مانگ دوای تەحویلدرانەوە بە کۆماری ئیسلامی، لە کاتێکدا دەزگای تیرۆرو جاسووسی ئەو ڕێژیمە بۆ جێبەجێکردنی پیلانێکی تیرۆریستی هێنابوویانەوە بۆ کوردستانی عێراق، لە دەرفەت کەڵکی وەرگرتو خۆی ڕزگار کردو ئێستا لە سوئێد دەژی.